زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا (1974ـ1970)

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر
وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا


لەلایەن
**ئاگرین شەوکەت هادی قادر**
بەکالۆریۆس لە زانکۆی سەلاحەددین ـ 2011


بە سەرپەرشتیی
**پ. ی. د. نەریمان عەبدوللا خۆشناو**

أربيل ـ کوردستان
ئەیلوول 2016

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم، ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا (1970ـ1974) )، هەمووی کاری تاکەکەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردوون، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمن و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردوونەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردوون، بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: ئاگرین شەوکەت هادی قادر

ڕێکەوت:2016/7/24

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی زمان (زمانەوانی کارەکی). من پشتگیری دەکەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆکردن بکرێت.

ناو: پ.ی.د. نەریمان عەبدوللا خۆشناو واژوو:

ڕێکەوت: 2016/7/24

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێکراون، هەروەها بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت، من ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو:

ناو : م. شکر محمد صالح

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: **2016/7/24**

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێکراون، بۆیە ڕازیم ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

واژوو:

ناو: د. هلز عنتر ولی

ڕێکەوت:

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە لیژنەی گفتوگۆکردن، ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانی بریتییە لە: (وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا (1974ـ1970) )، خوێندەوە. قوتابییەکەمان کە ناوی (ئاگرین شەوکەت هادی قادر)مان، لە ناوەرۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین، کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی زمان(زمانەوانیی کارەکی) تێدایە.

واژوو:
ناو: پ.د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی
ئەندام
ڕێکەوت:

واژوو:
ناو: پ.ی.د. ئیبراهیم قادر محمد
ئەندام
ڕێکەوت:

واژوو:
ناو: پ.ی.د. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت:

واژوو:
ناو: پ.د. وریا عومەر ئەمین
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت:

واژوو:
ناو: پ.ی.د. هیمداد عبدولقهار محمد
ڕاگری کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
ڕێکەوت:

## پێشکەش

* پێشکەشە بەو دوو مرۆڤە میهرەبانەی، کە منیان فێری هەوڵدان و کۆڵنەدان کرد، دایک و باوکم.

* پێشکەشە بە کلوە بەفرێک کە لە تەمەنم توایەوە، کەسێک لە خۆم خۆشترم دەوێت و لێرەوە پێت دەڵێم هەرگیز لەبیرت ناکەم ، جوانەمەرگی برام (ئاکام).

* پێشکەشە بە خوشک و براکەم (ئاشنا، مازن).

* پێشکەشە بە هاوسەری ژیانم و کچەکەم (هەنی).

**ئاگرین**

# سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ:

* پەروەردگاری میهرەبان ئەو تەمەنەی بە من بەخشی، بۆ ئەوەی توێژینەوەیەک پێشکەش بە بواری زمانەوانی لە هەرێمی کوردستان بکەم.

*مامۆستای سەرپەرشت بەڕێز (پ.ی.د نەریمان عەبدوللا خۆشناو)، کە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە.

* بەڕێزان (د. کاوە شێروانی، مومتاز حەیدەری، کاوە عومەر حەمەد، حیدر صابر حسن و ئیحسان صابر شەفیق)، لە ڕووی دابینکردنی سەرچاوە و تێبینییە گرنگەکانیان یارمەتییاندام.

* سوپاسی کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی سەلاحەددین، کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، کتێبخانەی گشتیی هەولێر دەکەم، کە زۆر هاوکارم بوون.

**توێژەر**

# پوختە

ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی (وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا (1974-1970)، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاریی مێژووییە، بەشێوەیەکی گشتی باس لە کردەی وەرگێڕان لای کورد لە باشووری کوردستاندا دەکات، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵ و یەکێتییانەی دوای ڕێککەوتننامەی (11)ی ئاداری (1970) دامەزراون، وەک:- (کۆڕی زانیاری کورد، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، یەکێتیی نووسەرانی کورد، دەزگای ڕۆشنبیری کوردی، بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی)، هەر یەکە لەم کۆمەڵانەش گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان دەرکردووە، بۆیە ئێمە دەمانەوێت ڕۆڵی ئەو کۆمەڵە و یەکێتییانە لە کردەی وەرگێڕاندا بخەینەڕوو، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو هەڵە زمانییانەی لە بابەتە وەرگێڕدراوەکاندا بەرچاو دەکەون، کە ئەوانیش لە ڕووی (ڕێنووس، وشەسازی، ڕستەسازی)یەوەن.

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی هەیە، وەکو ئەو کەسانەی بابەتەکانیان وەرگێڕاوە، ئاخۆ کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بوون؟ نووسەرانی کورد زیاتر لە چ بوارێک بەرهەمیان وەرگێڕاوە؟ لەو ماوەیەدا بابەتەکان لەلایەن دەستەیەکی ڕێکخراو وەرگێڕدراون؟ بابەتە وەرگێڕدراوەکان لە چ زمانێکەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون؟ مێژووی وەرگێڕان لە باشووری کوردستان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ لە ڕابوردوودا نووسەرانی کورد چۆن لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە خزمەتییان بە زمانی کوردی کردووە؟ لە هەمووشی گرنگتر بابەتە وەرگێڕدراوەکانی قوتابخانەکان دەخەینە ڕوو، کە ئەم ئەرکەش بە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی سپێردرا بوو، ئەو بەرهەمە وەرگێڕدراوانەش ڕەنگدانەوەی ژین و ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بوون؟ ئەو کێشە وگرفتانە کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە چین؟ پرۆسەی وەرگێڕانی پەرتووکی قوتابخانەکان چۆن بەڕێوە چووە؟

باسەکە لە چوار بەشی بنەڕەتی پێکهاتووە، بەشی یەکەم: چواچێوەی پلانی باسەکەی تێیدا تاوتوێکراوە، بەشی دووەم: بۆ تاوتوێکردنی چەمک و پێناسە و گرنگیی، جۆرەکان، شێوەکانی، کێشەکان، تیۆرەکانی وەرگێڕان و خەسلەتەکانی وەرگێڕ تەرخانکراوە، بەشی سێیەم: تایبەتە بە باسکردنی ڕێککەوتننامەی (11)ی ئاداری (1970) و کۆمەڵە و یەکێتییەکان، ئینجا خستنەڕووی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ماوەی ساڵانی (1970- 1974) دەستنیشانکردنی بابەتە وەرگێڕراوەکان. بەشی چوارەم: پەیوەستە بە (هەڵە زمانییەکانی بابەتە وەرگێڕدراوەکان)، دواتر باس لە دەرئەنجام و پێشنیازەکان کراوە.

## ناوەڕۆک


| لاپەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| II | بەڵێننامەی قوتابی |
| III | پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت |
| IV | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن |
| V | پێشکەش |
| VI | سوپاس و پێزانین |
| VII | پوختە |
| VIII | ناوەرۆک |
| X | لیستی کورتکراوەکان |
| 1-2 | پێشەکی |
| 3-9 | بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە |
| 3 | یەکەم:ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە |
| 3 | 1.1:کێشەی توێژینەوەکە |
| 3 | 2.1: گرنگیی توێژینەوەکە |
| 3 | 3.1: ئامانجی توێژینەوەکە |
| 4 | 4.1: پرسیاری توێژینەوەکە |
| 4 | 5.1: ڕێبازی توێژینەوەکە |
| 4 | 1. 6: سنووری توێژینەوەکە |
| 5 | 7.1: توێژینەوەکانی پێشوو |
| 9 | دووەم: هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی پێشوو |
| 11 - 48 | بەشی دووەم: کردەی وەرگێڕان |
| 11 | 1.2 : چەمک و پێناسەی وەرگێڕان |
| 17 | 2.2: وەرگێڕان لەنێوان هونەر و زانستدا |
| 18 | 3.2: بایەخی وەرگێڕان |
| 19 | 4.2: زمان و وەرگێڕان |
| 22 | 5.2: خەسڵەتەکانی وەرگێڕ |
| 23 | 6.2: بیردۆزەکانی وەرگێڕان |

| | |
|---|---|
| 26 | 7.2: جۆرەکانی وەرگێڕان |
| 29 | 8.2: بنەماکانی وەرگێڕان |
| 32 | 9.2: کێشەکانی وەرگێڕان |
| 46 | 10.2: مێژووی وەرگێڕان لای کورد |
| 49-98 | بەشی سێیەم: وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا (1970 – 1974) |
| 49 | 1.3: ڕێککەوتننامەی (11)ی ئاداری (1970) |
| 53 | 2.3: بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی |
| 62 | 3.3: کۆڕی زانیاری کورد |
| 65 | 4.3: یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان |
| 77 | 5.3: یەکێتیی نووسەرانی کورد |
| 86 | 6.3: کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد |
| 91 | 7.3: بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆشنبیری کوردی |
| 99-131 | بەشی چوارەم: بزاڤی وەرگێڕان لە ڕووی زمانییەوە |
| 99 | 1.4: وەرگێڕان لە ڕووی ڕێنووسەوە |
| 119 | 2.4: وەرگێڕان لە ڕووی وشەسازییەوە |
| 127 | 3.4: وەرگێڕان لە ڕووی ڕستەسازییەوە |
| 132-133 | ئەنجام و پێشنیاز |
| 132 | یەکەم: ئەنجام |
| 133 | دووەم: پێشنیاز |
| R134 | سەرچاوەکان |
| A169-A142 | پاشکۆ |
| A | پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی |

# لیستی کورتکراوەکان

| کورتکراوە بە زمانی کوردی | واتاکەی |
|---|---|
| ژ | ژمارە |
| و | وەرگێڕ |
| چ | چاپخانە |
| ل | لاپەڕە |
| گ | گۆڤار |
| ب.ن.ن | بەبێ ناوی نووسەر |
| ڕ | ڕۆژنامە |
| س | ساڵ |
| ن | نووسەر |

# پێشەکی

وەرگێڕان لە دونیای ئەمڕۆدا بۆتە پێداویستییەکی ژیاریی و شارستانیی، وەرگێڕان پردێکە، کۆمەڵگەکان بەرەو دونیای مۆدێرن دەپەڕنەوە، ئەگەر سەیری مێژووی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و پەرەسەندووەکانیش بکەین، دەبینین یەکێک لە کۆلەکە سەرەکیەکانییان لە بنیاتی بزاڤی ڕابوون و بوژاندنەوەی کەلتوورییاندا، لەڕێگەی وەرگێڕانەوە بووە، لەم ڕێگەیەوە بە مێژوو و ئاسەوارە فیکری و فەلسەفی و هونەری و ئەدەبییەکانی ئەوانیتر ئاشنا دەبین، وانەی فیکری و داهێنانی لێوە فێر دەبین، دەبنە فاکتەرێک لەو فاکتەرانەی لە بنیاتی گوتاری کلتووری و ڕۆشنبیریماندا یاریدەدەرمان بن.

ئەگەر ئێمە باوەرمان بەوە هەبێت، ئەم سەردەمە سەردەمی گفتوگۆی نێوان کلتوورەکانە و سەردەمی کرانەوەیە بەڕووی کلتوورەکانی تردا، ئەوا لە پێویستی کردەی وەرگێڕان تێدەگەین. ناسینی بەرانبەرمان وامان لێ دەکات خۆمان بناسین و بە گوتاری خۆماندا بچینەوە، لە جوغزی داخران دەرچین، سەردەمی گۆشەگیریی کلتووری بەسەرچوو، ئەمڕۆ لە سای بەجیهانیبوونیشدا تا دێت پتر کلتوورەکان نەک هەر دەرگا و پەنجەرە لە یەکتر دەکەنەوە، بەڵکو بەرەو جۆرێک لە ئاوێتە بوون دەچن.

کوردیش لەم بوارەدا زۆر درەنگ بە ئاگا هاتۆتەوە، لە کۆمەڵگا و میللەتانی دی بایەخ بە پرۆسە و بزاڤی وەرگێڕان بدەین، بزاڤی وەرگێڕان لە کوردستاندا هێشتا لە سەرەتا دایە و ڕێگەیەکی دوور و درێژی بێکۆتاییمان لەبەردەمدایە، بەڵام ئەوەش ناکاتە ئەوەی لە ئاستی ئەم بەرپرسیارەتییە ژیارییەدا بێدەنگ بین و نەجووڵێن، ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەست بە سەرهەڵدانی سەرەتایەک بۆ بزاوتی وەرگێڕان دەکەین، لەمەشدا چەند دەزگایەک و کۆمەڵێک وەرگێڕ ڕۆڵیان هەیە، بەڵام ڕەنگە تا ئێستاش کەمترین قسە لەسەر خودی پرۆسەی وەرگێڕان و کێشە و گرفتەکانی لە کوردستان کرابێت.

نووسەرانی کورد لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە خزمەتێکی بەرچاوی زمانی کوردییان کردووە، بە تایبەتی دوای ڕێککەوتننامەی (11) ئادار ئەم پرۆسەیە گەشەسەندنی بە خۆیەوە بینیووە.

ئەم توێژینەوەیە باسی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا لە ماوەی ساڵانی (1970 – 1974)دا دەکات، کە لە چوار بەش پێکهاتووە:-

بەشی یەکەم چوارچێوەی توێژینەوەکەیە، لە چەندین تەوەر پێکهاتووە، بریتین لە ڕەهەندەکانی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو و چەمکەکانی توێژینەوەکە.

بەشی دووەم لایەنی تیۆری لەخۆدەگرێت و لە چەند تەوەرێک پێکدێت، وەکو چەمک و پێناسەی وەرگێڕان، وەرگێڕان لە نێوان هونەر و زانستدا، گرنگیی وەرگێڕان، خەسڵەتەکانی وەرگێڕ ، هەر لەم بەشەشدا باس لە تیۆرەکانی وەرگێڕان و کێشە و جۆر و شێوەکانی وەرگێڕان کراوە.

بەشی سێیەمیشدا باس لەو یەکێتییانە کراوە، کە لە ماوەی سالآنی (1970–1974)دا دامەزراون، هەر یەکێک لەم یەکێتییانە گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان هەبووە، تیشک خراوەتە سەر یەکە یەکەی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە، ڕۆڵیان لە کردەی وەرگێڕاندا هەبووە.

بەشی چوارەم باس لە کێشە و کەموکووڕی زمانییەکانی بابەتە وەرگێڕدراوەکان، بە تایبەتی لە ڕووی (ڕێنووس و وشەسازی، ڕستەسازی)یەوە کراوە.

لە کۆتاییدا ئەنجام و پێشنیازەکان دێن، دواتریش سەرچاوە و پاشکۆکانمان دێت، ئینجا کورتەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کراوە.

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی توێژینەوەکە

یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

1.1: کێشەی توێژینەوەکە

2.1: گرنگیی توێژینەوەکە

3.1: ئامانجی توێژینەوەکە

4.1: پرسیارەکانی توێژینەوەکە

5.1: ڕێبازی توێژینەوەکە

6.1: سنووری توێژینەوەکە

دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

سێیەم: هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی پێشوو

# 1. ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

## 1.1: کێشەی توێژینەوەکە:-

کردەی وەرگێڕان ڕەگ و ڕیشەی لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا داکوتاوە، چونکە بە پرۆسەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ سوودوەرگرتن لە گەلانی تر، لەڕووی تێگەیشتن لە بیروبۆچوون و سوودوەرگرتن لە زانست و زانیاری گەلانی تر، بەردەوام لە گەشەسەندایە و پێگەی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەهێزە و لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئێستا هێندە گرنگیی بە بواری وەرگێڕان نەدراوە، لە ڕابوردوو و ئێستاکەشدا ناوەندێکی ئەکادیمیمان نییە تاوەکو هەوڵ بدات سوود لە زانیاری و شارەزایی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرین. لەڕێگەی ئەم باسەدا باسی کردەی وەرگێڕان لە ماوەی سالآنی (1970- 1974) بکەین، تاوەکو سەرەتای دەستپێکردنی وەرگێڕان لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا بزانین، تاوەکو ئێستاکە توێژینەوە بۆ زانینی ڕۆڵی کورد لە کردەی وەرگێڕاندا نەکراوە، یان زانینی ئەو بابەتانەی وەرگێڕدراون، تاوەکو بزانین زمانەکەمان لە چ ڕوویەکەوە خزمەتکراوە و چ بابەتێکمان بۆ داهاتوو پێویستە، تاوەکو وەریبگێڕین، ئەو هەڵە و کەموکووڕیانە چین، لەم ماوەیەدا کراون و هەبوون، تاوەکو ئێمە لە کاری داهاتوومان سوودیان لێ وەربگرین.

## 2.1: گرنگیی توێژینەوەکە:-

کردەی وەرگێڕان لەلای کورد تاوەکو ئێستاکە نەبۆتە کلتوور، تا لەم ڕێگەیەوە خزمەت بە زمان و بوارە جۆربەجۆرەکانی تری ژیان بکەین، کورد لەڕووی پێشکەوتنەوە نەگەیشتووە بە وڵاتانی پیشکەوتوو، بۆ ئەوەی لە کاروانی پێشکەوتن دوانەکەوین، دەبێت لەڕێگەی وەرگێڕانەوە ئاشنای زانست و زانیاری و سەرجەم کایەکانی تری ژیانی میللەتانی تر ببین و لەو بوارانەدا بابەت وەربگێڕین، کە ئێمە پێویستمان پێیەتی، لە لایەکی تریشەوە زۆر لە شارەزایان و مامۆستایان ڕەخنە لە کتێبخانەی کوردی دەگرن، لەڕووی سەرچاوەوە هەژارە، هۆکاری ئەمەش بۆ سستی بواری وەرگێڕان لەلای میللەتی کورد دەگەڕێنینەوە، بۆیە ئێمە دەمانەوێت لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیە خزمەت بە کتێبخانەی کوردی بکەین.

## 3.1: ئامانجی توێژینەوەکە:-

1. زانینی مێژووی وەرگێڕان لە باشووری کوردستاندا.
2. خستنەڕووی ئەو بابەتانەی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون.
3. ڕۆڵی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان لە بواری وەرگێڕاندا لەنێوان سالآنی (1970-1974) لە باشووری کوردستاندا.

4. دەرخستنی گرنگی ڕێککەوتننامەی (11)ی ئاداری (1970) لە بواری وەرگێڕاندا.
5. دەرخستنی کەموکووڕییە زمانییەکانی بابەتە وەرگێڕدراوەکان.
6. خستنەڕووی خەسڵەتەکانی وەرگێڕ و بایەخ و تیۆر و کێشەکانی وەرگێڕان.

**4.1: پرسیاری توێژینەوە:.**

1. ئەرک و ئامانجی وەرگێڕان چییە ؟
2. ئایا ناوەندە ئەکادیمیەکان، بەتایبەتی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی ماوەی سالآنی (1970ـ1974) گرنگییان بە بواری وەرگێڕان داوە؟
3. ئەو بابەتانە چین، لەم ماوەیەدا بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون ؟
4. ئەو کەموکووڕییە زمانییانە لە بابەتە وەرگێڕدراوەکان بەرچاو دەکەون، چین؟
5. تا چەند ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی ماوەی سالآنی (1970ـ 1974)دا ڕۆڵیان لە پێشخستنی پرۆسەی وەرگێڕان هەبووە ؟
6. ئایا لەم ماوەیەدا هیچ دەزگایەکی تایبەت بە بواری وەرگێڕان هەبووە؟
7. ئایا ئەو کەسانەی کاری وەرگێڕانییان لەم بوارەدا کردووە، کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بوون ؟

**5.1: ڕێبازی توێژینەوەکە:.**

ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازێکی وەسفی شیکاریی مێژووییە، بە سوود وەرگرتن لە باسکردنی لایەنی مێژوویی ئەم یەکێتییانە و ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانەی دەریان کردوون، پاشان دەرخستنی ئەو بابەتانەی وەریانگێڕاون، دواتر شیکردنەوەی بابەتە وەرگێڕدراوەکان و دەرخستنی کەموکووڕی زمانی، بە تایبەتی لە ئاستەکانی (ڕێنووس، وشەسازی، ڕستەسازی)دا.

**6.1: سنووری توێژینەوەکە:.**

سنووری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زاری کرمانجیی ناوەڕاستدایە، بەتایبەتی لەسەر ڕۆڵی ئەو کۆمەڵە و یەکێتییانە، لە ماوەی سالآنی(1970 ـ 1974) دامەزراون، هەر یەکێکیشیان گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆی هەبووە، یەکێتیی و کۆمەڵە و دەزگاکانیش بریتین لە (یەکێتیی مامۆستایان، یەکێتیی نووسەران، کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد، دەزگای ڕۆشنبیریی کورد، کۆڕی زانیاری، بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی).

## 2. توێژینەوەکانی پێشوو:-

**- پەروین عوسمان مستەفا (2008)، واتا و وەرگێڕان**

ئەم باسە تیشک دەخاتە سەر واتا و وەرگێڕان، لە چوار بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەمی باس لە چەمک و پێناسەی وەرگێڕان و چەمکی هاوواتابوون و ستراتیژییەت و ئایدۆلۆژیای وەرگێڕان و تیۆرەکانی وەرگێڕان و ئاریشەکانی واتای وەرگێڕان دەکات. بەشی دووەمی تایبەتە بە ڕەگەزەکانی واتا و شیکردنەوەی واتای (وشە و ڕستەکان)، لە تەوەرێکی تری ئەم بەشەدا باس لە تیۆرەکانی واتا و تیۆرە باوەکانی وەرگێڕان دەکات. بەشی سێیەمیش ئاریشەکانی واتا لە وەرگێڕاندا دەخاتەڕوو. بەشی چوارەمیش تایبەتە بە پراکتیزەکردنی ڕستە و دەقەکان لە زمانی سەرچاوەی (عەرەبی) و وەرگێڕانیان بۆ زمانی ئامانج(زمانی کوردی)، بەپێی ڕێبازەکانی (وشە بە وشە)و ڕێبازی (واتایی) لەگەڵ وەرگێڕانی چەند دەقێک لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی.

**سەگڤان عەبدولڕەحمان عوسمان(2011)، بزاڤا وەرگێڕانا ئەدەبی ل دەڤەرا بەهدینان**

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشێوەیەکی گشتی باسی ڕۆڵی دەڤەری بادینان دەکات لە وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی، بەشی یەکەمی توێژینەوەکە باسی لایەنی تیۆری وەرگێڕان دەکات، بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بۆ گیروگرفتەکانی وەرگێڕان تەرخانکراوە، بەشی سێیەم باسی وەرگێڕانی ئەدەبی دەکات، بەشی چوارەمیش باسی ڕۆژنامەگەریی ناوچەی بادینان لە ڕووی وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبییەوە دەکات، لێرەشدا تەنیا گۆڤاری (پەیڤ)ی ناوچەی بادینانی وەرگرتووە، باسی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم گۆڤارە دەکات.

**مەریوان ئەسعەد بەهائەدین(2013)، وەرگێڕانی ئامێریی ڕستە لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی**

ئەم نامەیە باس لە وەرگێڕان بە یارمەتی ئامێر دەکات، بەتایبەتی ئامێری کۆمپیوتەر لەڕێگەی سێ بەرنامەی تایبەتەوە، ئەوانیش بەرنامەکانی (گۆگل) و (سیستران) و (بابیلۆن)ە، ئەم نامەیە لە چوار بەش پێک دێت. بەشی یەکەمی تایبەتە بە بنەما تیۆرییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی، وەکو: پێناسەی وەرگێڕانی ئامێریی، کورتەی مێژووی وەرگێڕانی ئامێریی، جۆرەکانی سیستەمی وەرگێڕانی ئامێری و سوودەکانی، چەند نموونەیەکی وەرگێڕی ئامێریی دەکات، بەشی دووەمی بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێشوو تەرخانکراوە، کە لە بواری وەرگێڕانی ئامێری بە زمانی کوردی کراوە. بەشی سێیەمیش لە شیکردنەوەی زمانی سەرچاوە بە کۆدی پیتەکان، شیکردنەوەی (وشەسازی، ڕستەسازی).

بەشی چوارەم باس لە ڕێککەوتن و گیروگرفتەکانی ڕێککەوتن لە نێوان زمانی ئینگلیزی و زمانی کوردی لە ڕووی ڕەگەز، ژمارە، دۆخ، کەس و ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستەوە دەکات.

**ياسمين فيدوح(2009)، اشكالية الترجمة في الادب المقارن.دمشق**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کێشەکانی وەرگێڕان لە ئەدەبی بەراودکاری)دا، لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم باسی لایەنی مێژوویی وەرگێڕان و مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری و زاراوە و ڕێگاکانی گەشەکردنی زاراوە دەکات، بەشی دووەم باس لە چۆنیەتی وەرگێڕان دەکات لەگەڵ کاریگەریی کلتوورەکان لەسەر یەکتری لەڕێگەی وەرگێڕانەوە و جۆرەکانی وەرگێڕان دەکات، بە تایبەتی وەرگێڕانی داهێنانی. بەشی سێیەم باس لە کردەی وەرگێڕان وەک لایەنێکی پەیوەندیکردن لە نێوان میللەتاندا دەکات ، بەشی چوارەم باس لە چۆنیەتی وەرگێڕانی کتێبی هەزار و یەک شەو دەکات.

**عهد شوكت سبول(2005)، الترجمة الادبية بين النظرية والتطبيق، لبنان**

ئەم توێژینەوەیە لە شەش بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بۆ پێشەکی تەرخانکراوە ، بەشی دووەمیش باس لە لایەنی تیۆری دەکات وەکو: جۆرەکانی وەرگێڕان، دواتر باسی واتا و کردەی وەرگێڕان دەکات، لە بەشی سێیەم باس لە کردەی وەرگێڕان بەپێی تیۆری فینای و داربلینە دەکات، بەشی چوارەم بۆ وەرگێڕانی ئەدەبیی تەرخانکراوە، بەشی پێنجەم باس لە کردەی وەرگێڕان لە وڵاتانی عەرەبی و خەسڵەتەکانی وەرگێڕ و کردەی وەرگێڕان و کاریگەری کلتووری دەکات، گرنگی فەرهەنگ لە کردەی وەرگێڕان دەکات، بەشی شەشەم بریتییە لە پوختەی نامەکە و زاراوەکان و بیبلۆگرافیا.

**ئەحمەد تجانی ماهل ئەحمەد محەمەد (2014)، مستقبل الترجمة فى الوطن العربى. سودان**

ئەم توێژینەوەیە بە ناوی(داهاتووی وەرگێڕان لە وڵاتانی عەرەبی)دا، توێژەر باسی ڕۆڵی وەرگێڕە عەرەبەکان لەڕووی گرنگی و بایەخی وەرگێڕان دەکات، دواتر باسی ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە کردەی وەرگێڕاندا دەکات و چۆن لە داهاتوودا سوود لە تەکنەلۆژیای سەردەم وەربگرن بۆ بەرەو پێشبردنی کردەی وەرگێڕان، ئەم باسە لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باسی مێژووی وەرگێڕان لای عەرەب دەکات، دواتر باسی داهاتووی وەرگێڕان لەلای وڵاتانی عەرەبی دەکات، بەشی دووەم باسی لایەنی تیۆری وەرگێڕان دەکات لە ڕووی وەرگێڕان چییە، خەسڵەتەکان و جۆرەکانی چین، لە بەشی سێیەمدا باسی ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە کردەی وەرگێڕاندا دەکات.

**Hussaein Ali Wali(2004), Syntactic – SemanticOf Language Levels And Translation With Reference To English And Kurdish.**

ئەم نامەیە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ تەنگ و چەڵەمەی سینتاکسی وسیمانتیکی و تێکستی لە وەرگێڕاندا لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی و بەپێچەوانەوە، تەرخانکراوە، نامەکە لە پێنج بەش پێکهاتووە، یەکەمیان لە هەندێ مەسەلەی وەرگێڕان دەکۆڵێتەوە، لەوانە باکگراوندی مێژوویی، کە چۆن هۆی پەیدابوونی وەرگێڕان دەخاتە ڕوو، بەخێرایی ڕووپێوێکی لایەنە مێژووییەکانی وەرگێڕان و ڕۆڵی وەرگێڕان لە گەشەسەندنی ئەدەب و کارگێڕیی و بازرگانی و ئایین و زانست دەکات، هەر لەو بەشەشدا باسی پێناسەی وەرگێڕان و جۆرەکانی دەکات. بەشی دووەمیش لەژێر سەرە باسی بنەمای سینتاکسی و وەرگێڕاندا هاتووە و جەخت دەکاتە سەر یەکەکانی ڕێزمان، کە ئاماژە بە یەکە مانادارەکان و یاساکانی سیستەمی داخراو وەکو: جێناو، پریپۆزیشن، کاری یاریدەدەر، کات، هتد..دەکات، ئەم بەشە لە خاڵی ڕێزمانی جۆراوجۆر و ئەم بوارانەی کە سەرنجی وەرگێڕەکان ڕادەکێشێ، لێیان دەکۆلێتەوە.بەشی سێیەمیش باس لە وەرگێڕان و بنەمای واتا دەکات و لە جۆرەکانی واتا و پەیوەندییەکانی واتا و واتای مەجازی و پرۆسەی وەرگێڕان دەکات.

**Wuria Azzaddin Ali (2004), Translation Problems of Discorse With Reference To English and Kurdish.**

کێشەی وەرگێڕانی دیسکۆرسی بە ئاماژەکردن بۆ زمانی ئینگلیزی و زمانی کوردی، ئامانج لەم توێژینەوەیە لە کێشەی وەرگێڕانی دیسکۆرس بە ئاماژەکردن بە زمانی ئینگلیزی و زمانی کوردی، وێڕای ناساندنی ڕۆڵی شیکردنەوەی دیسکۆرس لە پرۆسەی وەرگێڕاندا. ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەی زمانەوانی و دیسکۆرس بەخۆوە دەگرێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت بە بیردۆزی (مایکل هالیدای) دەبەستێت، وەکو نموونەیەکی بنەڕەتی شیکردنەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کێشە و ئاستەنگەکانی وەرگێڕانی دیسکۆرس دەدوێت، کە لە ئەنجامی هەبوونی هەندێک تایبەتمەندییەوە پەیدا دەبێت و زەحمەتە لەکاتی وەرگێڕان بگوازرێتەوە، چونکە هەندێک ناوەرۆکی تایبەتی قسەی تێدایە و وەک زانراویشە کە زمانی دیسکۆرس تەنها چەند وشەیەک نییە لە زمانێکەوە بگوازێتەوە یان وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر، بەڵکو دیسکۆرس پەیوەندیی بە بەکارهێنانی زمانەوە هەیە لە سنوورێکی وادا، کە لە ڕستە و قسە تێدەپەڕێ. هۆی پەیدابوونی کێشە و ئاستەنگ لە کاتی گواستنەوە یان وەرگێڕانی دەقێک یان گفتوگۆیەک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی جیاوازی

نێوان زمانی ئینگلیزی و کوردی، چونکە هەریەکەیان سەر بە گروپێکی جیاوازی زمانەکانن. ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەستنیشانی کێشە و ئاستەنگەکانە لە کاتی وەرگێڕاندا، واتە کاتی وەرگێڕانی دیسکۆرس لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و دەستنیشانی ئەرکی وەرگێڕە بۆ چۆنیەتی زاڵبوونی بەسەر کێشە و ئاستەنگاندا. ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە لێکۆڵینەوەکە دەیگرێتەوە:بەشی یەکەم: پێشبار، بەشی دووەم: چەند کێشەیەکی پێناسەکردنی وەرگێڕان، وەرگێڕان وەکو چالاکییەکی گەیاندن، وەرگێڕان وەکو بیردۆزێکی پراکتیکی، وەرگێڕان وەک بیردۆزێکی زمانەوانی، بیردۆزی وەرگێڕان، ستراتیژی وەرگێڕان و گیروگرفتەکان، گیروگرفتی وەرگێڕان لە ئاستی زمانەوانی و واتاسازی و شێواز، بەشی سێیەم: وەرگێڕان لە دیسکۆرسدا ، پێناسەکردنی دیسکۆرس، هۆی شیکردنەوەی دیسکۆرس، خستنەڕوویێکی مێژوویی و بیردۆزیی، جۆرەکانی دیسکۆرس و بیردۆزەکان، ڕۆنانی زمانەوانی دیسکۆرس، چەمکی لکاندن لە دیسکۆرس، ڕۆڵی شیکردنەوەی دیسکۆرس لە وەرگێڕاندا، بەشی چوارەم: وەرگێڕانی دەق، پێناسەکردنی دەق، جۆرەکانی وەرگێڕان و دەق، لکاندن لە دەقدا، بۆچوونی زمانەوانی شێوازناس لە دەقدا، بیردۆزی مایکل هالیدای وەکو بۆچوونێکی فەرمانگیری بۆ زمان و کاریگەریی لەسەر وەرگێڕان، شیکردنەوەی دەق، گیروگرفتی وەرگێڕان لە دەقدا، بەشی پێنجەم: ئاخاوتن و وەرگێڕان بۆچونێکی پراکتیکی پراگماتیکی، پێناسەکردنی ئاخاوتن لە زمانەوانیدا، پێکهات و ڕێکخستن لە قسەکردندا، چەمکی لکاندن لە ئاخاوتندا، ئاخاوتن و جۆرەکانی تری قسەی نەپچڕاو، شیکردنەوەی ئاخاوتن، لێکەوتە ئاخاوتنییەکان، بەشی شەشەم: کۆتایی و ئەنجام.

**Ameera Mohammed Abdullah (2013), An Assessment of Students' Performance in Translation at Salahaddin University.**

ئەم توێژینەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی توانای ئاستی قوتابییانی بەشی زمانی ئینگلیزی زانکۆی سەلاحەدین لە کاری (پرۆسەی ) وەرگێڕان لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی و بە پێچەوانەوە تەرخانکراوە، بە مەبەستی زانینی ئەوەی تا چ ڕاددەیەک کاریگەری بەسەر توانای وەرگێڕانیانەوە هەیە. ئاماژە بەو ئاستەنگ و گرفتانە دەکات، ڕووبەڕووی قوتابییانی کورد دەبنەوە لەکاتی وەرگێڕانی ڕستە و دەق لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر کوردی و بە پێچەوانەوە، بەتایبەتیش ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکارێکی بەراوردکارییە لە نێوان هەڵەی قوتابییان و خستنەڕووی باوترین هەڵەی قوتابییان. لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە کراوە، کە قوتابییان گرفتی زمانەوانی و کلتوورییان لە وەرگێڕاندا هەیە ، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی

زمانی کوردی بۆ ئینگلیزی. بە مەبەستی هێنانەدی گریمانەی توێژینەوەکە، دوو تاقیکردنەوەی وەرگێڕان ئەنجام دراوە. تاقیکردنەوەکە لە دوو بەش و (26) بڕگە پێکهاتووە و لەلایەن قوتابییانی قۆناغی چوارەمی بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلێژەکانی زمان و پەروەردە لە زانکۆی سەلاحەددین بۆ ساڵی خوێندنی (2012ـ 2013) ئەنجامدراوە، بۆ ئەم مەبەستەش (100) قوتابی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەردەخات، کە بە گشتی قوتابییان لاوازییەکی ڕوون و ئاشکرایان لە وەرگێڕاندا هەیە، بەتایبەت لە وەرگێڕانی کوردی بۆ ئینگلیزی، ئەنجامەکان دەریانخستووە، کە کۆی هەڵەکانی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی، (912) هەڵە بووە، کۆی هەڵەکانی وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، (773) هەڵە بووە. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێک پێشنیاز و ڕاسپاردەی بەسوود پێشکەشی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، سەرەڕای پێشنیازی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر. بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە، هۆکاری بوونی ئاستەنگ و هەڵەکانی دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی زمانی کوردی، بێئاگایی لە جیاوازی نێوان ڕستەسازی ئینگلیزی و کوردی، نەبوونی وشەی هاوواتا لە نێوان زمانەکان، شارەزانەبوون لە بنەماکانی ڕێزمانی هەردوو زمانەکە، کەمتەرخەمی و پێدانەچوونەوە لە خوێندنەوەی دەقە سەرەکیەکە بۆ زیاتر لە جارێک لەلایەن قوتابییانەوە، پەند و ئیدیۆم، کە پەیوەندی بە کلتووری تاکەوە هەیە و یەکێکن لەو ئاستەنگانە.

### سێیەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:ـ

1. تاوتوێکردن و خوێندنەوە و شیکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو لە بواری کردەی وەرگێڕاندا.

هەوڵ دەدەین لەڕێگەی کارەکانی پێشترەوە ئاراستەی توێژینەوەکەی خۆمان دیاری بکەین، هەموو باسێک گرنگی خۆی هەیە، هەرچەندە لەڕووی ناونیشانی جیاوازییان هەیە، بەتایبەتی ئەو توێژینەوەی باس لە واتا و وەرگێڕان دەکات، وەکو: نامەکەی (پەروین عوسمان مستەفا)، ئەو توێژینەوانەشی باسی  کردەی وەرگێڕانی ئەدەبی دەکەن وەکو: نامەکانی (سەڤان عەبدولڕەحمان عوسمان و عهد شوکت سبول) دەکەن، یان ئەو توێژینەوەیەی باسی کێشەکانی وەرگێڕان لە بواری ئەدەب دەکات، وەکو نامەکەی (یاسمین فیدوح). باسی داهاتووی وەرگێڕان دەکات و ڕۆڵ و گرنگی تەکنەلۆجیا لە بواری کردەی وەرگێڕاندا دەردەخات، وەکو توێژینەوەکەی (ئەحمەد تەجانی ماهل ئەحمەد محەمەد) و توێژینەوەکەی (مەریوان ئەسعەد بەهائەدین)، یەکێکی تر لەو توێژینەوانەی تر باس لە لایەنی

سینتاکسی و لایەنی واتایی دەکات، توێژینەوەکەی(حوسێن عەلی وەلی)یە، هەرچەندە لەڕووی کێشەی توێژینەوەکان هەریەکەیان کێشەی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆ نموونە کێشە واتاییەکان یان کێشە گشتییەکانی وەرگێڕان یان کێشەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە کردەی وەرگێڕاندا، بەڵام هەموویان لەیەک خاڵدا هاوبەشن، ئەویش باس لە دەرخستن و گرنگی وەرگێڕان لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا دەکەن

.2. تاوتوێکردن لە ئەنجامی خوێندنەوە و شیکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو لە بواری کردەی وەرگێڕاندا.

ئەو توێژینەوانە تەنیا لەڕووی تیۆرییەوە لە باسەکەی توێژەر نزیکن، هەرچەندە توێژینەوەکەی (سەگڤان عەبدولڕەحمان عوسمان) باسی بزاڤی وەرگێڕانی ئەدەبی لە ناوچەی بادینان دەکات، ئەم توێژینەوەیە تەنیا بابەتە وەرگێڕدراوە ئەدەبییەکان باس دەکات، بەڵام لایەنی کەموکووڕی ئەم بابەتە ئەدەبیانە لەڕووی زمانییەوە باس ناکات. یەکێکی تر لەو توێژینەوانەی لە توێژینەوەکەی توێژەر نزیکە، توێژینەوەکەی (حوسێن عەلی وەلی)یە، کە توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی لەڕووی سینتاکسی و سیمانتیکیەوە. نامەکەی (وریا عیزەددین عەلی)، باس لە گیروگرفتی دیسکۆرس لەکاتی وەرگێڕان دەکات، کە ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوانە لەڕووی لایەنی تیۆرییەوە، بەتایبەتی لە بواری وەرگێڕاندا، لە نامەکەی توێژەر نزیکن.

# بەشی دووەم

# کردەی وەرگێڕان

1.2: چەمک و پێناسەی وەرگێڕان

2.2: وەرگێڕان لەنێوان هونەر و زانستدا

3.2: بایەخی وەرگێڕان

4.2: زمان و وەرگێڕان

5.2: خەسڵەتەکانی وەرگێڕ

6.2: بیردۆزەکانی وەرگێڕان

7.2: جۆرەکانی وەرگێڕان

8.2: بنەماکانی وەرگێڕان

9.2: کێشەکانی وەرگێڕان

10.2: مێژووی وەرگێڕان لای کورد

## 1-2: چەمک و پێناسەی وەرگێڕان

وەرگێڕان بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت (Translation)، واتە گۆڕینی پەیڤ و وشە بە شێوەی (وتە یان نووسین) لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.(ماکمیلان ئینگلش دکشنەری، 2007، ل1593). وشەی (ترجمة) سەرەتا لە (تەرجومەی) ئارامییەوە وەرگیراوە، کاتی خۆی بۆ لێکدانەوەی (کتێبی پیرۆز)ی ئایینی بەکاردەهێنرا، کە بە زمانی ئارامی نووسرابوو، وەرگێڕان لە کاری (Traduire) داڕێژراوە، بنەچەکەی بۆ کاری لاتینی (Traducere) دەگەڕێتەوە، کە بە واتای (تێپەڕاندن) دێت، واتا باوەکەیشی تێپەڕاندنی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگەیەنێت.

وەرگێڕان لە ڕووی زمانەوانی چەند مانایەکی هەیە:-

1. خستنەڕوو و ڕوونکردنەوە.
2. ڕاڤەکردن.
3. ژیانی مرۆڤ و سەربووردەکەی.
4. گواستنەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.( ئەبو جەمال نوعمانی، 2006، ل185).

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، دانیشتوانەکانی شاری بابل دەوری (1800) هەزار و هەشت سەد ساڵ پێش لەدایکبوونی حەزەتی عیسا، بە گەلێک زمان قسەیان دەکرد، دانیشتوانی ئەو وڵاتانەشی لەژێر دەستیان بوون، بە جۆرەها زمان دەدوان، لەبەر ئەمە لە شاری (بابل) دەستەیەک لە شارەزایانی ئەو زمانانە دانرابوون، تاوەکو فەرمانەکانی دەوڵەت وەربگێڕنە سەر ئەو زمانانە. پاشان بە نووسینی مێخی، لەسەر خشتە قوڕی تەڕ، بە تێچەقاندنی نووکە قامیشی دەم تیژ و پان، فەرمانەکانیان بە نووسین نەخش دەکرد، دوای وشکبوونەوە سوور دەکرانەوە، ئینجا بە هەموو لایەکی وڵاتی بابلدا بۆ ڕاگەیاندن و پەیڕەوی کردن بڵاودەکرانەوە.(ئیبراهیم ئەمین باڵدار،1989، ل109).

بەدرێژایی مێژوو ئەوە ساغ بۆتەوە، وەرگێڕان نەک هەر پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە تازەبوونەوە و تازەگەرییەوە هەیە، بەڵکو یەکێکە لە فاکتەر و کۆڵەکە گرنگەکانی ڕێنسانسی هەمەلایەنەی میللەتان، واتا تازەبوونەوە و ڕێنیسانس لە هەموو سەردەمێکدا قەرزباری وەرگێڕانە، خۆ ئەگەر کەموکووڕییەک لە یەکێک لە کایە و مەیدانەکانی نوێگەریی و مۆدێرندا بەدی بکرێت، یەکێک لە هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کەموکووڕی بواری وەرگێڕان، چونکە بیروبۆچوونی گەلانی دیکە بە دروستی نەگواستراوەتەوە، یان ئەگەر گواسترابێتەوە، بە نیوەچڵی گواستوویەتییەوە.(حەمە کەریم عارف، 2015، ل60).

وەرگێڕان، دنیای پێکگەیاندنی ڕۆحی ئەو مرۆڤانەیە بە یەکتری، بەو مانایەی تەنیا وەرگێڕان، نهێنییەکانی مرۆڤ بە هەموو سیحر و مەترسییەکانەوە دەکاتە ئەزموونێکی ئامادە بۆ سەرنجدان و دۆزینەوە و کەڵک لێوەرگرتن، ئەمە بێجگە لە گوێزانەوەی ئەو زانست و بەهرە و توانایانە، وەک ئەنجام دەبنە کلتووری مرۆڤایەتی بەگشتی و نزیکبوونەوەیان لە یەکدی بەتایبەتی.(ڕەئوف بێگەرد، 2013، ل57).

وەرگێڕان یەکێکە لەو کارە هونەرییە وردانەی کە پشوو درێژی و ئارامی دەوێ، تا بتوانرێت هاوسەنگییەک لەنێوان دەقە بنچینەییەکە و کارە نوێیەکەن بکرێ، کە دەقە وەرگێڕدراوەکەیە. گەر ئەو هاوسەنگییە دروست بوو، ئەوسا دەتوانین بەو کارە بڵێین ئاڵوگۆڕکردنی کلتوور و چالاکییە هزرییەکانی نێوان گەلان و میللەتان، هەر بەهۆی وەرگێڕانەوە، مرۆڤایەتی توانیویەتی ئاشنای کردە و کۆششی ئەوانی تر بێت، دیارە هەر لەم ڕێگەیەوە بەریەککەوتنی شارستانییەتەکانیش دروست بێت، بەجۆرێ مرۆڤی ئەم سەردەمە پەی بە شتە نهێنییەکانی یەکتر دەبەن، لەڕێگەی وەرگێڕانەوە گەشتی سەرانسەر زەوی و میللەتان دەکات، ئەوەش پتر پردی پەیوەندیی نێوان گەلان و میللەتانی پتەو کردووە.(جەلیل کاکە وەیس، 2015، ل72).

لەڕووی زمانییەوە هەندێ لە توێژەران دەڵێن:۔ وەرگێڕان ڕەفتارێکی زمانەوانییە، هەموو مرۆڤێک لە قۆناغێکی دیاریکراودا، بۆ قۆناغێکی تری ژیان بەکاریدەهێنێت، ئەمە ئەو کەسانە دەگرێتەوە، دوو زمان دەزانن، کاری وەرگێڕان بە شێوەیەکی لێزانانەوە ئەنجام دەدەن، کە پێیدەڵێن(وەرگێڕانی سروشتی)، ئەمەش چەمکێکی فراوان و باوە لەلایەن زۆربەی توێژەرەکانەوە. لەلایەکی ترەوە هەندێکی تر لە شارەزایان بەم بوارە دەڵێن (وەرگێڕانی شیکردنەوەیی)، کە ئەمەش باسکردنی زمانە، لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ شتەکان پشت دەبەستێت بە گۆڕینەوەی نیشانە زمانییەکان بۆ نیشانەی زمانی تر، وەرگێڕان پرۆسەیەکی لێکدانەوەییە، واتا هەوڵدانێکە بۆ گەیشتن بە مانای دەقەکە و شیکردنەوەی واتاکە، تاوەکو دەقی زمانی ئامانج لەگەڵ مەبەستی دەقی زمانی سەرچاوەکە بگونجێت.(عامر زناتی جابری،2010، ل13).

لە زمانی کوردیدا وەرگێڕان هەم بە مانای گواستنەوەی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دێت، هەم بە مانای وەرچەرخان و ڕووکردنە ئاراستەیەک دێت، ئەگەر بمانەوێت بە دوای پێناسەیەکی گشتگیر و جێگیردا بۆ چەمکی وەرگێڕان بگەڕێین، ڕەنگە کارێکی سانا نەبێت، چونکە چەندەها تیۆری جیاواز سەبارەت بە وەرگێڕان هەن، هەر تیۆرێکیش بە جۆرێک پێناسەی دەکەن.(ئازاد بەرزنجی، 2012، ل13 ۔ 15).

بۆ زیاتر زانیاری چەند پێناسەیەکی وەرگێڕان دەخەینە ڕوو:

**(سەفا خەلووسی)** دەڵێت:. وەرگێڕان هونەرێکی جوانە، بە واتای گواستنەوەی وشە و واتا و شێوازە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەجۆرێک خوێنەر بەڕوونی، لە واتای دەقە وەرگێڕدراوەکە تێبگات، هەروەکو چۆن ئاخێوەری زمانە بنەچەکە لە دەقە سەرچاوەکە دەگات و هەستی پێ دەکات.(سەفا خەلووسی، 1984، ل14).

**(ج.س.کاتفۆرد)** دەڵێت:. وەرگێڕان کردەیەکە بەهۆی زمانەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت، واتا کردەی گۆڕینی دەقێکە لە زمانێکی دیاریکراوەوە بە دەقێکی تر لە زمانێکی دیکەدا.(ج.س.کاتفۆرد، 1965، ل20).

**نیومارک (Newmark)** دەڵێت:. وەرگێڕان شارەزایی و کارامەییە، وەرگێڕانی پەیامێک یان ڕاگەیاندراوێکی نووسراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.(نیومارک، 1988، ل6).

**(کۆرش سەفەوی)** دەڵێت:. وەرگێڕان بریتییە لە وەرگێڕانی دەقێک لە زمانی بنەڕەتییەوە بۆ سەر زمانی مەبەست، بەبێ ئەوەی فۆرم و واتاکە دەستکاری بکرێ.(کۆرش سەفەوی، 2005، ل7).

**(جەمال نەبەز)** دەڵێت:. ئەو هونەرەیە، بەهۆیەوە وشە و مانا، شێوازی نووسەرێک لە زمانێکەوە بخرێتە سەر زمانێکی دیکە، بەجۆرێک، ئەوەی دەیخوێنێتەوە، وەک یەک هەست بە تام وتینیان بکات.(جەمال نەبەز، 2008، ل15).

**(هیمداد عەبدولقەهار محەمەد)** دەڵێت:. وەرگێڕان بریتییە لە گەڵاڵەکردنی ئەو هاوواتا بەرانبەرانەی نێوان دەقێک و وێنەی وەرگێڕانەکەی و دیراسەکردنی ئەو کردانەی لە وەرگێڕانی دەقی نووسراو یان وەرگێڕانی زارەکی بەکاردەهێنرێن.(هیمداد عەبدولقەهار محەمەد، 2008، ل139).

**(عەبدوڵڵا عەتتار)** دەڵێت:. وەرگێڕان پرۆسەی شیکردنەوەی واتای دەقی نووسراوە لە زمانی سەرچاوە، بۆ (زمانی مەبەست)، بۆ گواستنەوەی کلتوور و شارستانی و بیر و زانست و شێواز و زمان.( عەبدوڵڵا عەتتار ،2010، ل11).

**(ڕەزا کەریم مجاوەر)** دەڵێت:. وەرگێڕان بریتییە لە گواستنەوەی چەمکێک لە زمانێکەوە، کە پێیدەڵێن زمانی سەرچاوە(Source Language)، بۆ زمانێکی تر پێیدەڵێن زمانی مەبەست (Target Language)، بە چەشنێ لەباری فۆرم و پێوانەی زمانیی و ڕێزمانییەوە، نزیکترین پەیوەندی بە زمانی یەکەم(سەرچاوە)ی دەقەکەوە هەبێت.(تاهیر سەففار زادە،2011، ل11).

**(وێرنێر وینتێر)( Werner winter)** دەڵێت:- خەباتێکە بۆ گۆڕینەوە و گواستنەوەی ئەزموون یان فۆرمۆلێکی تایبەتی جیهان و دەوروبەر، بە زمانێکی تر.( ڕەزا کەریم مجاوەر، 2011، ل11).

**نیدا(Nida)** دەڵێت:- وەرگێڕان بریتییە لە دۆزینەوەی نزیکترین هاوواتا بەو زمانە، کە وەرگێڕانی پێدەکرێت، لە پێشدا لەباری واتا، پاشان لە باری داڕشتنی شێوازەوە.( یوجین نەیدا، 1976، ل19).

**فۆستەر(Foster)** دەڵێت:- وەرگێڕانی باش، ئەو وەرگێڕانەیە، لە زمانە تازەکەدا هەمان مەبەستی زمانی یەکەم و مەبەستی ئەسلی بەدەستەوە بدات.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل313).

**(ئەدوارد) دەڵێت:-** کرداری وەرگێڕان هەر لە کێشانی وێنەیەک دەچێت لەسەر وێنەیەکی تر، هەرچی گرنگە تێیدا وێنە دەکێشرێت و مەرج نییە وەرگێڕ بە هەرموو وردەکارییەکاندا بچێتە خوارێ، ڕۆحی وەرگێڕانەکە گرنگە، نەک مانای وشەکەی.(مستەفا سەعید عەلی، 2015، ل77).

لە کردەی وەرگێڕاندا، تیۆرەکانی وەرگێڕان زمان بۆ دوو بەشی سەرەکی پۆلێن دەکەن، ئەویش زمانی سەرچاوە،(Source Language) (SL) ئەو زمانەیە، گواستنەوەی بۆ زمانێکی تر دەگوازێتەوە، پێیدەڵێن زمانی مەبەست(Target Language) (TL) لە هەندێ کاتیشدا وشەی زمان بە وشەی دەق دەگۆڕدرێت، ئەویش لێرەدا دەبێتە دەقێکی بنەڕەتی مەبەستدار(Source Text) (ST)، دەقی مەبەست ( Target) (TT Text).(حوسامەدین مستەفا، 2011، ل 83). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کردەی وەرگێڕان، بە چەند پرۆسەیەکی ئاڵۆز و سەرەکیدا تێدەپەڕێت، **(یوجین نەیدا)** لە هێڵکارییەکدا ئاماژە بەم پرۆسەیە دەکات:-




(سۆزان باسنت، 2012، ل40)

بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە دەتوانین لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە بڵێین **وەرگێڕان**:- پرۆسەیەکی هونەریی و زانستیی و چالاکییەکی هزرییە، بۆ شرۆڤەکردن و گواستنەوەی بابەتێ لە بابەتەکان لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست، یان لەناو یەک زماندا، بە ڕەچاوکردنی لایەنی واتایی و بیر، دەوروبەر، کلتوور، شێواز، زانست، شارستانی و زمانەوە.

پرۆسەی وەرگێڕان کارێکی سانا نییە، هەموو کەسێکیش ناتوانێت دەست بۆ ئەم بوارە ببات و کاری تێدا بکات، ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کارامەیی و شارەزاییەکی زۆر هەیە، لە وەرگێڕاندا تەنیا زانینی دوو زمان مەرجی سەرەکی نییە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، وەرگێڕانی بابەتێکی زانستیی جیاوازە لە وەرگێڕانی بابەتێکی ئەدەبی، لە وەرگێڕانی بابەتێکی زانستیی ڕووبەڕووی چەندین زاراوە و چەمک و بیروباوەڕی زانستیی دەبینەوە، بەڵام لە وەرگێڕانی بابەتێکی ئەدەبی زیاتر ڕووبەڕووی لایەنی جوانکاری و داهێنان دەبینەوە، بەشێوەیەک خوێنەر بابەتەکە دەخوێنێتەوە، هەست بەوە نەکات بەرهەمێکی وەرگێڕدراوە.

ئەگەر سەیری ئەو پێناسانە بکەین، کە بۆ وەرگێڕان کراون، دەبینین بەدەرنین لە کەموکووڕی، بۆیە ئاسان نییە پێناسەیەکی گشتگیر بۆ وەرگێڕان بکەین. هەر بۆیەش چەند تیۆرێک بۆ وەرگێڕان هەیە کە هەر یەکێکیان بەپێی بیروبۆچوونی تایبەتی وەرگێڕان دەناسێنێ:-

1- وەرگێڕان: بریتییە لە وەرگێڕانی بابەتێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، ئەمە یەکێکە لە کەموکووڕییەکان، **(ڕۆمان جاکبسۆن)** لە دابەشکردنی جۆرەکانی وەرگێڕاندا، دەڵێت:- وەرگێڕان لەناو یەک زمانیشدا دەبێت.

(جۆرج ستاینەر) وەرگێڕان بۆ دوو جۆر دابەش دەکات، ئەوانیش:-

1- وەرگێڕانی ستوونی: ئەم وەرگێڕانە زیاتر بۆ دەقی کۆن بەکاردەهێنرێت، کە بە زمانێک نووسراوە، ئێستا زمانەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و هێمای تری زمانی بەکاردەهێنێت، یان بۆ شیکردنەوەی ئەو دەقانەی لەڕووی ماناوە تێگەیشتنیان ئاسان نییە، بۆیە وەرگێڕ دەقەکە لە هێما کۆنەکەوە وەردەگێڕێتە سەر هێما تازەکە یان شیکردنەوەی ئەو دەقەی، کە ماناکەی تەمومژاوییە، ئەمە پێیدەڵێن وەرگێڕانی ستوونی.

2- وەرگێڕانی ئاسۆیی: ئەم وەرگێڕانە لە سەردەمێکی دیاریکراوی زمانێک بەکاردەهێنرێت، ئەویش وەرگێڕانی دەقێکە لەناو یەک زماندا، لەنێوان دوو دیالێکتی جیاوازی سەر بە هەمان زمان دەبێت.(یوئیل یوسف عەزیز، 1990، ل9).

وەرگێڕان تەنیا لە نێوان دوو زمانی جیاواز ڕوونادات، بەڵکو دەتوانرێت لەناو یەک زمانیشدا بابەتێک دووبارە دابڕێژرێتەوە، شیبکرێتەوە یان بە هێمای تری هەمان زمان بگۆڕدرێت، یان گۆڕینی هێما زمانییەکان بۆ سیستەمی هێمایەکی تر، وەکو گۆڕینی هێمای زمانی بۆ سیستەمی (برایت)، کە بۆ نابیستان دانراوە.

2. یەکێکی تر لەو کەموکوورییانە لە بەشێک لە پێناسەکاندا هەیە، هاوواتایی بەرانبەرییە، ئایا ڕێکدەکەوێت هەر وشەیەک یان دەستەواژەیەک لە زمانێکدا هەبوو، لە زمانەکەی تر، نزیکترین هاوواتای هەبێت، (هالیدای) بڕوای وایە، هاوواتابوونی دەق لەنێوان هەردوو دەقی زمانی سەرچاوە، زمانی بۆ گوازراوە، پێویست ناکات لە نێوان هەردوو دەقەکەدا بەرانبەرێکی شکلی دروست ببێت، لەسەر ئاستی وشە، یان ڕێزمان، بەڵکو دەبێت هاوتابوونەکە لەسەر ئاستی تەواوی دەقەکەدا بێت.(مستەفا سەعید عەلی، 2015، ل76).

هەندێک وشە هەن تایبەتن بە کلتوورێکی دیاریکراو، ئەسکیمۆکان بۆ وشەی (بەفر)، چەندین وشەی تریان هەیە، لەو کاتەدا دەکرێ ئەم وشەیە شیکردنەوەی بۆ بکرێت.

3. هەر بابەتێک وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێک یان لەناو یەک زماندا ڕوودەدات، دەبێت لە ڕووی شێوازەوە لەگەڵ زمانە مەبەستەکەدا بگونجێنرێت، واتا ناکرێت بەتەواوی بابەتە وەرگێڕدراوەکە لە ڕووی شێوازەوە لە دەقە بنەڕەتییەکە بچێت، هەر زمانێکیش شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەمەش یەکێکە لە کەموکورییەکان، کە دەڵێت: وەرگێڕان بریتییە: لە وەرگێڕانی دەقێک لە زمانی بنەڕەتییەوە بۆ سەر زمانی مەبەست، بەبێ ئەوەی فۆرم و واتاکە دەستکاری بکرێ.

4. یەکێکی تر لە پێناسەکان کە بۆ وەرگێڕان کراوە دەڵێت: وەرگێڕان بە واتای گواستنەوەی وشە و واتا و شێواز، وەرگێڕان تەنیا بریتی نییە لە گواستنەوەی وشە و واتا و شێواز، بەڵکو گواستنەوەی کلتوور و شارستانیەت و بیروبۆچونی شارەزایی کەسانی تریش، واتای وشە لە پرۆسەی وەرگێڕان بەس نییە، ئەفلاتوون دەڵێت: لە پەنا هەر وشەیەک، بیرۆکەیەک هەیە، ئەگەر وشەیەک بە بیرۆکەی کلتوور و داب و نەریتەوە وەرنەگێڕدرێت، تەواو واتاکە نابەخشێت، یان کەسی خوێنەر تێیان ناگات، بۆ نموونە وشەی (جەنجەر، مەشکە، زین، سەپان، ئاغا...) ئەو وشانە پەیوەستن بە قۆناغێکی کشتوکالی کوردی و هەڵگری کلتووری کوردین.(سەلام ناوخۆش، 2016، ل 103).

5. تەواوی پێناسەکان باس لە (سیاق ـ کۆنتێکست) ناکەن، هەر وشەیەکیش بەپێی (دەوروبەر)، گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆ نموونە واتای وشەی (bank)، دەوەستێتە سەر سیاقی وشەکە، ئەو وشەیە لەلای مامۆستایەکی زانکۆ بەکاربێت، بە واتای (بانق) دێت.

(I see you in the bank)، بەڵام هەمان ڕستە لەلای ئەویندارێک بگوترێت، واتای (کەناری دەریا) دەبەخشێت.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل104).

## 2-2: وەرگێڕان لەنێوان هونەر و زانستدا

زانست پشت بە چەند ڕاستییەک دەبەستێت، بۆ ئەوەی پێوانەیەکی بۆ دابنێت، ئەزموونە زانستییەکانی و ئەو پرۆسە بیرکاریانەی لەلایەن چەندین کەسەوە جێبەجێکراون، هەموویان بەیەکەوە دەگەنە هەمان ئەنجام، بەڵام لە وەرگێڕاندا ئەگەر دەقێک لەلایەن چەند کەسێکەوە وەربگێڕدرێت، ئەوا لەنێوانیاندا جیاوازی لە وەرگێڕانەکانیاندا دەبینین، ناتوانین بڵێین وەرگێڕانێک ڕاستە و ئەوانی تر هەڵەن، بەڵام چەندین وەرگێڕانی باش و مامناوەند و لاواز هەن، وەرگێڕان کۆمەڵێکی پاک و بێگەردی تیادا نییە، چونکە هونەرمەندێکی پاک، هیچ دەسەڵاتێکی نییە، کار بکاتە سەر لێکدانەوە و داهێنانەکانی، لەکاتێکدا لەو ئاراستەیەی خۆی نەبێت، بەڵام وەرگێڕ پابەندی ئەو دەقەیە، دانەرەکەی نووسیویەتی، ئەوەی بۆی بکرێت، تەنها ئەوەیە خۆی ، لەو تەمومژە واتاییانەی هەن ڕزگار بکات ، لە هەمان کاتدا ڕوونی بکاتەوە و دەستەبژێری ئەو وتانە بۆ خوێنەرەکە بکات. وەرگێڕان زانستێکی پوخت نییە، کۆمەڵەیەکی بێگەرد نییە، بەڵکو هونەرێکی جێبەجێکردنە، پیشەیەکە پێویستی بە بەکارهێنان و مەشق و ئارامگرتن هەیە، لەبەر ئەوەی وەرگێڕان هونەرێکی جێبەجێکردنە، گرانە کۆمپیوتەریش بتوانێت وەرگێڕانێکی ڕاست و ڕەوان پێشکەش بکات.(عزەدین محەمەد نەجیب، 2014، ل13).

زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی، وەرگێڕان هونەرێکی جوانە، کە وتە و مانا و شێوازە زمانییانەی  کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگوازێتەوە. توێژەران دەڵێن: ئەگەر ئەو جوانییە نەبوایە، ئەو هەموو وەرگێڕانە بۆ دەقێک نەدەکرا، زۆربەیان پێیان وایە وەرگێڕ هونەرمەندێکی بەتوانایە و ئەو جوانییە ئەدەبییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگوازێتەوە، ئەو هونەرەش لە شیعردا زیاتر بەدیدەکرێت، دواتر پەخشان، چونکە وەرگێڕ لە شیعردا چێژ وەردەگرێت.(عەبدولباقی سافی، 1972، ل33).

وەرگێڕان تەنها گواستنەوەی وشە نییە، بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی لە زمانێکی تر دابنرێت، بەڵکو گواستنەوەی بنەماکانی زمانە، مانا و بیرۆکەی نووسەر و ڕۆشنبیری و شێواز، دەگوازێتەوە، وەرگێڕان هونەرێکی سەربەخۆیە و پشت بە داهێنانی هەستی زمانەوانی دەبەستێت.(عەبدوڵلا عەتتار،2010، ل11).

**(ڕەزا کەریم مجاور)** دەڵێت:. وەرگێڕان تێکەڵەیەکە لە زانست و هونەر، لە وەرگێڕانی ئەدەبییدا لایەنی هونەرییەکەی بەسەر لایەنە زانستییەکەیدا زاڵە، بەپێچەوانەیە لە وەرگێڕانی لقەکانی دیکەدا لایەنی زانستیی زاڵە.( ڕەزا کەریم مجاور، 2014، ل14).

**(ئەحمەد عەوادی)** دەڵێت:. وەرگێڕان هونەر و زانستە، زانستیی زمان و ڕۆشنبیرییە لە زمانی سەرچاوە بۆ زمانی مەبەست، هونەریشە، لەلایەن وەرگێڕەوە دادەڕێژرێتەوە.(ئەحمەد عەوادی، 2001، ل8).

**(روجر.ت بێل)** دەڵێت:. دەتوانین بڵێین وەرگێڕان هونەرە یان پیشەیە، بەم پێیەش ناکەوێتە بەر باسێکی بابەتییانەی زانستییەوە.(روجر.ت.بیل، 2001، ل40).

وەرگێڕان کارێکی زانستییە، چونکە پێویستە پەیڕەوی یاسا و دەستووری زانستییانەی وەرگێڕان و زمانەوانی تێدا بکرێت، باری سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و ڕۆشنبیری هەردوو زمانەکە بخرێتە ڕوو، وەرگێڕان خۆی لەنێوان دوو جەمسەری توندگیری و دەستکاری بێ زیاندا دەبینێتەوە، توندگیری لە وەرگێڕانی بابەتە زانستییەکان پێویستە، چونکە لەسەر ڕێسایەکی تایبەتی دەوەستێت، پێویستی بە وردەکاری هەیە.(عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2015، ل86).

وەرگێڕان زانستە، هونەرە، داهێنانە، زانستە، چونکە ئەو کەسەی کاری وەرگێڕان دەکات، دەبێت شارەزایی لە سیستەمی زمانەوانی ئەو زمانە هەبێت، هونەریشە، لەبەر ئەوەی هەر زمانێک شێوازێکی تایبەتی هەیە و جیاوازە لەو شێوازانەی، کە لە زمانێکی تردا هەن، یان لە کاری وەرگێڕانی ئەدەبییدا، بۆ نموونە شیعر دەبێ بەشێوەیەکی هونەرییانە دابڕێژرێتەوە و داهێنانیشی تێدا بکات.

## 3.2: بایەخی وەرگێڕان

وەرگێڕان بە درێژایی مێژوو پایەک بووە لە پایەکانی شارستانیەت، بنەمایەک بووە لە بنەماکانی نوێبوونەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لەگەڵ ڕێنسانس، چالاکی وەرگێڕان برەو دەکات و گەشە دەکات، وەرگێڕان کۆمەڵێک ئامانجی سیاسیی، ئایینی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و زانستیی هەیە.

### 1.3.2: بایەخی وەرگێڕان لە ڕووی سیاسییەوە:.

وەرگێڕان سیاسیەتێکی هۆشیار بەڕێوەی دەبات، خواستی سیاسیی ئەو سیاسییانەی هەیانە و ئەوانەی ڕابوردوو کاریگەرییان لەسەر خاک و گەلەکەیان ماوەتەوە، لێرەدا دەبینین هەموو شارستانییەتەکان سەرچاوەی هێز و پێگەکانی ڕابوردوویان کردووە بە میراتی خۆیان.

### 2.3.2: بایەخی وەرگێڕان لە ڕووی ئایینیەوە:-

ئایینەکانی سەر ڕووی زەوی زۆرن، بۆیە مرۆڤ وەرگێڕان وەک هۆکارێک بەکاردەهێنێت، بۆ بڵاوکردنەوە و لێک تێگەیشتن و زانینی زانیاری دەربارەی ئایینەکانی تر، بە ئامانجی هێرشکردن و بەرگریکردن، یاخود وتوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بکەن، واتا بە ئامانجی موژدە بەخشین، یاخود گفتوگۆی ئایینی.

### 3.3.2: بایەخی وەرگێڕان لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە:-

وەرگێڕان ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی زانیاریی، بەدەستهێنانی کردەوە و کردە بیری و هونەرییەکانی گەلانی تر، لە شێوەی ئاوێنەیەکە، چێژی ئەدەبی لێ وەردەگیرێت، کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەیە، بە مەبەستی ناسینی ئەوانی تر، لەبەر ئەوەی پەیامەکان باشترین گوزارشت لە خاوەنەکانیان دەکەن، سەرباری ئەوەی چێژ و خۆشی دەروونی دەبەخشێت.

### 4.3.2: بایەخی وەرگێڕان لە ڕووی زانستیی:-

وەرگێڕان هۆکارێکە بۆ ئەوەی سوود لە زانستیی کەسانی تر وەربگرین و بیناسێنین، ئەویش لە ئەنجامی گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و زانستە بنەڕەتییەکان، کە شارستانیەتییەکان لەسەر ئەو پایە دامەزراون.

### 5.3.2: بایەخی وەرگێڕان لە ڕووی کۆمەڵایەتی:-

وەرگێڕان هۆکارێکە بۆ ئەو کەسانەی وەرگێڕن، پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بەرز لە کۆمەڵگەدا بەدەست بهێنن، پرۆسەیەکیشە بۆ گواستنەوەی داب و نەریت و داستان و چیرۆک لە نێوان گەلاندا، وەرگرتنی زانیاری دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی میللەتانی تر.

### 6.3.2: بایەخی وەرگێڕان لە ڕووی ئاستی زمان و پەیوەندی کردن:-

وەرگێڕان پایەی زمانی نەتەوەیی بەرز دەکاتەوە، لەڕێگەی وەرگێڕانەوە دەتوانین شارەزای یاسا زمانییەکانی میللەتانی تر ببین و سوودیان لێوەربگرین، بۆ نموونە بۆ زمان و فێربوونی ئەم زمان، یان بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی مەبەست، سەرەڕای ئەوەی لەڕێگەی وەرگێڕانەوە فەرهەنگی زمان بە وشەی جۆربەجۆر دەوڵەمەند دەبێت.(عامر زناتی جابری ، 2009، ل11-12).

## 2-4: زمان و وەرگێڕان:

زمان یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە سەرجەم بوونەوەرانی تر جیا دەکاتەوە، ئەگەر زمان نەبوایە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەیدەتوانی ئەم جیهانەی کە ئەمرۆ تیایدا دەژی، دروست بکات و بەرەوپێشی ببات و پێویستییەکانی ئەمرۆ فەراهەم بکات و

پەرە بە لێهاتوویی و گۆڕینەوەی زانیارییەکانی بدات. کەواتە ئەو هەموو پێشکەوتنە تەکنەلۆجی و هونەری و زانستییانە قەرزارباری زمانن، لە جیهاندا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە چەندین زمانی جۆراوجۆر گفتوگۆ دەکەن، قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بۆ جۆراوجۆری زمانەکان و تیرە و کۆمەڵگەکان دەکات، ئەمە نیشانەیە بۆ بوونی دەسەڵاتی خودای گەورە، لە تەوراتیش باس لە هۆکاری جیاوازیی زمانەکان دەکات، هەروەک چیرۆکێکی ئەفسانەیی هەیە و دەڵێت: لە کۆندا بەنی ئادەم بە یەک زمان قسەیان دەکرد، تا ڕۆژێک هات و کۆچیانکرد بۆ دەڤەری سەنعار و لەوێ نیشتەجێ بوون، بیریان لە دروستکردنی شارێک و بورجێک کردەوە، کە بەرز و بڵند بێت، سەر لە ئاسمانی خوا بسوێ، تاوەکو بگەنە عەرش، چیتر لەسەر ئەم سەر زەمینە پەرتەوازە نەبن، لەو کاتەدا یەهوا (یەزدان) هاتە خوارێ، تا تەماشای ئەو بورجە بکات، کە ڕۆڵەی ئادەم خەریکە دروستی بکات، یەهووە لە سەرکێشی و بێ پەروایی و بێباکی ئەو قەومە ترسا و وتی: ئەم قەومە هەموو شتێکیان لە دەست دێت، ئینجا یەزدان کارێکی کرد، خەڵکەکە لەیەکتر تێنەگەیشتن، دووبەرەکی کەوتە نێوانیان و بەم جۆرە دەستیان لە دروستکردنی بورجەکە هەڵگرت و لەسەر ڕووی زەوی پەرتەوازە بوون.(حەمە کەریم عارف،2010،ل33).

بەهۆی جۆراوجۆری زمانەوە، زۆرجار بەدحاڵیبوون و کێشە لەنێوان کۆمەڵگەی مرۆڤدا دروست بووە، ئەوەتا دەگێڕنەوە ئەمەریکا ئاگادارییەکی ئاراستەی یابان کرد، بۆ ڕاگرتنی شەڕ و خۆ بەدەستەوەدان، یابانیش بە زمانەکەی خۆیان وەڵامیان دایەوە، بە بەکارهێنانی وشەیەک، ئەو وشەیەش واتای ئەوەی دەگەیاند، کە لە ئاگادارییەکە دەکۆڵنەوە، کەچی وەرگێڕەکە واتایەکی تری بۆ وشەکە وەرگێڕا، واتای ئەوەی دەگەیاند یابانییەکان ئەو ئاگادارییە بەرپەرچ دەدەنەوە، بۆیە ئەمەریکا لە (1945/8/6) بۆمبێکی ئەتۆمی لە هێرۆشیما خستە خوارەوە، بە سەدان کەسی بێ تاوان گیانیان لە دەستدا.(نایف خرما، 1978، ل75).

زانایان و پسپۆڕان لە ڕابوردوودا، هەوڵی ئەوەدا بوون، زمانێکی دەستکرد دروست بکەن، تاوەکو نەبێتە گرفت لەبەردەم پەیوەندیی نێونەتەوەیی، بۆ نموونە زمانی دەستکردی (ئەسپیرانتۆ، ڤۆلاپوک، ئیدیەم نیوترەڵ، ئایدۆ، نۆڤیاڵ، ئینتەر گلۆسە، ئینتەرلینگوە، ئۆ کیدێنتەڵ، فلێکسیۆن لاتینۆ سین).(وریا عومەر ئەمین،2011، ل85).

ئەم پڕۆژەیان سەری نەگرت، ئەویش لەبەر هۆی واقیعی و سایکۆلۆژی و سیاسیی هیچ یەکێک لەو زمانانە نەبوون بە زمانی جیهانی.(حەمە کەریم عارف،2010،ل33).

زمان و وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی تاکە تاکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگێڕن، لەڕێگەی وەرگێڕانەوە فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەبێت، چونکە چەندین وشەی نوێ دێنە ناو زمانەوە، وەرگرتنی ئەو وشانە لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانەکەدا دەگونجێنرێن.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێنە پێش کۆمەڵگە، بەتایبەتی لە بواری وەرگێڕان، زۆر ڕێگە و ڕێباز پێشکەش و پێشنیازکراون لەوانە:

1. بایەخدان بە زیادکردنی خزمەتگوزاری وەرگێڕانی نووسراو، زارەکی، بە سوود وەرگرتن لە زانستیی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت.

2. دروستکردنی زمانێکی کۆمەکی نێونەتەوەیی دەستکرد، تا هەر تاکێک بتوانێت بە ئاسانی فێری ببێت.

3. هاندانی خوێندن و فێربوونی زمانێکی ئاسایی، ئەم دونیایە، وەکو زمانێکی جیهانی.

4. دانان و داڕشتنی بەرنامەیەکی فێرکاری چەند زمانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل26).

پێویستیشە لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا گرنگی و بایەخ بە بواری وەرگێڕان بدرێت، دەزگایەکی وەرگێڕانیش دابمەزرێت بۆ وەرگێڕانی ئەو بابەتە زانستی و هونەرییانەی، کە کۆمەڵگە پێویستی پێیانە، بەداخەوە تاوەکو ئێستا لە کوردستاندا گرنگی و بایەخ بەم بوارە نەدراوە، سەرەڕای بوونی هەوڵی تاکەکەسی، بەڵام ئەمەشیان لە پەنجەکانی دەست دەرناچێ.

وەرگێڕان لە هەر زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، کاریگەریی لەو زمانە دەکات، ئەم کاریگەرییەش دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی باش و لایەنێکی خراپ، کاریگەرییە باشەکەی لەوەدا خۆی دەنوێنێ زمان دەوڵەمەند دەکات بە چەندین وشە لە زانستەکان و تەکنەلۆژیا و هونەر، لایەنە خراپەکەشی کار دەکاتە سەر زمان لە ڕووی پێکهاتنەوە (لێوەرگرتن و داتاشینی وشەی نوێ)، بەتایبەتی ئەگەر لەلایەن کەسانێک بکرێت، توانایان نەبێت یان ئەوەندە پاراستنی زمانەکەیان بەلایەوە گرنگ نەبێت.

زمانی (ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی و فارسی)، کاریگەرییان لەسەر زمانی کوردی هەیە، چەندین وشەی بێگانە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بەتایبەتی زمانی عەرەبی، ئەمەش پەیوەندی بە لایەنەکانی (ئایینی، دەسەڵاتی سیاسیی، ئابووری، ڕۆشنبیری)ەوە هەیە، هەر دەسەڵاتێک، دەسەڵاتی هەبێت، وشە دەخاتە نێو زمانە ژێردەستەکە، زمانی کوردیش لەڕێگەی چەند لایەنێکەوە سوود لە زمانەکانی تری بینیوە، دیارترین شێوەی کارتێکردن و کاریگەریی لەمڕۆدا، وەرگرتنی وشەیە، لەڕێگەی پەیوەندیکردنی کەسەکان و گواستنەوەی

کەلوپەل، لەهەمانکاتدا لەڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، فێرکردن و خوێندنەوەی دەقە کوردییە وەرگێڕدراوەکان، لە زۆر بابەتی هونەریی و زانستیی نوێ، چەندەها وشەی بێگانە بە ئاشکرا لە ڕووی پێکهاتن و واتاوە هەستی پێدەکەین، چونکە ڕۆشنبیری کورد زیاتر وشە وەردەگرێت لەوەی وشە بنێرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەکادیمیای کوردی بەشێوەیەکی چالاکانە هەوڵی نەداوە وشەی نوێ دابتاشێ، بەڵکو توانراوە وشە بێگانەکان بەکوردی بکرێت، لەگەڵ زمانی کوردی بیگونجێنێت، بۆ نموونە وشەکانی (کۆمپیوتەر، تەلەفزیۆن، سایکۆلۆجیا، فەقیر، ئەدەب)، هەرچەندە هەندێک وشە لە زمانەکەمان، بەرانبەر زمانە بێگانەکە هەن، وەکو وشەی (ئەدەب) بەرانبەرەکەی لە زمانی کوردی (وێژەی)ی بۆ دانراوە، دەبێت ئەو وشانە کە لە زماندا وشە یان ڕستەی بەرانبەرییان هەیە، بەکاربهێنرێن.

## 5.2:خەسڵەتەکانی وەرگێڕ

وەرگێڕان پرۆسەیەکی سانا نییە، هەموو کەسێک ناتوانێت خۆی لەم بوارەدا بدات، هەر ئەمەش وایکردووە شارەزایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە ڕەخنە لە بەرهەمی وەرگێڕدراوی وەرگێڕ بگرن و لەگەڵ کەسێکی تردا بەراوردی بکەن، ئەمەش بە پێویستییەکی گرنگ دادەنرێت، بۆ شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی بابەتە وەرگێڕدراوەکە، تاوەکو ڕێنمایی پێویست بدرێت بەو کەسانەی کاری وەرگێڕان دەکەن، لەلای ئێمەی کورد تاوەکو ئێستا نەبۆتە کلتوور تاوەکو بەرهەمی وەرگێڕدراو هەڵبسەنگێنرێت، یان ئەو بەرهەمانەی کە وەرگێڕدراون لەلایەن دەزگایەکی وەرگێڕانەوە بدرێت بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ تاوەکو بیروبۆچوونیان دەربارەی ئەو بابەتە بخەنە ڕوو، کەواتە ئەو کەسەی کاری وەرگێڕان دەکات، دەبێت چەند خەسڵەتێکی تێدا هەبێت، لەوانە:

1. وەرگێڕ دەبێ کەسێکی پڕ زانیاریی و ڕۆشنبیر بێت، چونکە وەرگێڕ تەنیا پەیامێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە ناگوازێتەوە، بەڵکو بیروباوەڕ لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر دەگوازێتەوە، وەرگێڕ دەبێت لەو بوارەی شارەزایی هەیە، وەرگێڕانی تێدا ئەنجام بدات، هەبوون شارەزایی زادەی پێداویستییەکانی ژیانە، ژیانی ئەمڕۆ لەوە فرە لایەنتر و ئاڵۆزتر و جەنجاڵترە، کە لەیەک چوارچێوەی گشتیدا جێگای ببێتەوە، مامەڵەی لەتەکدا بکرێت، واتە ژیان نەک هەر شارەزایی دەخوازێت، بەڵکو دەشێت بسەپێنرێن.(حەمە کەریم عارف، 2010، ل188).

2ـ وەرگێڕ دەبێ خۆی نووسەرێکی چاک بێت، تاوەکو بتوانێت لێزانانە بەرهەمێک وەربگێڕێت، دووبارە بەرهەمی بهێنێتەوە، لەلایەکی تریشەوە دەبێت وەرگێڕ لە پێویستیشە فکری و پەروەردەییەکانی کۆمەڵگەکەی تێبگات، لەو بوارەدا خەریکی کار بێت و شارەزای

هەردوو زمانەکە بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت مەبەستێک، کە لە دەقی مەبەست وەریگرتووە، بە شێوەیەکی دروست بە زمانی خۆی دەریبڕێت، لە واتا و مەبەستی دەقە سەرچاوەکەش بەباشی تێبگات، تاوەکو ناوەڕۆک و مەبەستی دەقەکە بگوازێتەوە بۆ زمانی سەرچاوە.(عیرفان قانعی فەرد، 2005، ل36).

3. وەرگێڕ دەبێت بەباشی بابەتەکە بخوێنێتەوە و توانای ئەوەی هەبێت، هاوواتای ئەو وشە و زاراوانە لە زمانەکەی خۆیدا بدۆزێتەوە، خۆیشی لە وەرگێڕانی وشە بە وشە بەدوور بگرێت، زیاتر خۆی بە وەرگێڕانی واتایی ببەستێتەوە، تاوەکو مەبەستی بابەتەکە بەباشی بگەیەنێت.(ئەمین گەردیگلانی، 2001، ل123).

4. لە کاری وەرگێڕاندا پێویستە وەرگێڕ دووبارە دەقەکە دابڕێژێتەوە، بیر و هەست و نەستی نووسەرەکە ورد و ڕەوان لە وەرگێڕانەکەدا ڕەنگ بداتەوە، ئەو جۆرە وشە و گوتانە بەکاربهێنێت، کە لەناو خەڵکدا باون.(ئیبراهیم ئەمین باڵدار، 1989، ل111).

5. دەستپاکی و گواستنەوەی بیروبۆچوونی نووسەر یەکێکە لە خەسڵەتەکانی وەرگێڕ، بەو واتایەی وەرگێڕ دەبێت بە ئەمانەتەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەقە بنەچەییەکەدا بکات.(جەواد مستەفا ستۆپەیی، 1999، ل10).

6. شارەزای بوون لە کلتوور و ژیاریی بێگانە، کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی وەرگێڕ لە کاری وەرگێڕاندا نەکەوێتە هەڵەوە.( نەجیبە ئەحمەد، 1998، ل96).

7. وەرگێڕ دەبێت شارەزاییەکی تەواوی پەند و ئیدیەم و ڕێزمان و فۆنەتیک و ڕەوانبێژی هەردوو زمانەکە بێت.(ڕەئوف ئەحمەد ئالانی، 1981، ل12).

8. دەبێت وەرگێڕ شارەزای هەردوو زمانەکە بێت.

9. وەرگێڕ وەک گشت نووسەرێک دەبێت زۆر ئاگاداری خاڵبەندی بێت، چونکە تەنها یەک نیشانە دەتوانێت گۆکردنی وشەکە یان واتاکەی بگۆڕێت.(ناهیدە ڕەفیق حیلمی، 1993، ل64).

10- پێویستە وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا فەرهەنگی زانستیی جۆراوجۆر بەکاربهێنێت.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل65).

## 6.2: بیردۆزەکانی وەرگێڕان

یەکێ لە ئامانجە گرنگەکانی بوونی بیردۆزێک بۆ وەرگێڕان، بریتییە لە بەدیهێنانی هۆکارێک(ئامرازێک) لە نێوانیاندا بتوانرێت وەرگێڕانە جیاوازەکان بەراورد بکرێن و هەڵبسەنگێنرێن، ئەمەش بریتییە لە بەکارهێنانی پێوانەی زانستیی لەگەڵ چالاکی کەس و

بەهرەی ئەدەبی ئەو کەسە. تیۆری وەرگێڕانیش هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، تا ڕۆژانی ئەمڕۆ بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە، قۆناغەکانیش ئەمانەن:-

**یەکەم:-** قۆناغی پێش زمانەوانی:- هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم بەردەوامبووە و دەستیان بە ئەرکی نزیکبوونەوەی فیلۆلۆجی و فەلسەفە کرد، بۆ ئەوەی زیاتر لە کارەکانیاندا قووڵببنەوە و شارەزایی پەیدا بکەن.

**دووەم:-** قۆناغی زمانەوانی:- تا شەستەکان بەردەوامبوو، کە دەستیان بە ئەرکی شیکردنەوەی دیاردەی وەرگێڕان کرد و شیکردنەوەیەکی زانستیانە لەسەر ئاستی زماندا ئەنجامدا.

**سێیەم:-** قۆناغی پاش زمانەوانی: لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات، کە دەستیان بە هەوڵدانی پێکهێنانی نێوان هەردوو قۆناغەکەی پێشوو و تیۆری بەردەوامی و دەقدا کرد. لەبەر ئەوە دوا قۆناغی وەڵامدانەوەی گفتوگۆکەرانی وەرگێڕەکانی، وەک (نیدا و سیلیسکۆفیتش و لادمیرال) لەسەر وەرگێڕانی زمانەوانی، وەک (فیدرۆف و فینی و داربلنیە و مۆنان و کاتفۆرد) بوو، وەرگێڕانیان لەسەر ئەزموونکارییەکانی، وەک (کاری و شتاینەر و میشونیک) بە دیاردەیەکی زمانی دادەنا.( شەهاب شیخ تەیب، 2013، ل299).

لێرەدا بە کورتی چەند تیۆرێکی وەرگێڕان دەخەینەروو وەکو:-

**بیردۆزی یەکەم: بیردۆزی نیدا (Eugen NIDA)**

نیدا لە ساڵی (1971) ئەم بیردۆزەی پێشکەشکرد، تیایدا وەرگێڕان بەسەر سێ قۆناغ دابەش دەکات:

1- قۆناغی شیکردنەوە:- ئەم قۆناغە بەرجەستە دەبێت، کاتێک وەرگێڕ هەر نووسینێک یان هەر جۆرە پەیامێک شیدەکاتەوە، شیکردنەوەی پەیوەندی ڕێزمانی نێوان یەکەکانی دەقێک، شیکردنەوەی مانای فەرهەنگی بۆ یەکەکانی دەقێک، شیکردنەوەی بەهای ڕێزمانی و یەکەی ماناکان.

2- قۆناغی گواستنەوە:- لەم قۆناغەدا بایەخ بە گواستنەوەی ناوەرۆکی شیکردنەوەکە بۆ ئاستی نیمچە ڕستە دەدرێت، لە ئاستی دوو زمانەکە زۆر دوور دەکەونەوە لە پێکهاتەی ڕووکاری.

3- دووبارە داڕشتنەوە:- وەرگێڕ دووبارە دەقەکە بە گوێرەی ئەو زمانەی بۆی وەرگێڕدراوە دایدەڕێژێتەوە، (نیدا) پێی وابوو پێویستە نووسینەکە بەشێوەیەک ڕێک بخرێتەوە تا ئەو ئاستەی ئەنجامی دەدات، لە لای وەرگر پەسەند بێت.(بڕوانە، یوجین نەیدا، 1976).

**بیردۆزی دووەم: کاتفۆرد (Catford)**

ئەم بیردۆزە بە بەشێکی دانەبڕاو لە بیردۆزی زمانی دادەنرێت، کاتفۆرد پێی وابوو هەر بیردۆزێکی وەرگێڕان پێویستە لە چوارچێوەی بیردۆزی گشتیی زمانەوانی بێت، کاتفۆرد جێبەجێکردنی تایبەتمەندییەکانی بیردۆزی زمانەوانی لەسەر پرۆسەی وەرگێڕان ئەنجامدا. وەرگێڕانی بۆ سەر چوار ئاستی زمانی دابەشکرد، دەنگی، نووسین، ڕێزمانی و فەرهەنگی.

کاتفۆرد وەرگێڕانی خستە دوو ئاستەوە، ئاستی زمانی و ئاستی دەربڕین، ئاماژەدان بە ئاستی زمانی، واتای هەموو پێکهاتەکانی دەقەکە لەخۆدەگرێ، ئەوەش دەنگ و پیت و ڕستە و دەستەواژەکان لەخۆدەگرێ، کاتفۆرد وەرگێڕانی بەوە پوخت کردەوە، کە دەکەوێتە نێوان دوو لایەنەوە، نزمترینیان پەیوەستە بە تایبەتمەندی و سیفەتەکانەوە، بەرزترینیانیش پەیوەستە بە واتاوە، کاتفۆرد باسی لە چەمکی هاوواتایی و وێکچوونی پێویست کرد، کە وەرگێڕان دەگەیەنێتە ئەوپەڕی پلەی تەواوی.(بڕوانە: جی .سی، کاتفۆرد، 1965).

**بیردۆزی سێیەم: پیتەر نیومارک (Peter Newmark)**

ئەم بیردۆزە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی پێویستە لە وەرگێڕان بگەڕێینەوە سەر سەرچاوەی کلتوور، بۆ بەدەستهێنانی مەبەست و مانای دەقێک، زمان بریتییە لە کلتوور، وەرگێڕان تەنها بۆ گوزارشتکردنە، بە واتایەکی تر مرۆڤ زمان وەرناگێڕێت، بەڵکو تەنها کلتوور وەردەگێڕێت، هەر بۆیە پرۆسەی وەرگێڕان قورسە، چونکە وەرگێڕ لە زۆربەی کاتەکان تووشی جیاوازی زۆری کلتووری دوو زمان دەبێتەوە، ئەوەش سەرچاوەی جیاوازی بنچینەیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئایدۆلۆژی دوو کلتووری گرتووە.

نیومارک چەند پێوەرێکی بۆ شیکردنەوەی دەق پێشنیاز کرد، بۆ نموونە مەبەستی دەق، مەبەستی وەرگێڕ، مەبەستی خوێنەر و کەش و هەوای دەق و شێوازی نووسینی.

دوو ڕێگەی بنچینەیی بۆ وەرگێڕان پێشنیاز کرد، ئەوانیش بریتین لە:-

1- وەرگێڕانی واتایی:- ڕۆڵی وەرگێڕ بریتییە لە دووبارە خستنەڕووی واتای ناوەڕۆکی دەقەکە لەناو چوارچێوەی ڕستەسازیی و واتاسازیی، بۆ ئەو زمانەی بۆی وەرگێڕدراوە.

2- وەرگێڕانی گەیاندن:- ڕۆڵی وەرگێڕ بریتییە لە دروستکردنی هەمان ئەو کاریگەرییەی لە زمانە بنچینەییەکە هەیە بۆ زمانی وەرگێڕدراو.(بڕوانە: بەیتر نیومارک، 1988).

**بیردۆزی چوارەم: ماریان لودیریر (Marianne Lederer)**

ئەم بیردۆزە پشت بە شرۆڤەکردن دەبەستێ، کە بە بیردۆزی شرۆڤەکردن ناسراوە، لودیریر پێی وایە وەرگێڕانی شرۆڤەکردن بە سێ قۆناغی بەدوای یەکدا بەشێوەیەکی پێکەوە

بەستراو دەڕوات، ئەوانیش بریتین لە تێگەیشتن لە واتای دەق، ڕوونکردنەوەی دەستەواژە و وتە و دووبارە داڕشتنەوەی بەشێوەیەکی ڕوون.

بیردۆزی شرۆڤەکردن، دەق وەک یەکەیەکی کراوە دەبینێ، خاوەن سێ ڕەهەندە، ڕەهەندی ئاسۆیی، لە بیردۆزی زمانی بەرجەستە دەبێت، ڕەهەندی ستوونی لە شێواز و بەیەکەوە بەستران بەرجەستە دەبێت، ڕەهەندی پانیش لە جۆری دەق و پەیوەندی دەق بە دەقی ترەوە بەرجەستە دەبێت، بە واتایەکی تر دەق بریتییە لە یەکەیەکی خاوەن سێ ڕەهەندی جیاواز: ڕەهەندی زمانی و بیری و کاریگەریی، هەربۆیەش وەرگێڕان هەوڵ نادات بۆ لێکچوونی پێکهاتەیی بەڵکو هەوڵ دەدات بۆ لێکچوونی کاریگەریی دەقی ڕەسەن و دەقە وەرگێڕدراوەکە. (Pym, A (2014( ,p13)

**بیردۆزی پێنجەم: ئەندری فیدرۆڤ (Andrei Fedorov)**

ئەم بیردۆزە بەشدارییەکی گەورەی کرد لە بیردۆزی فێرکردنی وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی وەرگێڕان. فیدرۆڤ پەرتووکێکی بە ناونیشانی پێشەکی بۆ بیردۆزی وەرگێڕان لە مۆسکۆ لە ساڵی 1953 دەرکرد، دەستیکرد بە لێکۆڵینەوەی زانستیی لەسەر وەرگێڕان، بە مەبەستی لەنگەرگرتنی لێکۆڵینەوەی زانستیی، وەرگێڕانیش خاوەن سروشتێکی زمانییە، بۆ ئەوەی وەرگێڕانیش بچێتە ناو پسپۆڕییەکانی زمانەوانییەوە، باسەکانی پەیوەست بە زمانی دەق. فیدرۆڤ بیروبۆچوونەکانی بەو شێوەیە دەربڕی کە لە بیردۆزی وەرگێڕاندا ناتوانرێت لایەنەکانی تیۆریی و کرداریی بەیەکەوە کۆبکرێنەوە، ئەوە بنچینە و ناوەرۆک و مەبەستە لە وەرگێڕاندا، ئەوەش لەسەر ئاستی فێرکاری و دیاریکردنی کێشەکانە لە وەرگێڕاندا، کە ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبێتەوە و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.( Pym, A ,p17).

## 2-7: جۆرەکانی وەرگێڕان

ڕۆمان جاکۆبسن جۆرەکانی وەرگێڕان بۆ سێ جۆر دابەش دەکات:-

1. گۆڕینی هێما زمانییەکان بۆ هێما زمانییەکانی تری هەمان زمان.
2. گۆڕینی هێما زمانییەکان بۆ هێما زمانییەکانی زمانێکی تر.
3. گۆڕینی هێما زمانییەکان بۆ سیستەمی هێمایەکی تر.(ڕۆمان جاکۆبسن، 1966، ل9).

**جۆری یەکەم**:- ئەم وەرگێڕانە لەناو یەک زماندا ڕوودەدات، کە بریتییە لە دووبارە دەربڕین و شیکردنەوە و داڕشتنەوەی بابەتێک بە شێوازێکی تر و بەکارهێنانی وشەگەلێکی تری هەمان زمان.

**جۆری دووەم**:- وەرگێڕان بریتییە لە وەرگێڕانی بابەتێک لە زمانێکەوە، کە پێیدەڵێن زمانی سەرچاوە، بۆ زمانێکی تر، کە زمانی مەبەستە، بۆ نموونە وەرگێڕانی بابەتێکی زمانی ئینگلیزی بۆ زمانی کوردی.

**جۆری سێیەم**:- وەرگێڕانی سیستەمی هێمایەکان بۆ سیستەمی هێمای تر، بۆ نموونە گۆڕینی (پیت) بۆ سیستەمی (برایت)، سیستەمێکە بۆ نابیستان بەکاردەهێنرێت، بەپێی ئەم دابەشکردنەی ڕۆمان جاکۆبسن جۆری دووەمی وەرگێڕان هەردوو جۆری وەرگێڕانی زارەکی و وەرگێڕانی نووسراو دەگرێتەوە.

جۆرەکانی وەرگێڕان دەبێتە دوو بەش:-

1. وەرگێڕانی زارەکیی

2. وەرگێڕانی نووسراو

وەرگێڕانی زارەکیش دەبێتە چەند جۆرێک، ئەوانیش : -

**یەکەم - وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ:-**

وەرگێڕان پێویستیی بە زانینی دوو سیستەمی زمانەوانی جیاواز هەیە، لێرەدا توانای وەرگێڕی ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، ئەو کارەی لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت، لەمیانەی هەڵوێستێکی زمانەوانیدا، ئەو ئەرکە گرنگانەی پەیوەندییان بە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆوە هەیە، چەند قۆناغێکی جۆراوجۆری هەیە، کە پرۆسەی وەرگێڕانی تێیدا گوزەر دەکات، ئەویش پێویستی بە گوێگرتنێکی ورد و هەستێکی ورد هەیە، بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان، تاوەکو وەرگێڕ تووشی کێشە و گرفت نەبێت و نەبێتە هۆی لەدەستدانی بەشێک لە زانیارییەکان لەکاتی کردەی وەرگێڕانەکەدا، دوا بە دوای ئەمەش قۆناغی شیکردنەوەی وتەکان دێت، ئینجا وەرگێڕان لە سیستەمی زمانە سەرەکییەکە بۆ سیستەمی زمانە مەبەستەکە، پێویستە دووبارە داڕشتنەوەیەکی ورد بۆ ئەو مانایە بکات، کە پێیدەگات، لێرەدا وردی کاری وەرگێڕی ڕاستەوخۆ بەدیدەکرێت، بەتایبەت هەستکردن بەو وتانەی قسەکەر دەریدەبرێت، لەلایەکی ترەوە پێویستی بە دۆزینەوەی وشەی گونجاو و ڕوون هەیە، تاوەکو ئەو مەبەستە بگەیەنێت، کە قسەکەر مەبەستیەتی بۆ ئەوەی لە ڕووی زمان و ڕۆشنبیری و کلتوور زمانە بنەڕەتییەکە و زمانە ئامانجەکە گونجاندنێک بکات، ئەمەش پەیوەندی بە ڕۆشنبیری وەرگێڕ و تواناکانی هەیە، وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ لە چەند لایەنێکەوە جیاوازە لە وەرگێڕانی نووسراو، گرنگترینیان وەکو، گوێگرتن و تێگەیشتن و شیکردنەوە و گەیاندنی پەیامەکە لە کاتێکی دیاریکراودا، چونکە لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆدا کاتێکی زۆر

لەبەردەستدا نییە، بۆ ئەوەی پێکهاتەکە دابڕێژێتەوە، ئینجا بگەیەنرێت، لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆدا ڕووبەڕووی قسەکەر دەبینەوە، بۆ ئەوەی پەیامەکەی وەربگرێ، لە کاتێکدا لە وەرگێڕانی نووسراودا، وەرگێڕ ڕووبەڕووی خوێنەرەکەی دەبێتەوە، وەرگێڕانی نووسراو پێویستی بە گوتن نییە، بەڵکو پێویستمان بە زانینی ئەو زمانە هەیە، دەقەکەی پێ نووسراوە، ناکرێت هەموو کەسێک ناو بنێین (وەرگێڕی ڕاستەوخۆ)، خاوەنی مەرجە جۆراوجۆرەکان نەبێت، دەبێت وەرگێڕ هەردوو زمانەکە بەباشی بزانێت، کاری تێدا دەکات، بۆ ئەوەی وردەکاری گواستنەوەی نامەکان بە دەستپاکیی و ئەمانەتەوە بگەیەنێت، ئازا و چاونەترس بێت بۆ ڕووبەڕوونەوەی هەر ئاستەنگێکی زمانی دێتە پێشی، بتوانێت چارەسەرێک بۆ هەڵوێستەکانی بدۆزێتەوە، شارەزایی و ئەزموونێکی درێژخایەنی هەبێت، ئەگەر ئەو توانایانەی تێدا نەبێت، ئەوە تووشی بڕینی زنجیرەی بیرەکان دەبێت، ئەمەش وا دەکات گوێگرانی سوودمەند نەبن و لە واتا و مەبەستی پەیامەکە نەگەن.( کلوس بیشوف و دانییل جیل، 2012، ل9 ـ10).

**دووەم ـ وەرگێڕانی هاوکات:ـ**

وەرگێڕانیی زارەکیی بۆ دەقێکی بیستراو، کاتێ قسەکەر ڕستە و بڕگەکانی کۆتایی پێ دێت، ئینجا وەرگێڕ پەیامی قسەکەر وەردەگێڕێت، وەرگێڕانی هاوکات لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ وردترە، چونکە وتەبێژەکە لەسەرەخۆ وتەکان پێشکەش دەکات و ماوەیەکی پێویستە، بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە ڕستە و بڕگەکان بکات، پێش ئەوەی پێشکەشی بکات. (فادیم فیتالیفتش سدو بینیکوف و اولغا فلادیمیروفنا بتروفا ،2010، ل316).

**سێیەم ـ وەرگێڕانی بەیەکەوە لکاندن:ـ**

ڕۆڵی وەرگێڕ گواستنەوەی وتەکانە لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانجدار، لە نێوان ژمارەیەکی دیاریکراو لە کەسەکاندا، ئەمەش پێچەوانەی جۆری وەرگێڕانی هاوکاتە، چونکە ئەم جۆرە وەرگێڕانە ڕستە بە ڕستە دەبێت، نەک چاوەڕێکردن بێت، بۆ ئەو کاتەی قەبارەیەک لە دەقە لکێنراوەکە بەدەست دەگات.(حوسامەدین مستەفا، 2011، ل71).

**چوارەم ـ وەرگێڕانی بە چپە:ـ**

بریتییە لە وەرگێڕانی هاوکات، بەڵام لە چوارچێوەی ژمارەیەکی کەم لە کەسەکان ئەنجام دەدرێت، لێرەدا ڕۆڵی وەرگێڕ بەشێوەی چپە دەبێت، بۆ گوێگرەکەی بە وەرگێڕانی ئەو وتانەی کە بۆی دەوترێت، ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە بارێکدا دێت، کۆمەڵەیەک بێت، ژمارەی کەسەکانی لە سێ کەس تێپەڕ نەکات.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل71).

**پێنجەم ـ وەرگێڕانی بینراو:ـ**

بريتييه لە وەرگێڕانی زارەکی بۆ دەقێکی نووسراو، وەرگێڕەکە کاتێک سەیری دەقەکە دەکات، ئینجا وەرگێڕانی زارەکی بۆ دەکات، ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە زۆربەی کاتەکاندا بۆ کورتکردنەوەی کاتەکەیە، یاخود لە کاتی گەیشتنی بەیاننامەیەکی گرنگ یان دەرکردنی بڕیارێک لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەک یاخود دانیشتنێکدا.( محەمەد ئەحمەد منسور، 2006، ل28).

**2.- وەرگێڕانی نووسراو:-**

وەرگێڕانی نووسراو لە گشت بوارەکاندا بە کارێکی داهێنەرانە دادەنرێت، چونکە لەڕێگەی ئەم وەرگێڕانەوە زانیاریی مرۆیی و کلتوور لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگوازێتەوە.(پەروین عوسمان مستەفا، 2009، ل88).

وەرگێڕانی نووسراو سنوورێکی دیاریکراوی نییە، تەنیا سنووری بەردەم ئەم جۆرە وەرگێڕانە نووسراوە بوونی زمانی بنەچەیی.(کورش سەفەوی، 2005، ل14).

لەم جۆرە وەرگێڕانەدا وەرگێڕ بەپێی پسپۆڕیی و شارەزایی خۆی کاری وەرگێڕان دەکات، کەسێک شارەزایی و پسپۆڕیی لە زمان  و ئەدەبی کوردیدا هەیە، ناچێت بابەتێکی نووسراوی بواری ئەندازیاری وەربگێڕێت، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر وەرگێڕانی پسپۆڕیی و شارەزاییە.

## 2-8: بنەماکانی وەرگێڕان

**1. وەرگێڕانی وشە بە وشە:-**

لەمجۆرەدا وشە بە وشە زمانێک وەربگێڕینە سەر زمانێکی دیکە، بێ ئەوەی گوێ بدەینە سروشتی تایبەتی ئەو دوو زمانە جیاوازە، لەم حاڵەتەدا وەرگێڕ بە پێی دەقەکە ناچار دەبێت خۆی ببەستێت بە ڕیزی وشەکانەوە، بۆیە بەزۆری نووسینەکە نا ڕەوان و پچڕ پچڕ دەردەچێ، ئەمەش یەکێکە لە خراپییەکانی ئەم چەشنە وەرگێڕانە، چونکە هەندێ وشە لە زمانێکدا ئەگەر پێشخرا، بۆی هەیە لە زمانێکی تردا دوابخرێت، بێجگە لەمەش، گەلێ جار وەرگێڕان بەوە جوان دەبێت، هەندێ شت لە (ئەسڵەکە لابرێت، یان بخرێتە سەری، بەڵام کە بەپێی ڕیز وەرگێڕان، ناتوانی کەم و زۆر دەستکاری بکەیت. هەر لەبەر ئەمەیە لە وەرگێڕانی وێژە زیندووەکانی بێگانەدا پێڕەوی ئەم جۆرە وەرگێڕانە ناکرێ، بەڵام لە گۆڕینی دەقی

یاسایی و بازرگانی و بابەتی ئایینیدا، وەکو " قورئان، ئینجیل"، بەکار دەهێنرێت.(جەمال نەبەز، 2008، ل7).

**بنەمای ڕێبازی وشە بە وشە**

یەکەم: لەم ڕێبازەدا واتای وشەکان بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت.

دووەم: هاواتابوون لە نێوان دوو وشەدا، دەبێ بە شێوەیەک بێت، کە لەگەڵ یەکتر بگونجێن.

سێیەم: کەڵک وەرگرتن لە وشە وەک یەکەیەکی وەرگێڕان لە کاتی لەبەرچاوگرتنی بەش و پاشەکانی وتە و ڕێک و پێککردنی وشەکان لە دەقی سەرەکیدا.(حسێن یەعقوبی، 2007، ل38).

بەکارهێنانی ڕێبازی وەرگێڕانی وشە بە وشە لەلایەن توێژەران و شارەزایان و پسپۆڕان بە ڕێبازێکی باش دانانرێت، ئەمەش لەبەر ئەو کەموکوڕییانەی کە تێیدا بەدیدەکرێت:-

1- بەکاهێنانی ئەم ڕێبازە، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە مەبەست و ناوەڕۆکی دەق و سەرچاوەکە.( ڕەشید جەمیلی، 1986، ل15).

2- لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا زمانی یەکەم پشتگوێ دەخرێت.

3- لەم جۆرە وەرگێڕانەدا گرنگی و بایەخ بە چۆنیەتی ڕیزبوونی وشە و فرێزەکانی هەردوو زمانەکە نادرێت.

4- لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا ڕەچاوی لایەنی ڕێزمانی هەردوو زمانەکە ناکرێت.(محەمەد مەحوی، 2010، ل52-51).

5- یەکێکی دیکە لەو کەموکوڕییانەی لەم وەرگێڕانەدا بەدی دەکرێت، کە وەرگێڕ تووشی هەڵە دەبێت، گرنگی و بایەخ بە وشەی خواستن و میتافۆر نادرێت، زۆرجار نووسەری زمانی سەرچاوەکە، وشە بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی بەکارناهێنێت، بەڵکو ئەو وشەیە چەند واتایەکی دیکە لەخۆ دەگرێت، بۆیە وەرگێڕانی ئەم دەستەواژانە بە شێوەی وشە بە وشە لە ناوەڕۆکی بابەتەکە دوور دەکەوێتەوە و وەرگێڕ دەکەوێتە هەڵەوە.(پیتەرنیومارک، 2006، ل134).

6- لەبەرئەوەی لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا وەرگێڕ هەر وشەیەک لە زمانی سەرچاوە وەردەگرێت و بۆ زمانی مەبەست وەریدەگێڕێت، مەرج نییە هەموو وشەیەک لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست هاوواتای هەبێت، سەرەڕای ئەوەش وشە لە فەرهەنگدا چەند واتایەکی هەیە، یان وشە لە زمانێکدا واتایەکی هەیە، بەڵام لە زمانەکەی تردا واتایەکی دیکەی هەیە.(توفیق عبدولعەزیز و حەسیب ئیلیاس حەدید، 1989، ل15).

## 2. وەرگێڕانی واتایی:-

ناوەرۆکی ئەم ڕێگایە پشت بە مانای گشتی دەقەکە دەبەستێت ، لە هەر نووسراوێکدا بمانەوێت وەریبگێڕین، لە ئەنجامی وەرگێڕانی ڕستە بە ڕستەی دەقەکە، بەپێی ئەو شێوازە، ناوەرۆکی نووسراوەکە پێک دەهێنرێت. جیاوازی سەرەکی ئەو ڕێگایە لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا ئەوەیە، وەرگێڕانەکە لەسەر کۆی ڕستەکە دەبێت، نەک لەسەر وشە جیاوازەکان، لەڕاستیدا ئەم شێوازە زۆر نزیکترە لە لۆجیک و تێگەشتنی لە شێوازەکانی پێشووتر، (حەنین کوڕی ئیسحاق)، لە ساڵانی( 194-260 )(809-873)ز لە بەناوبانگترینی ئەو کەسانەیە، کە ئەو ریگایەی لە وەرگێڕاندا بەکارهێناوە.( ڕەشید جەمیلی، 1986، ل40).

**بنەماکانی وەرگێڕانی واتایی:-**

**یەکەم**: واتای ڕستە لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست وەردەگێڕدرێت.

**دووەم**: لە وەرگێڕانی واتاییدا گرنگی و بایەخ بە دەستەواژە و پەرەگراف دەدرێت.

**سێیەم**: وەرگێڕ لەم ڕێبازەدا پتر گرنگی بە واتای تێکست دەدات.

ئەم وەرگێڕانە بە باشترین جۆری وەرگێڕان دادەنرێت، چونکە وەرگێڕ بە شێوەیەکی زانستی واتای تێکستە ڕەسەنەکە دەپارێزێت. (پەروین عوسمان مستەفا، 2008، ل62)

**کەموکووڕییەکانی ئەم ڕێگەیە:-**

**یەکەم**: لە وەرگێڕانی واتاییدا، وەرگێڕ هەندێک وشە و دەستەواژە پشتگوێ دەخات، دەکرێت ئەم وشە و ڕستانە هۆکارێکی گرنگ بن بۆ تێگەیشتن لە واتا و مەبەستی تێکستەکە و پاراستنی ئەمانەتی زانستی.( سەفا خەلووسی، 1982، ل24).

**دووەم**: زۆرجار وەرگێڕ تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبێت، کە هەندێک وشە و دەربڕینی نێو دەقە نووسراوەکە پشتگوێ دەخات و بایەخی تەواوی ناداتێ، کە ڕەنگە هەموو تەوژم و گوڕی برگە و بیرۆکەکە برژێتە قاڵبی ئەو وشە و دەربڕینەوە، واتا ئەو دەربڕینە پشتگوێ خراوە و دواین زرمەی ڕیتمی ئەو کۆپلەیە بێت.(بەهات حەسیب قەرەداغی، 1998، ل58).

## 3. وەرگێڕان بە دەستکارییەوە:-

وەرگێڕ تێکستە ڕەسەنەکە هەر وەکو خۆی وەرناگێڕێ، بەڵکو بە گوێرەی پێویست دەستکاری دەکات، ئەم دەستکاریەش دوو جۆرە:-

**جۆری یەکەم:-** فراوانکردنی تێکستە بنەچەییەکە و ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکەکەی بە درێژەپێدانی فۆرمەکەی، چ بە وشەی سەربار و چ بە ڕستەی زیاد و درێژدادڕی.

**جۆری دووەم:-** کورتکردنەوەی تێکستە ڕەسەنەکە بە پوختەکردنی ناوەڕۆکەکەی، واتا هەرچی ڕستە و واتای پێویست و بەکەڵکەکە بنووسرێ، هەرچی زیادەیە و توێکڵە، فڕێ بدرێ.(ئەمین عەلی سەعید و کامل حەسەن عەزیز،1990، ل16).

**مەرجەکانی بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە:-**

1. ئامانج لە دەستکاری و کورتکردنەوە، پوختکردنی بابەتە سەرەکیەکەیە، ئەو هەڵانەی نووسەر کردوونی، دووبارە نەکرێنەوە.

2. پێویستە وەرگێڕ چەند جارێک بابەتەکە بخوێنێتەوە، تاوەکو بە تەواوی لە واتا و مەبەستی دەقە سەرچاوەکە بگات.

3. پێویستە وەرگێڕ زنجیرەی بیر و هزری نووسەر لەبەر چاو بگرێت.

4. پێویستە وەرگێڕ خاڵە سەرەکییەکانی بابەتەکە دەست نیشان بکات، خۆی لە دەستەواژەی ئاڵۆز و تەمومژاوی دوور بخاتەوە.(سەفا خەلووسی، 1982، ل228 ـ 229).

**4 ـ وەرگێڕانی ئامێری:-**

ئەم وەرگێڕانە لەڕێگەی ئامێری ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێت، زاراوەی وەرگێڕان ناوێکی پێوانەیی و لاساییکەرەوەیە، توێژەران لەسەری ڕێککەوتوون، ئەو سیستەمە کۆمپیوتەرانە بەرپرسن لە بەرهەمهێنانی وەرگێڕانی دەقەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، ئەوەش ئەگەر بە هاوکاری مرۆڤ بێت یاخود بەبێ ئەو.(عەبدوڵلا بن حەمەد حمیدان، 2001، ل9). وەرگێڕانی ئامێریی هەرچەندە یارمەتی مرۆڤ دەدات، بۆ ئەوەی بە کەمترین کات، هەر بابەتێکی بوێ لەڕێگەی ئەم ئامێرەوە وەرگێڕانی بۆ بکات، بە ئاسانی بەکاری بهێنێت، هەوڵدانێکی مرۆڤە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، بەڵام ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە گیروگرفت بەدەر نییە، بۆ نموونە سیستەمی ڕیزبوونی وشەکان هەموو زمانێک وەکو یەک نییە، ئەوتافانەی لەزمانێکدا هەیە مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا وەکو یەک بێت، جێناوە کەسییەکان لە زماندا بە زۆری لە جیاتی ناوی کەسێک، شوێنێک، شتێک، یان گیانلەبەرێک بەکاردێت لە ڕستەدا بەڵام گەڕانەوەی جێناوەکان بۆ کەسێک، شوێنێک، شتێک، یان گیانلەبەرێک لەلایەن ئامێرەوە کارێکی دژوارە، هەندێ وشە لە زماندا هەن، ناتوانێت بەتەواوی وەریبگێڕێت و مانای تەواو بدات بە دەستەوە، وەکو، ئیدیەم، وشە فرەواتاکان، قسەی نەستەق، جیاوازی تاکەکانی زمان، سەرەرای جیاوازی زمانەکان، کە ئەمە پەیوەندی بە جیاوازی کلتووری و فەرهەنگی میللەتانەوە هەیە، یەکێکی تر کە لە وەرگێڕانی ئامێریدا ڕووبەڕووی دەبینەوە، هەڵەی ڕێنووسیە.( مەریوان ئەسعەد بەهائەدین، 2013، ل 22.21).

**5. وەرگێڕانی لێکدانەوە:-**

لەم وەرگێڕانە دەقە بنەڕەتیەکە وەردەگێڕدرێ، لە هەمان کاتیشدا لێکدەدرێتەوە، ئەمەش بۆ دەقە قورسەکان بەکاردەهێنرێت، وەک کتێبە ئایینییەکان یان هەڵبەست، هێزی ڕەوانبێژی زۆری تێدایە.(عەبدولواحید مشیر دزەیی،2015، ل88). لەم جۆرە وەرگێڕانەدا دەبێت، واتا دەربڕاوەکان لەگەڵ ڕوونکردنەوەی واتای دەقەکە بخرێتەروو.

## 2-9: کێشەکانی وەرگێڕان

### أ- ئاریشە زمانییەکان:-

### 1. فۆنۆلۆجی

سروشتی زمان - هەر زمانێک بێت - سروشتێکی دەنگی لەخۆ دەگرێت، بەو پێیەی دیراسەکردنی زمانیش تایبەتە بە زمانی ڕاستەوخۆی مرۆڤەوە، خۆی لە قسەکردن و دەربڕینە زمانییەکاندا دەبینێ، بۆیە دەکرێ ئاماژە بۆ ئەو توانا زمانییە بکرێت، کە مرۆڤ لە پرۆسەی پەیوەندیکردن و تێگەیشتندا ئەنجامی دەدات، دیارە ئەم پرۆسەیەش لەڕێگەی هێما دەنگییەکانەوە دێتە ئاراوە.(تاڵیب حوسێن عەلی،2015، ل8).

هەر زمانێک فۆنیمی تایبەتی هەیە، بۆیە وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕاندا، تووشی گیروگرفتی فۆنۆلۆجی دەبێتەوە، ئەگەر لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا بەراوردێک بکەین، دەبینین دەنگەکانی /ذ/ ط/ ظ/ث/ص/ض/ لە زمانی کوردیدا نین.

زمانی کوردی لە بزوێنەکانیش لەگەڵ زمانی عەرەبیدا جیاوازە، بزوێنەکانی زمانی عەرەبی ( ئەلف، فتحة، ضمة، کسرة)، کەچی لە زمانی کوردی شێوەی تریان هەیە.

(عەبدوللا حوسێن ڕەسووڵ) لە کتێبی (چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی)دا، دەنگی (/ ئـ/) بە دەنگێکی بنەچەیی زمانی کوردی دانانێت.

لە زمانی کوردیدا، گەر (س) (ص) ئالوگۆڕ بکرێت، کار لە مانا ناکات، کەچی لە زمانی عەرەبیدا دەتوانین لەهەمان ژینگەدا دەرکەون، بەڵام کار لە مانا بکەن، لەبەر ئەوەی لە زمانی عەرەبیدا (س)،(ص) دوو فۆنیمی جیان، وەک:-

سلب - صلب

سار - صار

عسیر - عصیر ( وریا عومەر ئەمین، 2009، ل55).

### 2. مۆرفۆلۆجی

بەپێی ڕەوشتی مۆرفیمەکان، زمانەکانی جیهان بەسەر چەند کۆمەڵێکدا دابەش دەبن، کە ئەمانەن:-

**یەکەم:-** ئەو زمانانەی لە مۆرفیمی جیا جیا پێکدێن، هەر مۆرفیمە واتایەک یان ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینێ، بۆ کەس، خۆیەتی، پرسیار، مۆرفیمی سەربەخۆیان هەیە. باشترین نموونەی لەم جۆرە زمانی (چینی)یە، ئینگلیزیش تاڕادەیەک لەم کۆمەڵەیە، بەڵام بە تەواوی نا.

**دووەم:-** ئەو زمانانەی ژمارەیەکی زۆر پێشگر و پاشگر بۆ ئەرکە ڕێزمانییەکان بەکاردێنن، وەکو کەس و خۆیەتی و تاک و کۆ...تاد، بەجۆرێک پاش و پێش خستنی وشە، هیچ ڕۆڵێک نابینێت، باشترین نموونەی ئەم کۆمەڵەیە، زمانی لاتینی کۆنە.

**سێیەم:-** ئەو زمانانەی مۆرفیمەکانیان بەندن یان ئازادن و بەدوا یەکتردا دێن، بێ ئەوەی گۆڕانیان بەسەردابێت، بە واتایەکی تر هەموو مۆڕفیمەکان ڕۆنانی دەنگی خۆیان دەپارێزن و دەنگیان لێ ناقرتێ و زیاد ناکەن، زمانی تورکی باشترین نموونەی ئەم کۆمەڵەیە.

**چوارەم:-** ئەو زمانانەی ڕستەی ئاساییان نییە، لە شوێنی ڕستەدا وشەی گەورەکراو بەکاردێنن، لەم جۆرە زمانانەدا مۆرفیمی بەند و ئازاد بەیەکترەوە دەئالێن، تا واتای ڕستە دەدەن بە دەستەوە، زمانی (ئەسکیمۆ) باشترین نموونەی ئەم دەستەیەیە. بە بیروبۆچوونی **(محەمەد مەعروف فەتتاح)**، زمانی کوردی وەک زمانانی تر لە ڕیزکردنی مۆرفیمەکانیدا ڕێگەیەکی تایبەت ناگرێت، لەبەر ئەوە ناتوانین لە ریزی یەکێک لەو کۆمەڵانەی سەرەوەدا دابنێین. ڕەوشتی مۆرفیمەکانی زمانی کوردی تاڕادەیەک لە ڕەوشتی مۆرفیمەکانی کۆمەڵەی یەکەم و دووەم دەچێت، بەڵام بەتەواوی ناچێتە سەر هیچیان.(محەمەد مەعروف فەتتاح،2010، ل25-27).

زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لەیەک خێزانە زماندا نین، زمانی عەرەبی زمانێکی ناوگرییە، مۆرفیمەکانی زمانی عەرەبی بە ئاسانی دیاری ناکرێن یان تواونەتەوە، بەڵام زمانی کوردی مۆرفیمەکانی بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو زمانەکە ڕووبەڕووی چەند کێشەیەک دەبنەوە، زمانی کوردی بۆ ناساندنی ناوێک (ەکە) دەخاتە سەر ناوەکە، لە زمانی عەرەبیشدا ئامرازی پێناسین (ال) وەک پێشگر خۆی دەردەخات.(وریا عومەر ئەمین،2009، ل238).

یەکێکی تر لە گرفتەکان نەبوونی مۆرفیمی تایبەت بە ڕەگەزی (نێر) و (مێ) ، بە تایبەتی لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، تەنیا لە دۆخی بانگکردندا مۆرفیمی (نێر) و (مێ) دەردەکەوێت، بە پێچەوانەوە زمانی عەرەبی بەهۆی مۆرفیمی تایبەتەوە، نیشانەی (نێر) و (مێ) جیا دەکرێتەوە، (ة)ئاماژەیە بۆ ناوی (مێ)، وەک:- (جميلة، صبيحة، قانعة).(سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو،2010، ل202).

له دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، مۆرفیمی تایبەت بە دۆخ نییە، واتا شێوازە فەرمییەکەی، بەڵام لە شێوەزارەکاندا دەبینرێت، دۆخ بریتییە لە (کەتیگۆرییەکی ڕێزمانی، کە پەیوەندی وشەکان و ڕیزبوونیان لە چوارچێوەی ڕستەدا دەبینرێت)، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا مۆرفیمی تایبەت بە دۆخ هەیە، وەک: (دۆخی بکەریی، دۆخی بەرکاریی و جەڕ). (حەیدر حاجی خدر، 2010، ل47).

بۆ کۆکردنەوەی ناو لە زمانی کوردیدا (ان) دەخرێتە دوای ناوەکە، جا ناوەکە چ (نێر) یان (مێ) بێت، بەڵام کۆکردنەوەی ناو لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی (ون) و(ات)ە، کە دەچێتە دوای ناوەکە، لە زمانی عەرەبیدا (ین) بۆ ناوی جووت بەکاردەهێنرێت، (ون) و(ین) لەیەک کاتدا هەم مۆرفیمی کۆن و هەم مۆرفیمی ڕەگەزیشن، کەچی لە زمانی کوردیدا، تەنیا (ان) بخرێتە سەر ناوەکە دەبێتە کۆ، لەهەمان کاتدا لە زمانی کوردی دەتوانرێت ناو بکرێتە جووت، ئەمیش بەهۆی دانانی ژمارەوە، وەکو، دوو قوتابی هاتن. هەندێکجار لە کۆکردنەوەی ناودا لە زمانی عەرەبیدا، مۆرفیمی نێر و مێ دەرناکەوێ، بەڵکو بەشێوەی سەر و بۆر و ژێرەوە دەردەکەوێت (بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: پەروین عوسمان مستەفا، 2009).

زمانی کوردی و زمانی عەرەبیش لەڕووی مۆرفیمی نادیارەوە جیاوازییان هەیە، لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی نادیاری و مۆرفیمی کات دەخرێنە سەر کارەکە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا تەنیا جووڵەکان (حرکات)، ڕۆڵی سازبوونی بکەر نادیاری دەبینێت.(نەریمان عەبدوللا خۆشناو، 2007، ل104).

وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕانی دەقێکی زمانی عەرەبی، دەبێت ئاگاداری جووڵەی ئەو سەر و بۆر و ژێرانە بێت، کە ڕۆڵ دەبینن بۆ بکەر نادیاری لە زمانی عەرەبیدا.

### 3. سینتاکس

لە ئاستی ڕستەسازیدا بایەخ بە ڕێکخستنی وشەکان دەدرێت بۆ ڕۆنانی یەکەی گەورەتر، بە دەستەواژە و لاڕستە و ڕستە ناسراوە، لێرەدا دیسانەوە زمانەکان یاساکانیان جیاوازە، بۆ نموونە لە کوردیدا یاسای ڕێکخستنی وشەکان بۆ دروستکردنی ڕستە بەپێی کاریگەریی کارەکە دەگۆڕێت، ئەگەر کارەکە تێنەپەر بوو یاسای دروستبوونی لە( بکەر، کار) پێک دێت، بەڵام ئەگەر کارەکە تێپەڕ بوو، یاسای دروست بوونی لە (بکەر، بەرکار ،کار) پێک دێت. (یوسف شەریف سەعید، 2013، ل236).

بەڵام لە زمانی عەرەبیدا یاسای دروستبوونی ڕستە وەکو زمانی کوردی نییە، یاسای دروست بوونی ڕستە لە زمانی عەرەبیدا بەم شێوەیەیە (کار+بکەر+ بەرکار)، لەگەڵ ئەوەشدا لە زمانی عەرەبیدا، (ڕستەی ناوی) و (ڕستەی کاری) هەیە، لەم بارەیەوە

**(عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ)** لە کتێبی (چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی)دا دەڵێت:-
هەندێک لە زمانەوانان لەو باوەڕەدا بوون، لە کوردیدا ڕستە هەیە، کاری تیا نیە و لە ناو پێکهاتوون و کاریگەرن بە(جملة اسمية) و (جملة فعلية)ی زمانی عەرەبی و بە کاریگەریی هەمان ڕێزمان لەبری (مبتدا و خبر) ناویان ناوە (نیهاد و گوزارە). بە بیروڕای ئەو ڕستەمان نییە لە زمانی کوردی کاری تێدا نەبێت، ناوی بنێین ڕستەی ناوی. ئایا وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕاندا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕستانەدا دەکات؟.

یەکێکی تر لەم کێشانە، وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، دەمەکانی کارە، لە زمانی کوردیدا هەمان نیشانە، کە بۆ کاری ڕابردوو بەکاردەهێنرێت، بۆ کاری داهاتووش بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا (سوف)و(س) بۆ دەستنیشانکردنی ڕووداوێک بەکاردەهێنرێ، لە داهاتوودا ڕوودەدات، بۆ نموونە، (سيدق الجرس بعد خمس دقائق)، (سوف اذهب الى السليمانية غدا)، لەم نموونانەی سەرەوەدا دەبینین گیروگرفتی وەرگێڕانی کار لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا بە زۆری لە تافی ڕابردوو سەرهەڵدەدەن. (یوئیل یوسف عەزیز و سەلمان داود واسطی، عبدول وهاب نەجم ، 1984، ل 86 – 87-88).

لە زمانی عەرەبیدا، لە حاڵەتی ئاساییدا کار پێش بکەر دەکەوێ، بەڵام ئەگەر بکەر پێشکەوێت، ئەوا مەبەستی دووپاتکردنەوەی (بکەر)ەکەیە.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل93).

دروستکردنی ڕستەی بکەرنادیار لە کرمانجی ناوەڕاستدا، دەبی هەردەم کارەکە تێپەڕ بێت، بەڵام ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بوو، دەبێت بکرێتە کارێکی تێپەڕ، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا کاری بکەرنادیار لە کاری تێنەپەڕ (لازم)یش وەردەگیرێ و بکەرنادیار لێ ساز دەکرێ.(سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو،2010، ل105، 120).

## ب- کێشە واتاییەکان:-

واتاسازی وەک زانستێک لە زمانەوانیدا بایەخ بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی واتای وشە و گرێ و ڕستەکانی زمان دەدات، واتا لە ڕوانگەیەکی زمانییەوە دەڕوانێتە واتا، هەوڵدەدات پەیوەندیی واتایی جۆراوجۆر لەنێوان یەکەکانی زماندا بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ورد و بابەتیانە لە واتا بکۆڵێتەوە. ئەم بنەمایەی واتاسازی لەسەر بنیادنراوە، بریتییە لە واتا، واتای وشە و ڕستەش یان دەق، ئەوەیە، کە دەخرێتە بەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی وردەوە، لەبەر ئەوە گەڕان بەدوای واتا ئەوە نییە، بەدوای بوونێکی سەربەخۆ، یان ئەو بوونانەی وشەکان هەیانە بگەڕێین، بەڵکو بریتییە لە تێگەیشتنی ماهیەت و مەبەستی

وشە و ڕستەکان، بە واتایەکی تر وشەکان و ڕستەکانی زمان چۆن واتا وەردەگرن، یان واتادار دەبن.(تالیب حوسێن عەلی، 2014، ل7).

زمان ئاوێنەی بیر و داب و نەریت و سیماکانی تری کلتوورییە، دانە وشەکانی زمان بوارە گرنگەکانی کلتوور پێچەوانە دەکەنەوە، ئەم بوارانەش خۆی لە ئایین و کۆمەڵایەتی و ئاکاری و هتد دەبینێتەوە. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە هەست و نەستی مرۆڤایەتیدا، وەکو خۆشی و ناخۆشی و خەم و پەژارە و ئێش و ئازار و ڕق و خۆشەویستی ...تاد هاوبەشن، لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ ڕێکخستنیک هەیە ناوی خێزانە، هەست بە شتێک دەکەن، پێیدەڵێن ڕەنگ. ئەم دیاردە سروشتییانەی هەستی پێدەکەن، وەکو سەرما و گەرما، بەفر و باران، کات و ڕۆژ و مانگ، ساڵ، هەسارەکان، ئەستێرەکان...تاد، هاوبەشن.

مرۆڤ حەتمیەتی وەرگێڕانی فەرز کردووە، بۆ نموونە کۆمەڵگەی ئینگلیزی جیاوازی نێوان خاڵ و مام ناکات، بۆ هەردووکیان یەک وشە بەکاردێنی(Uncle)، بە هەمان شێوە وشەی (Cousin) بۆ (ئامۆزا) و (خاڵۆزا) و (پوورزا) بە هەردوو ڕەگەزیەوە (نێر و مێ) بەکاردێت، لە دایەلێکتی کرمانجی ناوەراستی زمانی کوردیدا وشەی (ئامۆزا) بۆ (کوڕە مام) و (کچە مام) بەکاردێت، لە عەرەبیدا، شێر و وشتر و خورما چەندین جۆر و وشەی هەیە، کەچی لە کۆمەڵگەی کوردی و ئینگلیزی تەنها یەک وشە بۆ وشتر هەیە.

زۆرجار دەربڕینی واتا پەیوەندار دەبێت بە ئەو کەسەی قسە دەکات و باری دەرەکی تایبەت و کۆنتێکستی زمانی لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، دەبێ بزانرێت قسەکەر کێیە، ئایا منداڵە یاخود گەورەیە، نێرە یان مێینەیە؟ ...ئایین و ڕۆشنبیری و تەمەن و ڕەگەز و توێژ و چینەکانی کۆمەڵ فاکتەری گرنگن لە دەستنیشانکردنی ئاست و واتای زمان.

کۆنتێکست زمانی ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دەستنیشانکردنی واتا بۆ ئەنجامدانی وردەکاری لە وەرگێڕاندا بەجۆرێ دەبێ وەرگێڕ حسێب بۆ کۆنتێکستی زمانی وشە بکات و وشەی پڕ بە پێستی بۆ هەڵبژێرێت.

واتا تەوەری وەرگێڕان و بنەڕەتیەتی. ئامانجی کۆتایی وەرگێڕان واتاکەیە، وەرگێڕی کارامە دەبێ توانای تێگەیشتنی واتای ئەو تێکستەی هەبێت، کە وەریدەگێڕێت، واتاش فرە جۆرە، واتای ڕاستەوخۆ، واتای بە پلار، واتای ناڕاستەوخۆ، واتای کلتوور...تاد.کە هەموویان خۆیان لە چوارچێوەی واتای بنەڕەتی(Reference)، واتای سۆز و وروژان (Emotive) دەبیننەوە.(حوسێن عەلی وەلی، 1999، ل784، 785، 786).

کێشە بنەڕەتییەکانی پرۆسەی وەرگێڕان لە نێوان دوو زماندا بریتیین لە دۆزینەوەی وتەیەک لە زمانێکدا، هاومانا بێت لەگەڵ زمانەکەی تر، لە پۆلێنکردنیشدا هاوتابن، سەرەڕای

ئەوەی دەبێت پاشخانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە بەکارهێنانی زمانەوانی و بیرکردنەوە، تێڕوانینەکاندا، هاومانا بن، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک ڕوونادات، هەندێک لە زمانناسان پێیان وایە ماناکان دەبێت بە تەواوەتی لە هەردوو زمانەکەدا وەکو یەک بن، بە واتای ئەوەی هەر وشەیەک لە هەر زمانێکدا لەگەڵ زمانەکەی تر هاوواتا بێت، ئەگەر جیاوازییش هەبێت لە نێوان تاکێک و تاکێکی تردا بەتایبەتی لە هەڵوێستێک بۆ هەڵوێستێکی تر، یاخود لە بارودۆخێک بۆ بارودۆخێکی تر، ئەمەش لە نێوان شێوەزارێک و شێوەزارێکی تردا یان لەنێوان زمانێک و زمانێکی تردا، کێشە بنەڕەتییەکانی وەرگێڕانیش زۆرن.( ئەحمەد موختار عومەر، 1998، ل251). وەرگێڕیش لە کاتی وەرگێڕانی دەقێکدا لە ڕووی واتاییەوە ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبێتەوە ، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:-

**1. واتای وشەی فەرهەنگی:-**

فەرهەنگی وشەکان لە نێوان خۆیاندا بە تۆڕێکی واتایی بەیەکەوە بەستراونەتەوە و پۆلێنکراون و خاوەن زمانەکانیش مانای وشەکانی زمانەکەیان دەزانن و فەرهەنگیش بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر لە وشە و واتا.(عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2010، ل142).

لەکاتی وەرگێڕانی وشەیەکی عەرەبی وەکو وشەی (القاعدة) بۆ سەر زمانی کوردی لەپێش هەموو شتێکدا پێویستە چەند وشەی هاوواتای وشەی (القاعدة) هەیە ڕیزیان بکەین، وەکو (الاساس، القاع، القعر، القاعید، المقعد)، ئینجا چەند وشەی زمانی کوردیش هەن، بەرانبەریان ئەویش بهێنرێن و ڕیز بکرێن، وەکو (بنچینە، بنەڕەتی، بناغە، بن، بنک، بێخ، ڕێسا)، دەبێت ئەو وشانە بەتەواوی لێکبدرێنەوە.( ع. ع. شەونم، بەیان(گ)، 1974، ل5).

یەکێک لەو کێشانەی وەرگێڕ ڕووبەڕووی دەبیتەوە، واتای فەرهەنگیی وشەیە، چونکە لە فەرهەنگدا هەموو زانیارییەکان دەربارەی واتای ئەو وشەیە نادات بە دەستەوە، بۆ نموونە وشە لە فەرهەنگی زمانێکدا سەر بە بەشێکی ئاخاوتنە، بەڵام لە زمانێکی تر سەر بە بەشێکی ئاخاوتنی ترە، وشەش لە ڕستەدا نەبێت، واتاکەی دەرناکەوێت، بەڵکو وشەکانی دەوروبەری ئەو وشەیە واتای وشەکە دیاری دەکەن، یان وشە لە فەرهەنگێک واتایەک دەدات، کەچی لە فەرهەنگێکی تر واتایەکی تری هەیە.

**وشە لەڕووی ماناوە، دوو جۆر واتای هەیە، ئەوانیش:**

1. واتای ڕاستەقینە:. بەو مانایە دەوترێت، کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی بابەتی راستەقینە نیشان دەدات.

2. واتای خواستراو:. بەو مانەیە دەوترێت، کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی بابەتی ڕاستەقینە نیشان نادات، بەڵکو لەڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ دیاردەکەدا مانا دەدات.(ئەورەحمانی حاجی مارف، کۆری زانیاری کورد(گ)، بەرگی دووەم، بەشی دووەم، 1974، ل90).

**2. هاوواتایی:.**

بەشێوەیەکی گشتی دوو بۆچوون بۆ پێناسەی(هاوواتایی) هەن، کە یەکێکە لە گرینگترین پەیوەندییە شوێنییەکان.

1. دوو کەرەسە هاوواتا دەبن، ئەگەر هەمان شوێنیان هەبێت، ئەم بۆچوونەیان ئێستا لە زۆرترین بیردۆزەکانی هاوچەرخدا هەیە.

2 . دوو کەرەسە کاتێک هاوواتا دەبن، لە هەندێ شوێندا جێی یەکتری بگرنەوە.(بێخاڵ عەبدوللا سەعید، 1989، ل76).

لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایانی ئەم بوارە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، هاوواتای تەواو نییە، وشەیەک ناتوانێت بەتەواوی شوێنی وشەیەکی تر بگرێتەوە. بۆیە وەرگێڕ دەبێ شارەزاییەکی تەواوی لە زمانە بنەڕەتییەکە و زمانی مەبەستەکەدا هەبێت، شارەزایی ئەو وشانە بێت، کە لە هەردوو زمانەکەدا هاوواتان، ئەسکیمۆکان چەندین وشەیان بۆ (بەفر) هەیە، لە زمانی عەرەبیشدا چەند وشەیەک بۆ (حوشتر) هەن.

**3. فرەواتا:.**

ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە واتایەک بە دەستەوە دەدەن، یەکێکیش لەو کێشانەی ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبێتەوە، دیاردەی فرەواتاییە، بۆ نموونە وشەی (مبصر) لە زمانی عەرەبیدا چەند واتایەکی هەیە، وەکو(چاوساخ، چاوکراوە، دەبینێ، زرنگ، زیرەک، کارامە، تێگەیشتوو).(فازیل نیزامەدین، 2013، ل1056).

**4. دژواتا:.**

یەکێکە لە پەیوەندییە واتایەکانی نێوان وشەکان، لە واتاسازی وشەدا بەو وشانە دەگوترێت، لە مانادا بەرانبەر بەیەک دژ وەستاون، دژواتا وەک دیاردەیەکی دوو لایی پەیوەندی نێوان دوو شت، یان دوو کەس نیشان دەدات، کە بیری دژایەتی و بەرەنگارییان بەرانبەر یەکتر تێدایە.( تاڵیب حوسێن عەلی، 2011، 88).

دژواتاش دەبێتە چەند جۆرێک وەکو:. (نەریمان عەبدوللا خۆشناو،2014، 85).

**1. دژواتای پلەدار:.**

وەکو گەورە / بچوک، باش/ خراپ. ئەم دژواتایەش بوار بۆ گوزارشتکردن لە پلە واتاییە پێچەوانەکان دەرەخسێنێت، وەکو:ـ زۆر گەورە ـ گەورەتر، زۆر بچوک، بچوکتر ـ تاڕادەیەک بچووک.

**2. دژواتای بێ پلە:ـ**

ئەم جۆرە دژواتایە بوار بۆ گوزارشتکردن لە پلە واتاییە پێچەوانەکانی ئەم وشانە ناڕەخسێنێت، وەکو: ڕەبەن/ خێزاندار/ نێر/ مێ، چونکە ناماقووڵە بڵێین زۆر نێرە، یان بڵێین تاڕادەیەک خێزاندارە.

**3. دژواتای پێچەوانە:ـ**

لە پەیوەندی هەندێ وشە وەک، (کڕین، فرۆشتن)، (ژن، مێرد)دەردەکەوێ و هەردوو وشەکە باس لەیەک دەکەن و زۆرجاریش بەیەکەوەش دێن وەک، من کتێبەکەم لە تۆ کڕی. واتە تۆ کتێبەکەت بەمن فرۆشت.(عەبدولواحید موشیر دزەیی،2010، ل120). وەرگێڕیش لە کاتی وەرگێڕاندا دەبێت دژواتاکانی هەردوو زمانەکە بزانێت.

**5. هاوبێژی:ـ**

هاوبێژی وشەیەکی یۆنانییە بە مانای هەمان گۆکردن دێت، لای ئەوروپییەکان هاوبێژی ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، تەنها لە ڕووی گۆکردنەوە نەبێت، لای ئۆلمان ئەو وشانەن، کە لە ڕووی شێوە و پێکهاتنەوە یەکن هاوبێژیش چەند جۆرێکی هەیە، وەکو:ـ

1ـ **هاودەنگ**:ـ ئەو وشانەن، لەگوتندا لەیەک دەچن، بەڵام جیاواز دەنووسرێن، وەک:ـ no_ Know .(تاڵیب حوسێن عەلی، 2011، ل92ـ 93).

2. هاوپیت:ـ بەو وشانە دەگوترێت، کە لە نووسیندا یەکن، بەڵام لە گۆکردندا جیاوازن، بۆ ئەم مەبەستەش هێز رۆلێکی سەرەکی هەیە، وەکو:ـ دووڕوو (منافق) دووڕوو( وجهان).

3. **هاوبێژی تەواو**:ـ وشەیەکە چەند مانایەک دەدات، بەڵام واتاکانیان لەیەک دوورن وەکو:ـ ئازار (مانگی مارت)، ئازار (ئێش و ژان).(عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2010، ل 106).

بەهۆی ئەوەی ئەم دیاردانەی لای سەرەوە لە زمانەکاندا هاوبەشن، ئەمەش دەبێتە گیروگرفت لە بەردەم وەرگێڕانی دەقێکدا، دەبێت وەرگێڕ شارەزاییەکی تەواوی هەردوو زمانەکە بێت، لەڕووی وشە (فرەواتا، دژواتا، هاوبێژی و هاوواتا، میتافۆر).

## ج ـ کێشە کلتوورییەکان:ـ

ئەو کێشە و گرفتانەی پەیوەندییان بە لایەنی ژیارییەوە هەیە، چەندین ئاستەنگ و تەگەرەی گەورەن لە بەردەم وەرگێڕاندا، هەر دەقێک بمانەوێت ، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر

وەرگێڕانی بۆ بکەین، پێویستە زمان و پەیوەندییەکانی بەلایەنی ژیارییەوە بەهەند وەربگیرێت، دەبێت وەرگێڕانەکە هاوتا بێت، لەگەڵ ئەو دیدگایەی هەیە، لە کردەی وەرگێڕاندا هەموو لایەنێکی گشتی و چوارچێوەی دەقەکەش دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، سەرباری ئەو گوزارشتە دەروونییانەی تایبەتن و لە وەرگێڕاندا هەن، بە شێوەیەکی گشتیی دەبێت داڕشتنەوەیەکی تایبەتی بۆ دەقەکە بکرێت، چونکە وەرگێڕان بەندە بە ماناکەیەوە، لەو ژینگەیەی کە هەیە و قسەی پێدەکرێت.(تۆفیق عەزیز عەبدوڵلا، حەسیب ئیلیاس حەدید، 1989، ل21-22)

کەواتە جیاوازی کلتوور دەبێتە هۆی کێشە بۆ وەرگێڕ، بۆ نموونە هەر میللەتێک پەندی پێشینان و ئیدیەمی تایبەت بە خۆی هەیە، یان بیر و هزری تایبەتی هەیە، کە لە دەقەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، هەندێک وشە لەلایەنی دەروونییەوە لەلای میللەتێک بۆ میللەتێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە وشەی (کەندەپەپۆ) لەلای کورد مانای شوومی دەدات، بەڵام لەلای ئەمەریکییەکان نیشانەی بەهێزییە.(عبدولواحید موشیر دزەیی، 2015، ل93).

ئەگەر وشەی کلتوور بە نموونە وەربگرین، دەبینین لە هەر فەرهەنگێکدا مانایەکی جیاوازی هەیە، واتا هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی (بیر) و(باوەڕ)ی خۆی لێکی دەداتەوە، وەکو لە فەرهەنگی(ئۆکسفۆرد) بە واتای (هونەر، بیر)، ئەو ڕێگایانەی کە گرووپێک و کۆمەڵێک لەسەری دەژین، زیاتر واتاکەی لە بواری کۆمەڵایەتی شیکراوەتەوە، بەڵام لە فەرهەنگی ئەڵمانی بە واتای (ڕۆحی سەردەم، شێواز- قالب، سیاسەتی واقیعی، پاڵنەری سەرکردایەتی)..واتا هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی بیروباوەڕی کۆمەڵگەکە و ژینگەکەی خۆی مانا بۆ وشەکانی زمان دیاری دەکات.(پەیمان حەسەن محەمەد،2010، ل120).

**د- کێشەی زاراوەسازی:-**

وشەیەکن لە ئەنجامی ڕێکەوتنی شارەزایانی زمانەوە بۆ ناولێنانی داهات و داهێنانی تازە لەناو کۆمەڵەوە دادەنرێت، زاراوە لە ئەنجامی پێویستی و بەکارهێنانی ناولێنراوەکان لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵدا دێتە کایەوە بۆ ناو زمانەوە، ناوی زانستیی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، وەکو:- کۆمەڵایەتی، سیاسیی، ئابووری، ڕۆشنبیری و تەندروستی..هتد بەکاردێن.( ڕەفیق شوانی، 2011، ل117، 118).

گۆڕان و پێشکەوتنی خێرای زانست و تەکنەلۆژیا هۆیەکی سەرەکی بوون، بۆ زێدەبوونی چەمکەکانی، تا ئەو ڕادەی وشەکانی زمان بەشیان نەکات، لەبەر ئەوەی پێویست دەکات، بە دوای شێوازی چارەکردنی ئەم گیروگرفتەدا بگەڕێین، بە شێوەیەکی زانستیانە هەوڵی دۆزینەوە و هەڵبژاردن و دانانی زاراوەی نوێ بدەین، بە وردی ئەو چەمکانە

دەڕبڕێت، لێرەوە زاراوەسازی سەریهەڵداوە، زاراوەی زانستیی هاوبەشە لە نێوان زمانناسی و ژیربێژی و ئەنتۆلۆژی و بوارە تایبەتمەندییەکانی زانست، زۆربوونی زاراوەکان بووە هۆی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و پێکهێنانی بانکی زاراوەکان، بۆ ئەرشیفکردنی زاراوەکان و هەموو ئەو زانراوانەی پەیوەندیدار بە زاراوەسازی وەک سەرچاوە و دام و دەزگا کاراکان لەم بوارەدا، ئاشکرایە یەکخستنی زاراوە زانستیەکانی دابینکاری یەک زمانی زانستییە، کە دابینکاری یەکێتیی ڕۆشنبیری و نەتەوەییە.(محەمەد وەسمان، 2004، ل46).

ئێمەی کورد لە هیچ ڕوویەکەوە بۆمان نەلواوە بتوانین بایی پێویست، بگرە دەیەکی پێویست، ئامادەی زاراوەسازی بین، سۆز و عاتیفەی وەها دەکات، لێرە و لەوێ مێرخاسێکی کورد بە ئەرکی ماددی و بە ڕادەی لێهاتوویی خۆی خەریکی گرتنی بەشێکی ئەم کەلێنە زلەی زاراوەی کوردی بێت.(مەسعوود محەمەد، 2011، ل8).

ئەگەرچی دەزگایەکی وا لە کوردستاندا نییە، کە بەردەوام بەرهەمە بیانییەکان (زانستیی و ئەدەبی و مەعریفی...تاد) وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی. دیسان دەبینین هەوڵ و کاری تاکەکەس لە هەندێک بواردا وەرگێڕانی بەرهەمی بیانی دەوری خۆی لە بواری زماندا بینیووە.

**(تاڵیب حوسێن عەلی)** لە (کتێبی زانستیی زمان و زمانی کوردی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:- وەرگێڕ یان توێژەر دەتوانێت سوود لە فەرهەنگی زاراوەی زانستیی وەربگرێت، کەواتە کەمی فەرهەنگی تایبەت بە زاراوەی زانستیی لە گشت زانستەکاندا، بە یەکێک لەو گرفتە سەرەکییانە دادەنرێت، کە وەرگێڕ یان توێژەر دووچاری دەبێت، لەکاتی وەرگێڕان یان نووسین و ئامادەکردنی بابەتێکی زانستیدا.(تاڵیب حوسێن عەلی،2014، ل182).

هەندێک گیروگرفت لەبەردەم دانانی زاراوە لە زمانی کوردیدا هەن، وەکو:- فرە دیالێکتی زمانی کوردی و فرە سەرچاوەی زاراوە، زۆری دانەرانی زاراوە، ژێردەستەیی، نەبوونی دەوڵەت، پێشنەکەوتنی زانستیی، کەمتەرخەمی کۆڕی زانیاری کورد، نەبوونی فەرهەنگ، کەمی ژمارەی دەزگا کلتووری و ئەکادیمییەکان.

وەرگێڕ لە کاتێ وەرگێڕانی زاراوەشدا، زۆرجار دەکەوێتە هەڵەوە، بۆ نموونە وەرگێڕانی زاراوەی عەرەبی، زۆر ئاشکرایە هەر نەتەوەیەک بە گوێرەی چۆنیەتی بیرکردنەوەی تایبەتییەکانی (ڕووداو، شتەکان)، هەڵدەسەنگێنن و دەستنیشانیان دەکەن، بۆیە وەرگێڕ واتای وشەیەک یان ڕستەیەک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، دەبێ ئاگای لەو چۆنیەتی بیرکردنەوەیە بێت، بزانێت خاوەنی ئەو وشە و ڕستەیە لە نەتەوەکان بە چ

پارسەنگێک لە تایبەتییەکانی ڕووداو، شتەکان گەیشتوون، بۆ نموونە وەرگێڕی کورد لە وەرگێڕانی زاراوەی (المظاهر) بۆ سەر زمانی کوردی، وشەی(المظاهر) لە زمانی عەرەبیدا لە کاری (ظاهرة)ەوە، وەرگیڕاوە،(ظاهرە)یش لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (پشتگرتن) دێت، کەچی وەرگێڕی کورد وایزانیوە، وشەی(المظاهرة) لەکاری (تظاهر)ەوە هاتووە، بۆیە واتاکەی بە وشەی (خۆپیشاندان) دەربڕیوە، سەرەڕای ئەم هەڵەیە، وشەی (خۆپیشاندان) تایبەتییەکانی ڕووداوەکە ناگەیەنێت و مەبەستی جەماوەران لەو کارە دەرناخات.(کامیل بەسیر، کۆڕی زانیاری کورد(گ)، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، 1974، ل763).

یەکێکی تر لەو هەڵانەی وەرگێڕی کورد دەیکات، وەرگرتنی وشەیە لە زمانێکی تر، لەگەڵ زمانەکەی خۆی بەپێی یاسای فۆنەتیکی زمانەکەی خۆی دەیگونجێنێت، کێشەکە لەوەدایە، نازانێت ئەو وشەیە واتا بنچینەکەی چییە؟، بۆ نموونە وشەی (قوتابی)، لە دەربڕینی (کتابی)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، ئەم دەربڕینە لە وشەی (کتابی) بە واتای حوجرە و پیتی (یای) نەسب پێکهاتووە، لە هەنگاوی یەکەم دەنگی /ک/، کراوە بە دەنگی /ق/، لەو دوو(ت)ێیە، یەکێکیان فرێدراوە، دواتر واتای(کتابی) لە خوێندکاری حوجرەوە بۆ واتای خوێندکاری خوێندنگە و زانکۆ پەرەی سەندووە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل762).

**ە ـ ئاستەنگەکانی دەوروبەر:ـ**

ئەم جۆرە پەیوەندی بە ئەرکەکانی دەقەکەوە هەیە، بەتایبەتی لە ئەرکی هەواڵ و زانیاریدا، دەق لێرەدا مەبەستی گەیاندنی هەواڵە بە زانیاری دیاریکراو، لەمیانەی بەکارهێنانی ڕێکخستی زمانێکی دیاریکراو، گەلێک هۆکار هەن، کاریگەرییان لەسەر دەوروبەری دەقەکە هەیە، لەوانە چوارچێوەی زمانەوانی دەقەکە، توانای گوزارشتکردنی لە بیری خاوەنی دەقەکەوە، توانای هەستکردنی وەرگرەوە، ئەو ژینگەیەی کە لە دەوروبەری دەقەکەی داوە، لێرەدا ئاستەنگەکە لەوەدا دەردەکەوێت، ئەوکاتەی هەوڵ دەدرێت بۆ دۆزینەوەی وەرگێڕانێکی گونجاو لە دەوروبەری دەقە بنەڕەتییەکەدا.(حوسامەدین مستەفا، 2011، ل93).

ئەحمەد موختار عومەر لە کتێبی (علم الدلالة)دا دەوروبەر بۆ چوارجۆر دابەش دەکات، ئەوانیش ئەمانەن:ـ

**1. دەوروبەری زمانی**

**2. دەوروبەری دەروونی**

**3. دەوروبەری هەڵوێستی**

**4. دەوروبەری ڕۆشنبیری**(ئەحمەد موختار عومەر ، 2006، ل69).

**1. دەوروبەری زمانی:.**

بەکارهێنانی وشە لە ڕستەدا واتاکەی دەردەکەوێت، بۆ نموونە سەیری وشەی (جوان) لەم سێ ڕستەیەدا واتای جیاوازی هەیە،

1. جوان باشە.
2. کچەکە جوانە.
3. کچەکە جوان دەڕوات.

لەم سێ ڕستەیەدا وشەکانی دەوروبەر دیاری دەکەن واتای وشەی (جوان). یان لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر وشەی (عین) لەم ڕستانەدا وەربگرین:

1. عين الطفل تؤلمة.
2. هذا عين للعدو.

لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (عین) بە واتای ئەندامێکی جەستە بەکارهاتووە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا بە واتای (سیخور) بەکارهاتووە.(پەیمان عەبدولکەریم سەعید، 2013، ل49).

**2. دەوروبەری دەروونی:.**

لایەنی دەروونی کاریگەریی لەسەر سروشت و بەکارهێنانی وشە هەیە، لە ئەنجامدا وشەیەک لەجیاتی وشەیەکی تر بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا (جدار) لە شوێنی وشەی (الغضب) بەکاردەهێنێت.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل50).

لە زمانی کوردیشدا ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە ئێمە ناڵێین (ئەو پێشمەرگەیە کوژرا)، بەڵکو دەڵێین (ئەو پێشمەرگەیە شەهید بوو).

**3. دەوروبەری هەڵوێستی:.**

مەبەست لەو وشە و دەستەواژە و ڕستانەن، کە لە هەڵوێستێکی ئاخاوتندا یان نووسیندا بەکار دەهێنرێن، بۆ نموونە وشەی (یرحم) لە ڕستەی (یرحمک الله) و ڕستەی (الله یرحمک)، دەبینین وشەی (یرحم) لە هەردوو ڕستەکەدا جیاوازە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی ئەو وشەیەیە لە هەڵوێستی جیاجیادا.( ئەحمەد موختار عومەر، 2006، ل71).

**4. دەوروبەری ڕۆشنبیری:.**

ئەو دەوروبەری ڕۆشنبیریە پەیوەندی بەو وشە و دەستەواژە و ڕستانەوە هەیە، کە لە کۆمەڵگەیەکدا یان لەلایەن گروپێکی تایبەتەوە بەکار دەهێنرێن، بۆ نموونە وشەی (عەمید)

لەلای ئێمە بە واتای بەرپرسی یەکەمی کۆلێژ دێت، بەڵام هەمان وشە لە لیبیادا بە واتای (سەرۆکی شارەوانی) دێت و لە بواری سەربازیشدا واتایەکی تری هەیە.

## و. ئاستەنگەکانی شێوازگەری:-

شێواز بەو سیما و ئاکارانەوە دیاری دەکرێت، کە پەیوەندییان بە شێوە و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەوە هەیە. لەبەر ئەوە دەبینین هەموو ئەو کەسانەی سەر بە یەک کۆمەڵگەی زمانین وەک یەک نادوێن و قسە ناکەن، بەڵکو لە بەکارهێنانی زماندا جیاوازییان لەنێواندا دەبێت چ لەشێوەی درکاندنی دەنگەکان و هەڵبژاردنی وشەکاندا بێت چ لە داڕشتن و دەربڕینی وتە و ڕستەکاندا.(تالیب حوسێن عەلی، 2014، ل292).

لە وەرگێڕانی دەقی غەیرە ئەدەبییدا، زیاتر بایەخ بە ناسینی دەق و وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لە بارەی بابەتەکە دەدرێ، بەڵام لە دەقە ئەدەبییەکاندا، ئەوەی لە بەرهەمێکدا زیاتر گرنگی پێ دەدرێ، شێوازە.

شێواز بریتییە لەو تایبەتمەندییانە، ئاواز، تەنز، قسەی خۆش، جۆری زمان(ئەدەبی)، هەڵبژاردنی وشەکان، یاریکردن بە وشە، چڕوپڕی یان بەربڵاوی کورت یان درێژبوونی ڕستەکان، نیشانەکانی نووسین. (قادر وریا، 2005، ل40).

ڕەچاوکردنی شێوازی دەقی زمانە بنەڕەتییەکە لە وەرگێڕاندا، یەکێکە لە ئەرکەکانی سەرشانی وەرگێڕەوە. ئەم کارە پێویستی بە ناسینی جۆرێکی تایبەتی هەیە، کە لە دەقە جیاوازەکاندا بەکار دەبرێ. وەرگێڕ بەپێی ئەزموونی خۆی لە هەلومەرجێکی تایبەتدا، وەرگێڕانی واتایی، واتە سەرنجدان بەو شتەی نووسەر دەڵێ یان وەرگێڕانی پەیوەندیگر، واتە سەرنجدان بەو شتەی خوێنەر دەتوانێ لێی تێبگات هەڵدەبژێرێ، بەڵام ناتوانێ شێوازەکەی بگۆڕێ. (کۆرش سەفەوی، 2005، ل90).

هەندێکجار خاوەنی دەقەکە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی شێوازی زمانەوانی مەجازی، گوزارشتەکان زۆرجار بەسەر پێکهاتەکە زاڵن و لێڵی دەردەکەوێت، لێرەدا دەبێت ئاستەنگەکان بەهەند وەربگیرێن، بەتایبەتی هەستکردن بە مانای بنەڕەتی دەقەکە، خاوەنی دەقەکە تووشی کێشە دەبێت، بۆ ئەوەی بەدوای شێوازێکی وەرگێڕانی دیکە بدۆزێتەوە. (حوسامەدین مستەفا، 2011، ل94-93).

## ز. کەمی فەرهەنگی پسپۆڕیی:-

فەرهەنگسازی ئەو زانستەیە گرنگی بە دەستنیشاکردنی واتای وشەکان و چۆنیەتی درکاندن و بەکارهێنان و داڕشتی وشە دەدات.(شێرزاد سەبری عەلی، عەبدولسلام نەجمەدین عەبدوڵلا، 2011، ل203).

زاراوەی فەرهەنگیش بە مانای کۆی داهێنانەکانی مرۆڤ و بە مانای بەرهەمی سازماندراوی ئەزموونی مرۆڤایەتییە، تاوەکو ئێستا بەکارهاتووە، فەرهەنگ هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، ئادەمیزاد لە پرۆسەیەکدا بە شێوەی جۆراوجۆری وەکو: کەرستە و پێداویستی شەڕ، پەناگە، شتە ماددییەکانی تر دروستی کردوون، کە بریتییە لە هەموو ئەو شتانە لە ڕووی تێڕوانین و باوەر، بیر و دادوەریی، یاسا، دامودەزگا، هونەر و زانست، فەلسەفە، سازمانی کۆمەڵایەتی دروست بوون و کۆک و پۆشتەکراون. فەرهەنگ بریتییە لە پێوەندی دەروونی ئەم فاکتەرانە و هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ لە ژیانی ئاژەڵی جیای دەکاتەوە. هەر شتێکی ماددی و غەیرە ماددی، لە ڕێڕەوی ژیاندا بە دەستی مرۆڤ دروستکرابێت، لە مانای فەرهەنگدا جێ دەبێتەوە.(داریوش ئاشووری، 2013، ل64).

بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان، پێویستمان بە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی هەیە، ئەویش بەهۆی بوونی پەیوەندییەکی بەتین و گرنگ لەنێوان فەرهەنگ و زمان. هەر بۆیە بە کۆی دانەکانی فەرهەنگ دەوترێت زمان، بەڵام ناتوانین بەکۆی دانەکانی زمان بڵێین فەرهەنگ، چونکە زمان لە فەرهەنگ فراوانترە، بە تێکڕای وشەکانی زمان دەوترێت فەرهەنگی گشتی زمان. (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، 2007، ل10).

یەکێک لەو ئاریشانەی هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبێتەوە، نەبوونی یان کەمی فەرهەنگی پسپۆڕییە، تاوەکو ئێستا پڕۆژەیەکی تایبەت نییە، بۆ ئەوەی هەر بابەتێک فەرهەنگی تایبەت بە خۆی هەبێت، هەرچەندە هەندێک هەوڵی تاکەکەسی هەیە بۆ دانانی فەرهەنگی پسپۆڕیی، بەڵام ئەمەشیان بەپێی پێویست نییە.

## 10.2: مێژووی وەرگێڕان لای کورد

باسکردن لە مێژووی وەرگێڕان لای کورد ئاسۆیەکی ڕوونی نییە، تاوەکو ئێستا بە تەواوی نازانرێت، کە چ تێکستێک لە زمانی بێگانەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی، چەند هۆکارێکیش وایکردووە لەو کاتەدا تاکی کورد گرنگی و بایەخی بە بابەتی وەرگێڕدراو نەداوە، یەکێک لەو هۆکارانە نەبوونی پەیوەندیی تاکی کورد بووە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، ئەمەش بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێکی کوردییەوە بوو، ئەوە وایکردووە میللەتی کورد هیچ دام و دەزگایەکی ڕەسمی نەبێت، تاوەکو بایەخ بە کاری وەرگێڕان بدات، لە سەدەکانی پێشووتردا تاکی کوردی بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی خوێندوویانە، بەڕێوەبردنی

کارەکانیشیان هەر بەو زمانانە بووە، هۆکارێکی دیکە نەبوونی چاپخانە و قوتابخانە لە کوردستاندا بووە، لە کۆنەوەش تاکی کوردی لە یەک ناوچەدا نەژیاوە، بەهۆی خەریک بوون بە بواری ئاژەڵداری لە شێوەی کۆچەری ژیاوە، لە ئێستاشدا هەوڵەکان لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزایانەوە لاوازن، تاوەکو بزانن گەلی کورد کەی دەستی بە کاری وەرگێڕان کردووە، بەتایبەتی وەرگێڕانی تێکستی بیانی بۆ سەر زمانی کوردی.

کۆنترین سەرچاوە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئاماژەی بۆ ئەوە کردبێت، کورد وەرگێڕانی کردبێت، واتە باسی وەرگێڕانی نێوان زمانی کوردی و زمانێکی بێگانەی کردبێت، کتێبەکەی(Exenophon) بە ناوی ئاناباس (Anabase)، کە لە (401) ساڵ پێش زاین نووسراوە. ئێگزێنێفۆن کاتێ دەگاتە ناو کاردۆخەکان (Cardoqes) ئاماژە بە ئەوە دەکات، چەکدارە یۆنانییەکان لەڕێگەی وەرگێڕێکەوە قسەیان لەگەڵ کاردۆخەکان کردووە، ئێگزێنێفۆن زماناسێکی لەگەڵ خۆی بۆ لایان برد، لەلایەکی ترەوە دەڵێت:. ڕەنگە کۆنترین تێکستی کوردی وەرگێڕدرابێت بۆ زمانێکی دی، گەڕیدەی تورک (ئەولیا چەلەبی) بوو بێت، ئەویش بۆ ناساندنی زمانی کوردی بە تورکەکان بووە، چەند دێڕێکی کەمی نێو کتێبەکەی ئەولیا چەلەبی لە ساڵی (1655)دا دەبێتە یەکەم تێکستی وەرگێڕدراو، لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە.(فەرهاد پیرباڵ، 2002، ل11).

**(محەمەدی مەلا کەریم)** لەم بارەوە دەڵێت:. بۆ زانینی بابەتی وەرگێڕدراو لە زمانی بێگانەوە بۆ سەر زمانی کوردی، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییە پێشینەکاندا بڵاو کرابێتەوە، چونکە کتێبی وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی کوردی باشتر بڵاوبۆتەوە، بۆیە ڕەنگە کەسێک بە ڕۆژنامەی کوردستانی **(میقداد مەدحەت بەدرخان)**دا بگەڕێت، ئەگەر بابەتی وەرگێڕدراوی تیا بەرچاو کەوت، ئەوە دیارە سەرەتای وەرگێڕانە بۆ سەر زمانی کوردی، ئەگەر نا دەبێت لەو گۆڤارانەدا بگەڕێین، کە لەپاش ئەو ڕۆژنامەیە دەرچوون، ئەگەرنا دەتوانین ئەو چیرۆکە شیعرییە کوردیانەی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا بە دیالێکتی گۆران نووسراون، وەک: (خوسرەو و شیرینی خانای قوبادی)، (ڕۆستەم و زۆراب)، (لەیلا و مەجنوون)، ئەو جۆرانە بە یەکەمین وەرگێڕدراوەکان بۆ سەر زمانی کوردی دابنێین، چونکە زۆرتریان لە فارسییەوە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی. خۆ ئەگەر مەبەستیشمان سەرەتای نەبێت و بایەخپێدان و چالاکی تیا نواندنی بێت، بە بیروبۆچوونی من ڕێککەوتنامەی(11)ی ئازاری(1970) سەرەتای ئەو بایەخپێدانە بێت، چونکە چاوگێڕان بە بیبلۆگرافیا کتێبی کوردی و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، ئەوەمان بۆ دەردەخەن، ئەو ئەندازە چالاکییەی لەم مەیدانەدا نوێنراوە، زۆری لەو ماوەیەدا بووە. (محەمەدی مەلا کەریم، 1998، ل90).

**(فەرهاد پیربالْ)** دەڵێت:- لە ڕۆژنامەی کوردستانی (میقداد مەدحەت بەدرخان) هەندێک وتار لە زمانی تورکیەوە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی.(فەرهاد پیربالْ، 2002، ل78).

کەواتە بەپێی بۆچوونی **(محەمەدی مەلا کەریم)،** ئەم وتارانە بەسەرەتای وەرگێڕان لای کورد دادەنرێن.

لە ساڵانی (1908- 1918) چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەک دەرچوون، بۆ نموونە ڕۆژنامەی کورد (ئەستەمبوڵ، 1908) ڕۆژنامەی کورد( ئەستەمبوڵ، 1913)، گۆڤاری هەتاوی کورد، ڕۆژنامەی کوردستان( ئەستەمبوڵ، 1917- 1981). لەم گۆڤارانەدا بابەتی وەرگێڕدراو بەرچاو دەکەوێت، کە ئەمەش سەرەتایەکی زۆر سادەیە بۆ وەرگێڕان.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 80 - 81).

**(مارف خەزنەدار)** دەڵێت:- وەرگێڕان بە شێوەیەکی سەرەتایی لە گێتیی ڕۆشنبیری ئێمەدا لە سەدەی نۆزدەمەوە دەستی پێکردووە، کوردناسانی ئەوروپا لەو سەردەمەدا هەندێ تێکستی ئەدەبی میللی سەرزاری کوردییان تۆمار دەکرد و وەریاندەگێڕایە سەر زمانانی خۆیان و بڵاویان دەکردەوە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ مەبەستی تەبشیری مەسیحی، ئینجیل وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ئەمەریکا و بەریتانیا بڵاوکراوەتەوە، لە بیستەکانی ئەم سەدەیە و لە دوای دروستبوونی عێراق هەندێ نووسینی عەرەبی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و لە کۆوارەکاندا بڵاوکراونەتەوە.(مارف خەزنەدار، 1999، ل122)

دەربارەی کتێبی وەرگێڕدراوی قوتابخانەکان، (نەوشیروان مستەفا ئەمین) دەڵێت:- لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمدا هەندێ کتێبی قوتابخانە سەرەتاییەکان کراون بە کوردی، وەکو هەنگاوی یەکەم دیارە کەموکووڕی زۆریان تێدابووە، بە چەند ئەڵقەیەک لەژێر ناوی (مەتبوعاتمان)دا لە ڕۆژنامەی ژیان بڵاوکردۆتەوە. (نەوشیروان مستەفا ئەمین، 2002، ل271).

ڕۆژنامەی ژیان ڕۆڵێکی گرنگی لەبواری وەرگێڕاندا هەبووە ، ڕۆژنامەکە هەوڵیداوە دەقی(عەرەبی، فارسی، تورکی، فەڕەنسی، ئینگلیزی) بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕێت، نموونەی ئەمانە دەقێکی وەرگێڕدراوە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی، کە لەلایەن (گۆران)ی شاعیرەوە وەرگێڕدراوە و بڵاوکراوەتەوە و لە ژێریدا نووسراوە.(وەرگێڕانی هەڵبەستێکی ئینگلیزی).(هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، 2007، ل 280).

**(ئەردەڵان عەبدوللا)** بۆچوونێکی تری هەیە و دەڵێت:. لە باشووری کوردستان بەتایبەتی لەپاش پەیدابوونی گۆڤاری (ژین)ەوە، هەنگاوی یەکەم لە بواری وەرگێڕان دراوە.(ئەردەڵان عەبدوللا ، 2013، ل95). لە ڕۆژنامەی ژینیشدا چەند بابەتێک لە بواری وەرگێڕاندا بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی لە بابەتی ئەدەبیدا، وەکو چیرۆک و ڕۆمان.(هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، 2007، ل283). گۆڤاری (گەلاوێژ) دەوری باڵای لە بواری وەرگێڕاندا هەبووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە چیرۆک و پەخشانی هونەرییەوە هەبووە. گەلاوێژ تەنیا بایەخی بەم جۆرە نووسینانە لە ئەدەبی کوردیدا نەدەدا، بەڵکو هانی نووسەرانی دەدا بەرهەمی ئەدەبی پەخشانی لە زمانانی بێگانەوە بکرێن بە کوردی، لە سەرەتادا چیرۆکە ئەوروپییەکان لەڕێگەی زمانی عەرەبییەوە دەکران بە کوردی، بەڵام لە دوایدا بە ڕێگەی وەرگێڕانی زمانە ئەسلیەکەی خۆی یا زمانی ئینگلیزییەوە، ئەمە لە کۆواری گەلاوێژ و کۆوارەکانی پاش ئەو دیار و ئاشکرایە.(مارف خەزنەدار، 1999، ل122). لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، بەردی بناغەی پرۆسەی وەرگێڕان لە باشووری کوردستان دانراوە. لەو کاتانەدا چەند وەرگێڕێکی باش دەرکەوتوون لەوانە:. (شوکر مستەفا، محەمەدی مەلا کەریم، هەژار موکریانی، عەبدوللای حەسەن زادە).(ئەردەڵان عەبدوللا ، 2013، ل95).

لە باشووری کوردستاندا کردەی وەرگێڕان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەستی پێکردووە، ئەم کردەیەش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ژین و گەلاوێژدا دەردەکەوێت، کە بەرهەمی بیری بێگانەیان وەرگێڕاوە، بەتایبەتی وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی.

# بەشی سێیەم

# وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا

# (1974 – 1970)

1.3: ڕێککەوتننامەی (11)ی ئاداری 1970

2.3: بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی

3.3: کۆڕی زانیاری کورد

4.3: یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان

5.3: یەکێتیی نووسەرانی کورد

6.3: کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد

7.3: بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆشنبیری کوردی

## 1.3: ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری 1970

یەکێک لەو ڕێککەوتننامانەی لەنێوان سەرکردایەتی کورد و ڕژێمی بەعس کراوە، ڕێککەوتننامەی (11) ئاداری ساڵی (1970)یە، هەرچەندە لە پێش ئەو ڕێکەوتننامەیە، چەندین ڕێککەوتننامەی تر لەنێوان سەرکردایەتی کورد و دەوڵەتی عێراق هەبووە، بەڵام هەمیشە دەوڵەتی عێراق پابەندی ئەو ڕێکەوتننامانە نەبووە، سەرکردایەتی کوردیش دەستە وەستان نەبووە، هەمیشە لە خەباتی مەدەنی، ڕۆژنامەوانی نهێنی و چەکداری بووە، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد.

ئەم ڕێککەوتنەش لە ئەنجامی چەند هۆیەکی دەرەکی و ناوەکی بووە هۆی ئەوەی ڕژێمی عێراقی ناچار بکات، بێتە سەر مێزی گفتوگۆ و لەگەڵ کورد ڕێکبکەوێ، دواجار (مەلا مستەفا بارزانی) و(سەددام حوسێن) لە (ناوپردان) چاویان بەیەکتر کەوت، لەسەر ڕێککەوتننامە مێژووییەکە ڕێککەوتن، ئەوەبوو لە ئێوارەی ڕۆژی (11)ی ئاداری (1970)دا، (ئەحمەد حەسەن بەکر) ڕێککەوتننامەکەی بڵاوکردەوە، ڕایگەیاند (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) گەیشتۆتە چارەسەری کێشەی کورد، ئەو ڕێککەوتننامەیە دەنگۆیەکی زۆری لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی دایەوە، هەرچەندە ڕژێمی بەعس هەر لە سەرەتاوە مەبەستی لەناوبردنی شۆڕشەکەی بارزانی بووە.

دەبێ ئەوەش بوترێت، کە ڕەوشی زمانی کوردی لە پەروەردەی عێراقدا بەستراوەتەوە بە مافی ناسیۆنالی کوردی، دەسەڵاتی عەرەبی بەتایبەتی عەرەبی سیکیولەر بە عەقڵی کەمالییەکانی تورکیا بیری دەکردەوە، دەیانویست عێراق ببێتە دەوڵەتی یەک زمان و یەک نەتەوە ( عەرەبی سوننە) و یەک ئاڵایی.(سەلام ناوخۆش، 2014، ل182).

ڕێککەوتننامەی (11)ی ئاداری (1970) وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە بواری ڕۆشنبیریی کوردی بەگشتی و ڕۆژنامەوانیی بەتایبەتی، ڕاستییەکەی ئەو ماوەیەی (1970 ـ 1974)، بە ماوەی زێڕین دادەنرێت، ڕۆژنامەوانی کوردی لەو ماوەیە بە دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە دەرچوون، هەر بەپێی دەقی ڕێککەوتننامەی (11)ی ئادار، لە خاڵی (1)ی بەندی (3)دا دەڵێت:- پەلەپەل کردن بۆ جێبەجێکرنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بارەی زمان و مافە ڕۆشنبیرییەکانی گەلی کورد، لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردیەوە.(ئازاد عوبێد ساڵح، 2007، ل179).

له بەندی یەکەمی ڕێککەوتننامەکەدا، وەکو وتمان جەخت لەسەر کاروباری ڕۆشنبیری گەلی کورد دەکات و تێیدا هاتووە:-

1- زمانی کوردی زمانی فەرمییە لەگەڵ زمانی عەرەبییدا، لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، زمانی کوردی دەبێت بە زمانی خوێندنیان، زمانی عەرەبی لە هەموو قوتابخانەکاندا بخوێنرێت، کە کوردی دەخوێنن، هەروەک چۆن دەبێت زمانی کوردیش لە سەرانسەری عێراقدا وەک زمانی دووەم بخوێنرێت.

2- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دواکەوتنەی، بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە، لە هەردوو ڕووی ڕۆشنبیری و پەروەردەییەوە، پلانێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم دواکەوتنە دانراوە، لەڕێگەی ئەوەوە بەخێرایی دەست بەکاربکرێت، بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەمەڕ زمان و مافی ڕۆشنبیری، بەندی (ب) دەقێکە لەبارەی دامەزراندنی زانکۆ لە سلێمانی و کۆڕی زانیاری کورد، هەروەک چۆن پێویستە کتێب و بەرهەمی کوردی و فێرکاری و ئەدەبی و سیاسیی گوزارشت لە هیوا و ئاواتە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد بکەن، تا ئەدیب و شاعیران و نووسەرانی کورد بتوانن یەکێتییەک بۆ خۆیان دامەزرێنن و بەرهەمەکانیان چاپ بکەن، هێنانە پێشەوەی هەموو ئەو هەوڵ و توانایانەی لە ڕێگەیاندا هەن، بۆ گەشەدان بە تواناکانیان و بەهرە زانستیی و هونەرییەکان، جگە لەمەش دامەزراندنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، بە زمانی کوردی و هێنانە ئارای بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی بۆ ڕۆشنبیری کوردی و دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە و گۆڤارێکی مانگانە و بڵاوکردنەوەی بە زمانی کوردی، زۆرکردنی بەرنامە کوردییەکان لە تەلەفزیۆنی کەرکووکدا، دامەزراندنی وێستگەیەکی تایبەت بۆ پەخشێکی تەلەفزیۆنی بۆ زمانی کوردی.(ڕەمزیە سابیر محەمەد، 2002، ل14).

هەر لە ڕێککەوتننامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە:-

1- کردنی هەرچی پێویست بێ، بۆ پشت دانەبەری گۆڕینێکی ڕەگ و ڕیشەیی و هەمە لایەن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردیدا، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ئەرکانە بەجێ بێنێ، کە چاوەڕوانیەتی و دامەزراندنی هەموو ئەو دائیرانەی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پەروەردەی کوردی لە دوارۆژدا، پێویست.

2- دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی بۆ ڕۆشنبیریی کوردی، کە پێوەندنی بە وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە هەبێ.

3- دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی هەفتانە و گۆڤارێکی مانگانە بە کوردی لە لایەن دەزگای گشتیی ڕۆژنامەنووسییەوە.

4. قوتابخانە و فەرمانگە ڕەسمییەکان لە هەموو ناوچەکانی کوردەواریدا ناوی مێژوویی و جوگرافیای کوردیان لێ دەنرێ.(مەسعوود بارزانی، 2004، ل140).

ڕێککەوتننامەکە دەستکەوتێکی گەورەیە، بەتایبەتی بۆ خوێندن، بەتایبەتی تر خوێندن بە زمانی کوردی لەو ناوچانەی زۆرینەی کوردن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ڕێگەدان بە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی، ڕێگەدان بە پێشکەشکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بە زمانی دایک، ئەمەش بۆتە هۆی پاراستنی زمانی کوردی، چونکە ڕژێمی بەعس هەمیشە هەوڵی لەناوبردنی زمانی کوردی داوە، نەیدەویست بەشێوەیەکی کارەکی زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا، ببێتە زمانی ڕەسمی.

هەرچەندە لە ڕێککەوتننامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا بخوێنرێت. لەگەڵ ئەمەشدا خوێندنی کوردی بێ کەموکووڕی نەبووە، لەم بارەوە (مەسعوود بارزانی) دەڵێت:. بابەتی جێبەجێکردنی خوێندنی کوردی وا دادەنرێ، کە یەکێکە لەو بابەتانەی تێکڕا بە چاکی جێبەجێکراون، بەڵام هەمیشە بە دەست گیروگرفتی جۆر بەجۆرەوە نالاندوویەتی یەکێک لەو گیروگرفتانە، گیروگرفتی دیالێکتە و یەکێکیشیان گیروگرفتی چاودێری نەکردنە.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل140).

وەکو لە وتەکانی(مەسعوود بارزانی)دا دەردەکەوێ، یەکێک لە گرفتەکانی بەردەم خوێندنی کوردی، نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی بووە، بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی کێشە و گرفتی تێدا هەبووە، وەکو لە ڕێککەوتننامەکەدا دەردەکەوێت ئەرکەکانی خۆی بە شێوەیەکی باش جێبەجێ نەکردووە، لە لایەکی تریشەوە ئەو بابەتانەی کە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون، بابەتەکان باسی کورد ناکەن، بەڵکو شەقڵی بێگانەی پێوە دیارە، سەرەرای نەبوونی دەزگا و چاپخانەیەکی تایبەت بە چاپەمەنییە کوردییەکان.

(مەسعوود بارزانی) لە درێژەی قسەکانیدا دەربارەی جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە دەڵێت:.

1. هیچ گۆڕینێک لە پێڕەوی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی نەکراوە، هەرچەندە ئەرک و بەرپرسی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە چەند قات زیادی کردووە، پێشتریش پێڕەوی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو پەسند و مۆرکرا، بەڵام پاشان کێشرایەوە.

2. هێنانی کتێبی کوردی بۆ کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەی قوتابخانەکان، ئەمە بەشێوەیەکی فراوان نەکراوە.

3. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی، هەرچەندە زۆریش جەختمان لەسەر کردووەتەوە و ئەوانیش چەندین جار گفتیان داوە، کە دروستی دەکەن، تا ئێستا نەکراوە.

4. بەرنامەی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکووک کەمە و هیچ کاریکیش بۆ دامەزراندنی ئیستگەیەکی تەلەفزیۆنی تایبەت بە زمانی کوردی نەکراوە.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 143).

بارزانی توانی حکوومەتی بەعسییەکان ناچار بکات، دان بە ناسنامەی نەتەوایەتی کورددا بنێت، زمانی کوردی لەو ناوچانەی زۆربەی زۆری کوردن، بکاتە زمانی ڕەسمی، بەجۆرێک لە دەڤەری سۆران و بادینان تەنها زمانی کوردی، زمانی پەروەردە بووە، نەک سەروەری هیچ زارێک، حکومەتی بەعسیش بۆی نەبوو بە ئاشکرا، لەژێر پەردەی یاسای زمانە ناوچەییەکان، شەڕی زارەکان بە کورد بفرۆشن.(سەلام ناوخۆش، 2012، ل127).

ڕێککەوتننامەی (11) ئادار بوو بە کرانەوەی دەرگایەک بە ڕووی ڕۆشنبیری کوردییەوە، چونکە شەپۆلێکی زۆر فراوانی گۆڤار و کتێب بە زمانی کوردی دەرچوون، لەوانە:

(1. گۆڤاری بەیان، 2. ڕۆژنامەی هاوکاری، 3. گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، 4. گۆڤاری برایەتی، 5. گۆڤاری شۆڕشی کشتوکاڵ، 6. گۆڤاری زانیاری، 7. گۆڤاری گێتی پوول، 8. گۆڤاری خەباتی قوتابییان، 9. گۆڤاری پەروەردە و زانست، 10. گۆڤاری نووسەری کورد، 11. ڕۆژنامەی ڕێگەی یەکێتیی، 12. ڕۆژنامەی دەنگی جوتیار، 13. گۆڤاری ڕۆژی کورد، 14. گۆڤاری ڕوانگە، 15. ڕۆژنامەی برایەتی، 16. ڕۆژنامەی بیری نوێ 17. گۆڤاری هۆشیاری کرێکاران ، 18. گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات 19. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد 20. گۆڤاری ئامانج 21 . گۆڤاری خەباتی لاوان.(ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، 2007، ل842)

ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانە ڕۆڵێکی دیاریان لە پێشخستنی زمانی کوردیدا بینی، گۆڤار و ڕۆژنامەکانی (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ) و (هاوکاری) و (برایەتی) و (کۆڕی زانیاری کورد).هتد. نەک هەر درێخیان لە بڵاوکردنەوەی بابەتی زمانەوانی نەکردووە، بەڵکو گرنگی زۆریان پێداوە، هەر ئەوەشە زمانەکەمانی پێ خزمەت کراوە، ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەمرۆ.( نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، 2013، ل267- 268). لە بواری وەرگێڕانیشدا، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی پەرتووکی قوتابخانەکان لەم سەردەمەدا گوڕوتینێکی تری بەخۆی بینی، بەپێی ڕێککەوتننامەی (11)ی ئاداری مێژوویی و جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەنجومەنی پەروەردە و فێرکردن ڕازی بوو لەسەر بڕیاردانی وەرگێڕانی چەند پەڕاوێک بۆ زمانی کوردی و دەستکرا بە چاپکردنیان، پەڕاوەکانیش (پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و

مێژووی عەرەب و ئیسلام، مێژووی عێراقی نوێ، جوگرافیایی نیشتمانی عەرەب و وڵاتانی هەندەران، پەروەردەی ئایینی، زانست.(هاوکاری(ر)، ژ 1970،36).

## 2.3: بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی

بەڕێوەبەرایەتی زانیاری گشتیی کوردی لە (وەزارەتی مەعارف)ی لە ساڵی (1959) دامەزرا، جگە لەوەش مەودای خوێندنی کوردیش تەنیا لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بوو، لە هەموو ناوچە کوردییەکانیشدا نەبوو، لەبەر ئەوە ژمارەی کتێبەکانی لەو بابەتانە بوو، وەک:- خوێندنەوەی کوردی، حیساب و پێوان، پەروەردەیی تەندروستی.

لە ساڵی (1967)دا، بەپێی یاسای ژمارە (17) ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ناوی بۆ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کوردی) گۆڕا، هەر لەم سەردەمەشدا مەودای خوێندنی کوردی سنووردار بوو، گەورەترین پەرەسەندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە دوای ڕێککەوتننامەی (11)ی ئاداری (1970) دا، ئەوە بوو، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (22) لە (1972/4/3)دا، قەوارەیەکی گەشەدار و تایبەتی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە دامەزرا، بەپێی ئەم یاسایە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی لە هەشت بەشی سەرەکی پێکهاتبوو، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە چەند ئەرکێکی هەبوو، لەوانە هەموو ئەو کتێبانەی لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیشدا، جگە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لەلایەن ئەو بەڕێوەبەرایەتییە چاپ دەکران و بڵاودەکرانەوە، وەکو بابەتەکانی پەروەردەیی، بیرکاری، خوێندنەوە، زانستی پەروەردەیی، بنچینەکانی پەروەردەی کشتوکاڵ، کیمیا، فیزیا، ئابووری، مێژوو، جوگرافیا. لەم سەردەمەدا ئەرکی سەرپەرشتیکردنی هەموو ئەو قوتابخانانەی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دامەزرابوون، لە ڕووی بەرنامە و سەرپەرشتی پەروەردەییەوە سەر بەم بەڕێوەبەرایەتییە بوو.

دەبێ ئەوەش بڵێین بەر لە شۆڕشی (17)ی تەمموز و لەپاش شۆڕشی تا بڵاوکردنەوەی یاسای دامەزراندنی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە سەر بە وەزارەتی کاروباری باکوور بوو، لە ئەنجامدا بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەمانەتی گشتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دامەزرا، تەنیا ئەو ئەرکانەی پێ سپێردرا، پەیوەندی بە لایەنی هونەریی و وەرگێڕان و چاپکردنی کتێبەکانەوە هەیە، خۆی لەخۆیدا بەردی بناغەی هەموو خوێندنی کوردییە. تێکڕا ئەم کتێبانە بە وەرگێڕاوی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی دەخرێتە بەردەم قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی، لە قۆناغی ناوەندیی و دواناوەندیشدا وەرگێڕانی هەموو کتێبە زانستییەکان، لەلایەن ئەم بەڕێوەبەرایەتییە جێبەجێدەکرێ.(ئیحسان فوئاد، 1983، ل30).

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، یەکەمین دەزگای فەرمییە، لەلایەن حکوومەتەوە ئەرکی کردەی وەرگێڕانی پێ سپێردراوە، بەتایبەتی وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان لە باشووری کوردستاندا، ئەمە یەکەمین هەنگاوە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی، خوێندنی بابەتەکانی قوتابخانە بە زمانی دایک، هەرچەندە وەرگێڕانی ئەم کتێبانە بێ کەموکووڕی نەبووە، کرچ و کاڵن، (هەژار) لە گۆڤاری (زانست و پەروەردە)دا ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت:۔ گەلێک لە مامۆستایانی زانا و دڵسۆزی کوردپەروەر، گلەییان لە کتێبی قوتابخانەکان هەیە، بە کوردی داندراون، بە منداڵی کورد دەخویندرێن. بەتایبەتی زۆربەی ڕەخنەکانیان ڕوویکردۆتە ئەو کتێبە کوردیانەی ڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراون، هیچ تامی زمانی کوردی نادەن، دارشتنی ڕستەی کتێبەکان، لەسەر شێوازی زمانی عەرەبی دانراون، سەر لە منداڵی کورد دەشێوێنن، جگە لەوەش وشەی داتاشراوی وەهایان تێخزاون، کەس نازانێ بەریان بە کوێوەیە.

هەر لە باسەکەیدا دەڵێت: ئەگەر کەسێک دوو زمان بزانێت، بە وەرگێڕ دانانرێت، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکووڕیانە، چەند خاڵێک دەخاتە ڕوو، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:۔

1۔ هەوڵ لەگەڵ جیهازی شۆڕشی کوردستان بدرێ، بە هەموو توانا تێبکۆشێ باری ڕۆشنبیری کوردی، وەک یەکێک لە مافەکانی ئۆتۆنۆمی بە خۆی بسپێرێ و تەسلیم بە وەزارەتی کاروباری باکوور بکرێ.

2۔ ئەو کەسانەی بە نووسەری کوردی باش ناسراون، بکرێنە سەرپەرشتی کتێب دانان و هیچ کتێبنووسێک بەبێ پەسندی ئەوان، کتێبی لێ نەکردرێ، پارەی دانان و وەرگێڕانی نەدرێتێ.

3۔ ئەگەر توانا هەبێ، ئەوانەی کوردی باش دەنووسن، هەر بکرێنە ئەندامی تەرخان بۆ کتێبی کوردی دانان و مووچەیان بدرێتێ، ئەو مەلزەمە بە شەست دینارە نەمینێ، بە بڕوای من گیروگرفتی گەورە لەژێر سەری ئەو پارە زۆرە و هەر کەس هەر کەسدایە.

4۔ بۆ هونەریی وەرگێڕان، خوول بکرێتەوە، گەنجی زیرەک و بەتوانا دەورە ببینێ، لە تاقیکردنەوەدا دەرچن، ئەوسا لەژێر سەرپەرشتی شارەزایاندا وەرگێڕانیان بدرێتە دەست.

5۔ وەزارەتی کاروباری باکوور و کۆڕی زانیاری کورد، بە هەموو توانا تێبکۆشن، هەرچی زووە فەرهەنگێکی کوردی بە کوردی دابنێن، بۆ ئەوە هەموو وشە و زاراوەکانی کوردی بێتە بەردەست، ئەوسا کام وشەی هێژا و لەبارە بکرێتە ئامیتەی زمانی خوێندنمان و ناچار نەبین لەبەر پێ نەزانینیان بۆ خۆمان وشە داتاشین.(هەژار، 1973، ل 103، 113).

وەکو لە وتارەکەی مامۆستا هەژاردا دەردەکەوێت، لیژنەیەکی شارەزا و پسپۆڕ کتێبی قوتابخانەکانی وەرنەگێڕاوە، بەڵکو لەڕێگەی چەند نووسەرێکەوە بووە، ئەو بابەتانەشی کە وەرگێڕدراون، لەلایەن لیژنەیەکەوە هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە، کتێبەکانیش لە ناوەندەوە (بەغدا) وەرگێڕدراون، ئەو کەسانەشی ئەم کارەیان کردووە کوردییان باش نەزانیوە، واش دەردەکەوێت وشە و زاراوەکان بەپێی بیروڕای تاکەکەسی داتاشراون و دانراون، بۆیە مامۆستا داوا دەکات کاری وەرگێڕانی قوتابخانەکان بسپێردرێت بە کاروباری باکوور، خوولی تایبەتیش بۆ ئەو کەسانە بکرێتەوە و تاقیکردنەوەیان پێ بکرێت و لەژێر سەرپەرشتیکردنی کەسانی شارەزا پەرتووکەکان وەربگێڕن.

سەرەڕای ئەو کێشانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆیان کرد، چەند کێشەیەکی تریش هەیە، مامۆستا (سەعید ناکام ) لە باسێکدا بە ناوی (گیروگرفتی کتێب بۆ خوێندن) دەیانخاتە ڕوو:ـ یەکێک لەو گرفتانە بەش بەش کردنی کتێبە لەلایەن چەند کەسێکەوە وەرگێڕدراون، بۆیە پێویستە وەرگێڕانی کتێب بدرێت بە کەسێک و پێکەوە دابنیشن، بەرهەمی هەموویان بە یەک شێوە و لە یەک قاڵبدا دابرێژرێ بۆ ئەوەی نەبێ بە چێشتی مجێور.

لەلایەکی تریش دەڵێت:ـ گرێی هەرە گرنگی ئەمرۆمان شێوەی نووسینی کوردییە، هەر یەکەمان بە ئارەزووی خۆی و چۆن دەستی ڕاهاتبێ وا دەنووسێ، بۆ بەرگری لەم بەرەڵڵاییە لیژنەیێک لە کەسانی  کوردی زانی باش پێک بێت و نووسراوەکانیان بخرێتە بەر دەست، لە بارەی شێوەوە دەستکارییان بکەن، هەموویان لە یەک قاڵبدا دابرێژنەوە.(سەعید ناکام، 1971، ل4).

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گیروگرفتانە ڕووبەڕووی کتێبی قوتابخانەکان بۆتەوە، وا دیارە لەلایەن ئەندامێکەوە، هۆکاری ئەم کرچ وکاڵیانە خراوەتەڕوو و تیادا هاتووە:ـ

لە ڕووی پەرتووک دانان و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردیی، بە تایبەتی پەرتووکی قوتابخانەکان، هەنگاوی باش نراوە، گەرچی هەموو دانان و گۆڕینێک شەقڵی زمانی بێگانەی پێوە دیارە، بەڵام ئەمە بەلای ئێمەوە لە نرخ و پایەی نووسراوەکە کەم ناکاتەوە، لەبەر دوو هۆ:ـ

1ـ زمانی کوردی وەک لە ئەدەبدا پێگەیشتووە و خزمەتکراوە، وەها لە وەرگێڕاندا خزمەت نەکراوە.

2ـ وەرگێڕان یان دانان هەتا دوای (14)ی تەمموزیش، هەر تەنیا کەسێک ئەم کارەی گرتبووە ئەستۆی خۆی، لەسەر حیسابی خۆی و ڕەنج و ماندوێتی خۆی لە چاپی داوە، خستوویەتیە بازارەوە، بازاڕی چاپەمەنیی کوردیش بەو کوێرەوەرییەوە، هەمووومان دیومانە

و ئێستا هەر دەیبینین، نە یەکێک یاریدەی دەدات، نە یەکێک بۆی ساغ دەکاتەوە، ئەوەی جارێک پەرتووکێک دابنێت یا وەریگێڕێتە سەر زمانی کوردی، لەسەر حسابی خۆی لە چاپی بدات، ئیتر لێدەچێتەوە و جارێکی تر توخنی کاری وا ناکەوێت، بەڵام ئەمڕۆ بەتایبەتی لە دوای بەیانی (11)ی ئادار وەرگێڕانی پەرتووکی قوتابخانەکان گەورەترین گورج و گۆڵی و هێزی داوەتە بەر ڕۆشنبیران و خوێندەواران، بایەخ بەم کارە بدەن، جووڵەیەک بخەنە هونەریی وەرگێڕان و دانانی بە زمانی کوردی، بەڵام ئەوەی هەتا ئێستاش ڕێمان لێدەگرێت و ناهێڵێت بەرهەمەکان پوخت و بەکام بن، ئەمانەن:-

1- خۆبەستنەوەمان بە شێوازی نووسینی بێگانەوە، بیر لەوە ناکەینەوە، زمانی کوردی جێ دەستی تایبەتی خۆی هەیە، دەبێت لە وەرگێڕاندا قووڵ بچینە ناو بابەتەکەوە، ئەنجا بە سەلیقەی خۆمان، واتە بەو زمانەی کورد پێی دەدوێت، دەستەواژەکان دابڕێژین.

2- نەبوونی زاراوەی زانستیی، هەر چەندە لە زۆر کۆنەوە ڕۆشنبیرانی کورد چاکی مەردایەتیان لێ بەلادا کردووە و بەپێی توانا و ئەوەی لە باریاندا بوو بێت، زاراوەی زانیارییان بۆ ئەو وشانە داناوە، کە هاتوونەتە ڕێیان.(پەروەردە و زانست، ژ4، 1972، ل4).

توێژەر هەوڵیداوە پەرتووکی قوتابخانەکانی ئەو ماوەیە ببینێت و کەموکوڕییەکان دەستنیشان بکات، بەڵام دوای سەردانیکردنی بۆ وەزارەتی پەروەردە و چەند قوتابخانەیەک، دواجار بەڕێوەبەری پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان لە وەزارەتی پەروەردە مامۆستا (کاوە عومەر حەمەد) وتی: بەهۆی ئەو نەهامەتی و جەنگانەی بەرۆکی میللەتەکەمانی گرتووە، زۆرجار دامودەزگاکانی حکوومەت سوتێنراون، لەلایەکی ترەوە لە ڕابوردوودا ئەم کتێبانە ئەرشیف نەکراون، بۆیە ئێستاکە ئەم پەرتووکانەمان لەبەر دەستدا نییە.(چاوپێکەوتن، کاوە عومەر حەمەد، دووشەممە 25/2/ 2016).

سەرەڕای ئەو کەموکووڕیانەی بەرچاو دەکەون، بەڵام ئەمە هەنگاوێکی باشە، سەرەتای هەموو کارێک بێ کەموکووڕی نابێت، لەلایەکی تریشەوە لەو کاتەدا هەموو هەوڵێک بۆ ئەوە بووە، بە زووترین کات پەرتووکی قوتابخانەکان وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی. بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی گۆڤارێکی دەردەکرد، ئێمەش لێرەدا دەیخەینە ڕوو، بۆ ئەوەی بزانین ئەو گۆڤارە تا چەند گرنگی بە کردەی وەرگێڕان داوە.

**گۆڤاری پەروەردە و زانست**

**- ناسنامەی گۆڤارەکە:-**

ئەگەر سەیری لاپەڕەی یەکەمی ئەم گۆڤارە بکەین، دەبینین هەمیشە نووسراوە (گۆڤارێکی پەروەردەیی و زانستییە).

**ئامانجی گۆڤارەکە:۔**

ئەگەر سەیری وتاری وەزیری کاروباری ژووروو لە ژمارە یەکی ئەم گۆڤارە بکەین، دەڵێت:۔ ئەم گۆڤارە کوردییە، کە چەمکێکی ترە لە پرۆژەی چەسپاندنی خوێندن و زانیاری کوردی، هیوادارین ڕوویەکی گەشی خوێندن و پەروەردە و زانست بێ، لەژێر سێبەری بەیاننامەی(11)ی ئاداردا بەرەو خەمڵین و گەشە بچێت، هیوادارین هەموو مامۆستا و نووسەر و بوێژ و خاوەن قەڵەمێکی کورد، دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکا.

**مێژوویی دەرچوونی ئەم گۆڤارە:۔**

ئەگەر سەیری لاپەڕەی گۆڤارەکە بکەین، ساڵی دەرچوونی لەسەر نەنووسراوە، جەمال خەزنەدار لە (کتێبی ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی)دا دەڵێت: ژمارە(1)ی لە نیوەی ساڵی 1971 دەرچووە.(جەمال خەزنەدار،1973، ل115).

محەمەد بابۆڵی لە کتێبی ( ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند).( محەمەد بابۆڵی، 2013، ل103)، هەمان بۆچوونی (جەمال خەزنەدار) دووبارە دەکاتەوە، (حەسەن بارام) لە کتێبی (فەرهەنگی ڕۆژنامەگەریی کوردستان و عێراق 1816۔ 2000)، دەڵێت:۔ ئەم گۆڤارە تەنها (8) ژمارەی لێدەرچووە.( حەسەن بارام، 2012، ل349).

بەڵام دوای سەیرکردنی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە، لە ژمارە (18)ی ساڵی (1981) ئەم گۆڤارە، بابەتێک بە ناوی (پێرستێکی گشتی ناوەڕۆکی ژمارەکانی پەروەردە و زانست) لەلایەن (عوسمان عەلی شێخ محەمەد) ئامادەکراوە، بۆمان دەردەکەوێت، ژمارە (1)ی ئەم گۆڤارە لە ساڵی (1970) دەرچووە، نەک ساڵی(1971)، تەنیا (8) ژمارەشی لێ دەرنەچووە، بەڵکو تا ساڵی (1981) (18) ژمارەی لێدەرچووە، لە لاپەڕەی یەکەمی ئەم گۆڤارە نووسراوە، ئەم گۆڤارە بە سێ مانگ جارێک دەردەچێت، بەڵام ئەم گۆڤارە بە سێ مانگ دەرنەچووە، بۆ نموونە ژمارەی (1) لە ساڵی (1970) دەرچووە، ژمارە (2) لە ساڵی (1971).

**ژمارەکانی گۆڤاری پەروەردە و زانست:۔**

ژمارە (1) ساڵی (1) لە ساڵی (1970)، ژمارە (2)ی ساڵی (1)لە پاییزی ساڵی (1971)، ژمارە (3)ی ساڵی (2) لە بەهاری ساڵی (1972)، ژمارە (4) لە ساڵی (1972)، ژمارە (5)ی ساڵی (3) لە بەهاری ساڵی (1973)، ژمارە (6)ی ساڵی (3) لە پاییزی ساڵی (1973)، ژمارە (7-8) لە هاوینی ساڵی (1974)، ژمارە (9) لە بەهاری ساڵی (1975)،

ژماره (10) له زستانی ساڵی (1976)، ژماره(11) له ساڵی(1976)، ژماره(12) له بەهاری ساڵی(1977)، ژماره(13) له پاییزی ساڵی (1977)، ژماره (14) له هاوینی ساڵی (1978)، ژماره (15) له ساڵی (1979)، (ژماره (16) له پاییزی ساڵی (1979)، ژماره (17) له پاییزی ساڵی (1980)، ژماره (18) له ساڵی (1981).( بڕوانه: پەروەرده و زانست، 1981، ل57).

**شوێنی دەرچوونی ئەم گۆڤاره:-**

هەر هەشت ژمارەکەی ئەم گۆڤاره له بەغدا دەرچووه، ژماره (1)ی له چاپخانەی (دار السلام) چاپکراوه، ژماره (3) له هەمان چاپخانه دەرچووه، ژماره(5) له چاپخانەی (الجاحظ) چاپکراوه، ژماره(6) له چاپخانەی( سلمان الاعظمي) چاپکراوه.

**دەستەی نووسەرانی گۆڤاری پەروەرده و زانست:-**

دەستەی نووسەرانی لەسەر گۆڤارەکەدا نییه، بەڵام له ژماره (3)دا ناوی سەرنووسەرەکەی نووسراوه، که (شوکر مستەفا) بوو، به سەیرکردنی تەواوی ژمارەکان، بۆمان دەرکەوت ئەم نوسەرانه بابەتیان بڵاوکردۆتەوه.( عەبدوڵلا شالی، هەژار موکریانی، شوکر مستەفا، ئەبو زەید سندی، عەبدولڕەزاق بیمار، نوری عەلی ئەمین، عوسمان عەلی قادر، محەمەد مەولود مەم، جەمال بابان، مەهدی هەورامی، عەزیز ئیسماعیل، عومەر کەریم محەمەد، عەتا قەزاز، هاشم تەها، جەمال بەهائەدین، فایق هۆشیار، ئەحمەد غەفوور، فەرەیدون عەلی ئەمین، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی، شاکر فەتتاح، تۆفیق وەهبی، عەبدوڵلا سەراج، عەزیز گەردی، مەسعوود محەمەد، نەسرین فەخری، ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، محەمەدی مەلا کەریم)( بڕوانه: پەروەرده و زانست(گ)، له ژماره (1) تاوەکو ژماره (7- 8).

**پەروەرده و زانست له ڕووی ناوەرۆکەوه:-**

ئەم گۆڤاره له ڕووی ناوەرۆکەوه ئەم بابەتانه لەخۆ دەگرێت (پەروەردەیی، ئەدەب، زمان، مەتەڵ، مێژوویی، زانستیی، هەواڵ، وتار، وانەوتنەوه، زاراوەی زانستیی، دەروونزانی، تەندروستی، چالاکی).

**قەواره:-**

هەر هەشت ژمارەکەی ئەم گۆڤاره به قەوارەی ( 24×17سم) چاپکراوه، بەڵام له ڕووی ژمارەی لاپەڕەکانەوه، ژمارەی (1) 104 لاپەڕەیه، ژماره(2) 96 لاپەڕەیه، ژماره (3) 120 لاپەڕه، ژماره(4) 195 لاپەڕەیه، ژماره(5) 96 لاپەڕەیه، ژماره (6) 237 لاپەڕەیه، ژماره(7 ـ 8) 291 لاپەڕەیه. تا کۆتایی ساڵی 1974 به حەوت بەرگ هەشت ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوه.

**پەروەردە و زانست لە ڕووی کردەی وەرگێڕانەوە:-**

لە ڕووی کردەی وەرگێڕانەوە ئەم گۆڤارە گرنگییەکی زۆری بەم بوارە داوە، بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیش لە زمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی) بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون، بەڵام لە ڕووی تەکنیکەوە کەموکووڕی تێدا بەرچاو دەکەوێت، لە هەندێک لە بابەتە وەرگێڕدراوەکان، ئەویش لە ڕووی نووسینی ناوی نووسەری بابەتەکە و ئەو سەرچاوەیەی بابەتەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە یان تێیدا نووسراوە، نەنووسینی ئەو زمانەی کە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی. لێرەدا ئێمەش ئەو بابەتانە دەخەینەڕوو، لەم گۆڤارەدا وەرگێڕدراون و بڵاوکراونەتەوە.( بۆ زانینی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم گۆڤارە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1).

**1. بڵاوکردنەوەی زاراوەی وەرگێڕدراوی زانستیی:-**

ئەم گۆڤارە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، لە بڵاوکردنەوەی وشە و زاراوەی زانستیی، بە تایبەتی فەرهەنگی زاراوەکانی قوتابخانەکان، کە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی و لە چەند ژمارەیەکدا بڵاوکراونەتەوە، یان ژمارەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە، لە ژمارە(2)دا، لە لاپەڕە (22)، چەند زاراوەیەکی وانەی (ئابووری) وەرگێڕدراون و شرۆڤەکراون، ژمارە (4)ی ئەم گۆڤارە تەرخانکراوە بۆ زاراوەکانی وانەکانی ماتماتیک (کوردی ـ عەرەبی)، لە ژمارە(5) لە لاپەڕەی(61)دا، سێ زاراوەی کۆمەڵایەتی وەرگێڕدراون و شیکراوەتەوە، ژمارە (7 ـ 8)ی ئەم گۆڤارە تەرخانکراوە بۆ زاراوە زانستییە گشتییەکان، ژمارە (14)ی ئەم گۆڤارە تەرخانکراوە بۆ فەرهەنگی زاراوەکانی قوتابخانەکان (عەرەبی ـ کوردی)یە، ئەمەش بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کاری وەرگێڕان دەکەن، یان بۆ ئاشنابوونی مامۆستایان بە زاراوە زانستییەکان و شارەزابوونیان لە زمانەکەیان.

**2. مەرجەکانی وەرگێڕان:-**

هەر لەم گۆڤارەدا چەند ڕێنماییەک لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان ڕەچاو بکرێت، لە ژمارە(2)دا چەند ڕێنمایی و مەرجێک بۆ لیژنەی وەرگێڕان دانراون، کە کتێبی قوتابخانەکان وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی، تیادا هاتووە:-

أ- جۆری گۆڕین:-

1. گۆڕین پێویستە وشە بە وشە نەبێت، دەبێت بە زمانێکی ئاسایی ئەوتۆ بێت، لەگەڵ پلەی قوتابی بگونجێت، گۆڕینی پەسەند و سەرکەوتوو ئەوەیە دووبارە بیر و مەبەستەکە دابڕێژرێتەوە، بەتایبەتی ئەو کتێبانەی بۆ منداڵی بچووک دانراون.

2. بۆ ئەوەی تووشی گیروگرفتی لێکنەچوون و جیاوازی گۆڕینی جۆر بەجۆر نەبین، وا باشترە دوا داڕشتن جۆری داڕشتنی تواناترینی ئەندامەکانی لیژنەکە بێت.

3. پێویستە بەتەنگ ئەوە بین، ڕستەکان بەیەکەوە ببەستین و درێژەیان پێ نەدەین و لە داڕشتنیاندا ئاگاداریی ڕێزمانیان ببین.

ب - زاراوەکان:-

لەبەر ئەوەی قوتابییان لە قۆناغی سەرەتاییدا، بە تایبەتی لە پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمدا، لەسەر هەندێ زاراوە ڕاهاتوون و لێی شارەزا بوون، پێویستە هەر ئەو زاراوانە بهێڵرێنەوە، نەوەکا گۆڕینیان قوتابییان بشڵەژێنێ و سەریان لێ تێک بدات، بەڵام بۆ ئەو زاراوە تازانەی، کە پێویستمانن و لە زمانی کوردیدا نین، یان هێشتا نەدۆزراونەتەوە، قەینا زاراوە عەرەبییەکان یان بێگانەکان دروست بکرێن و بخرێنە ناو دوو کەوانەوە.

ج - ڕێنووس و نووسین:-

1. بۆ ئەوەی قوتابییان چەواشە نەبن و سەریان لێ نەشێوێ، وا بەباش دەزانرێ جۆری نووسین لە گۆڕینی ئەم کتێبە تازانەدا، هەر لەسەر ڕێوشوێنی نووسینی کتێبەکانی سەرەتاییدا، یەک بخرێن و جیاجیا نەبن.

2. پێویستە پڕ بەدڵ خەمخۆرای هۆ و نیشانەکانی ڕوونکردنەوەی نووسین بین، وەکو:- خاڵ، وێرگول، کەوانە.

3. نووسینی سەرباری (7) کە لە پیتەکانی کوردیدا هەیە، وەکو: (ۆ، ڵ، ێ، ڕ)، نابێت پشتگوێ بخرێت، چونکە لە ڕووی دەنگەوە، زۆر گرنگە.( دەستەی نووسەران، پەروەردە و زانست(گ)، ژ(2)، س1971، ل 74- 75).

**3. وەرگێڕانی بابەتی پەروەردەیی:-**

لەبەر ئەوەی ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی پەروەردەییە، گرنگیی و بایەخ زیاتر بەو بابەتە دەدات، بۆ مەبەستی پێشخستنی بواری پەروەردەیی لە کوردستاندا، لە وتارێکدا لە ژمارە (2)دا بڵاوکراوەتەوە، بە ناوی( خوێندنی سەرەتایی و پێشخستن، لەم وتارەدا باسی چۆنیەتی خوێندن لە عێراق دەکات، لە ماوەی ساڵانی (1960) تا (1970)، هەر لەو وتارەدا چەند پێشنیازێک دەخاتە ڕوو بۆ چاککردن و پێشخستنی خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا.

لە وتارێکی تردا لە ژمارە(2)دا بڵاوکراوەتەوە، لە باسی مێژووی نەخوێندەواری دەکات، لە هەمان ژمارەدا بابەتێکی وەرگێڕدراو هەیە، کە باس لە ڕۆڵی قوتابخانە دەکات، کە دەتوانین لەو ڕێگەیەوە کار بۆ پێشخستنی لادێ بکرێت.

**4. وەرگێڕانی بابەتی منداڵان:-**

گۆڤاری پەروەردە و زانست لەو وتارانەی تێیدا بڵاوکراوەتەوە، بابەتی وەرگێڕدراوە بۆ منداڵان، چیرۆکی وەرگێڕدراوی منداڵانە، لە ژمارە (2)دا چیرۆکێکی وەرگێڕدراوی منداڵان بە ناوی (بولبول و گوڵەباخ) بڵاوکراوەتەوە، وتارێکی تر لە ژمارە (2)دا بڵاوکراوەتەوە، کە باس لە چارەسەرکردنی ترسنۆکی و تورەیی لای منداڵان دەکات. لەلایەکی تریشەوە ئەم گۆڤارە لە ژمارە(3)دا باس لە باخچەی منداڵان دەکات، کە چۆن و بەچ شێوەیەک بێت، لە وتارێکی تری هەمان ژمارەدا باس لە گرنگی و بایەخی چیرۆک دەکات، وەکو یەکێک لە هۆیەکانی پەروەردەکردنی منداڵ.

**5. وەرگێڕانی بابەتی تەندروستی:-**

ئەم گۆڤارە لەپاڵ گرنگی و بایەخی بواری پەروەردەیی، گرنگی بە بابەتی تەندروستیش داوە، چەند وتارێکیش لە ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوە، لە ژمارە(1)دا وتارێکی وەرگێڕدراو بڵاوکراوەتەوە، باس لە ئەندامێکی لەش دەکات، ئەو ئەندامەش گوێیە لە ژمارە (3)دا بابەتێک بڵاوکراوەتەوە باس لە کاریگەری ڕەنگ لە سەر دەروونی مرۆڤ دەکات، لە هەمان ژمارەشدا وتارێک بڵاوکراوەتەوە باس لە گرنگی کلۆر دەکات، کە بخرێتە ناو ئاو. لە ژمارە (5)دا وتارێک بەرچاو دەکەوێت باس لە دڵ وتەوژمی خوێن دەکات.

**6. وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی:-**

ئەگەر سەیری ژمارەکانی ئەم گۆڤارە بکەین، دەبینین چەند بابەتێکی وەرگێڕدراوی ئەدەبی بەرچاو دەکەوێت، لە ژمارە(3)دا بابەتێکی ئەفسانەیی بڵاوکراوەتەوە، بە ناوی لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی (مەهابەهاراتاو)، لە هەمان ژمارەدا چیرۆکێکی تر بەناوی (کولەکە و تاتەبەرد)، بەرچاو دەکەوێت.

چەند وتارێکی تریش لە ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا وەرگێڕدراون، لە ژمارە (1)دا، وتارێک بە ناوی (بلیمەتی)، وەرگێڕدراوە، باس لەو کەسانە دەکات لە جیهاندا جێگای دەستیان دیارە، وەکو (داروین و ئەنشتاین)، لە هەمان ژمارەدا بابەتێکی بڵاوکراوەتەوە، باس لە نەوت دەکات. هەر لە هەمان ژمارەدا بابەتێکی وەرگێڕدراوی تر بە ناوی (میکرۆڤ)

هەیە، باس لە شەپۆلەکانی هەوا دەکات، کە بەشدارن لە گواستنەوەی شەپۆلەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا. لە ژمارە (5)دا وتارێک بە ناوی (ئەستێرە مەزنەکەی موشتەری)، بڵاوکراوەتەوە.

## 3.3: کۆڕی زانیاری کورد

یەکێکیش لە دەستکەوتە گەورەکانی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار، دامەزراندنی (کۆڕی زانیاریی کورد) بوو، یەکێکیش بوو لەو بڕیارانەی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕێککەوتننامەکەی(11)ی ئادار هەر وەک لە ژمارەی (1)یەکی گۆڤاری کۆڕدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: دەمێک بوو گەلی کورد داوای دامەزراندنی کۆڕێکی زانیاری دەکرد، دامەزراندنی کۆڕێکی زانیاریش یەکێک بوو لە داخوازیی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە.(بگەڕێوە بۆ کۆڕی زانیاری کورد (گ)، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ل4).

لەو ڕۆژەدا دەستەیەک لە زانا و نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد لە یانەی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا کۆبوونەوە. ئەم ڕۆشنبیرانە لە سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و بادینان و خانەقین و بەغدا و چەند ناوچەیەکی تر هاتبوون، بۆ دانانی بەردی بناغەی (ئەکادیمیای زانستیی کوردی)، لەپاش گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، بە هەڵبژاردنێکی نهێنی لیژنەیەکیان بۆ دانانی (دەستووری ئەکادیمیای زانستیی کوردی) پێکهێنا، پاش ئەمە ئەندامانی لێژنەکە چەند کۆبوونەوەیێکی تایبەتییان بەست، (دەستووری ئەکادیمیای زانستیی کوردییان) بە پوختی پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری باکوور کرد، بۆ مۆرکردنی لەلایەن حکومەتەوە.(بگەڕێوە بۆ، هاوکاری(ر)، ژ33، 1970).

کۆڕی زانیاری کورد گۆڤارێکیان دەردەکرد، بە ناوی (کۆڕی زانیاری کورد)، کە گۆڤارێکی دەوری بوو، بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو، بەرگی یەکەم - بەشی یەکەمی لە ساڵی (1973) دەرچووە، بەشی دووەمی دەرنەچووە، بەرگی دووەم - بەشی یەکەم لە ساڵی (1974)، بەرگی دووەم - بەشی دووەم لە ساڵی (1974) سەرۆک نووسینی (ئیحسان شێرزاد)ە، سکرتێری نووسین (کەمال مەزهەر) بوو، ئەندامەکانیشی بریتی بوون لە ( ئیحسان شێرزاد، شێخ محەمەدی خاڵ، عەبدوڵڵا نەقشبەندی، مەسعوود محەمەد، عەلائەدین سەجادی، پاکیزە ڕەفیق حیلمی، عەزیز عەقراوی، عەبدولڕەحمان هەژار، ناجی عەباس، ئەحمەد عەلی عوسمان، کەمال مەزهەر، تۆفیق وەهبی، قەناتی کوردۆ، چەند ئەندامێکی

یاریدەدەریش هەبوون، لەوانە:- (فایق هۆشیار، عەبدولحەمید ئەتروشی، دکتۆر جەمال ڕەشید، شاکر فەتتاح، ڕەوشەن سالّح بەدرخان، کامیل بەسیر و هیتر..).

دەربارەی ناوی کۆڕی زانیاری کوردیش، بۆچوونی جیاواز هەبووە، **(مەغدید سەپان)** دەڵێت:- لەڕاستیدا وشەی کۆڕی زانیاری کورد، یان کوردستان، وەرگێڕدراوی زمانی عەرەبییە، مانای تەواوی وشەی ڕەسەنەکەی ؛ ئەکادیمیا؛ نابەخشێت، بۆیە وەک زۆربەی دەوڵەتانی جیهان زۆر باشتر بوو، ئەگەر ؛ کۆڕی زانیاری کوردستان؛ تا زووە بە ئەکادیمیای کوردستان؛ بگۆڕدرابا. ( مەغدید سەپان، 2012، ل201).

(**مەسعوود محەمەد**) لە گۆڤاری زانیاری ژمارە (1)ی ساڵی (1971) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:- ئەندامانی کۆڕ بەر لەوەی بەدوای ناوێکدا بگەڕێن، چەند دروشمی بنچینەییان ڕەچاوکرد، تا هەر ناوێک پێش نیهاد بکرێ و یا بژاردە بکرێ، لە چوارچێوەی مەبەست و مانای ئەو دروشمانە دەرنەچێ، ئیتر لەبەر تیشکی ئەم دروشمانە، ئەو پێش نیهادانەی کەوا خرابوونە باسلێکردنەوە، وەک (کۆڕ، هۆز، ئەکادیمی، مەکۆ، زانست، زانکۆ) هەڵسەنگێنران، ئەم دیو و ئەودیومان پێکراوە، لە ئەنجامدا:-

1- وشەی (ئەکادیمی) پەسەند نەکرا، چونکە کوردی نییە.

2- وشەی ( زانست) دوورخرایەوە، چونکە لە هەندێ شوێنەکانی کوردستاندا نەبیستراوە.

3- وشەی (هۆز) و (مەکۆ) دوورخرانەوە، چونکە یەکەمیان جێگەی ناگەیەنێ، دووەمیان لەبەر ئەوە بۆ شتێک ناوبانگی پەیداکردووە، دوورە لە زانین و خوێندەوارییەوە، بۆیە وشەی (کۆڕ) لەلای کوردەوە، کۆبوونەوەیە بە مەبەستێکی تایبەتی لە جێگەیەکدا.(بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ، زانیاری (گ)، ژ1، 1971).

ئەنجوومەنی کۆڕ هەوڵیداوە سوود لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕیی ناوخۆ و دەرەوە وەربگرێت و هەڵیانبژێرێت، ئەو ئەرکانەشی خراوەتە ئەستۆی، هەوڵی ئەوەی داوە بەپێی ڕێبازێکی زانستیی بێت، بەپێی پلانێکی تۆکمە بێت، چەندین لیژنەی پێکهێناوە، جێبەجێکردنی ئەرکەکانی کۆڕ، دامەزراندنی کتێبخانەیەک، چاپخانەک، کۆکردنەوەی ئەو کتێب و دەستنووسانەی تایبەتن بە گەلی کورد و دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ کۆڕی زانیاری عێراق....هتد.

کۆڕی زانیاری کورد گرنگی و بایەخێکی زۆری بە زمانی کوردی و ڕۆشنبیری کوردی داوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بەشێکی زۆر لە گیروگرفتەکانی ژیانی ڕۆشنبیری گەلەکەمان بە کێشە و ئاڵۆزەکانی زمانەکەیەوە بەستراوە، لەبەر هەندێک هۆی تایبەتی و ئاشکرا تا ئەمرۆ توانای چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی زانستیانە نەبووە، بێ ئەوەش وەک

هەموو دەزانین، ناتوانرێت بناغەیەکی پتەو و پێویست بۆ دواڕۆژی ڕۆشنبیری کورد بنیات بنرێت، ئەم ڕاستییە پاڵی بە ئەنجوومەنی کۆڕەوە نا، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بایەخێکی یەکجار زۆر بە مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانی کوردی بدات، لەبەر ڕۆشنایی زانست، ئەو دەستکەوتە بەنرخانەی زاناکانی کورد و ڕۆژهەڵاتناسەکان بەدییان هێناوە، لە هەموو شتێکیش زیاتر لەم بارەیەوە بایەخدراوە بە سامانی شاردراوەی زمانەکە خۆی، چەندین وتاری بەنرخی هەریەکە لە **(مەسعوود محەمەد و پاکیزە ڕەفیق حیلمی)** بڵاوکردۆتەوە، ئەم وتارانە بایەخێکی زانستیی تایبەتیان هەیە، وتارەکانی **(ئەوڕەحمانی حاجی مارف)**، لەبارەی کوردناسییەوەیە، زانیاری بەنرخییان خستۆتە ڕوو دەربارەی کوردی (ڕووسیا و یەریڤان)ی بە خوێنەرانی کورد ئاشنا کردووە.(بگەڕێوە بۆ: کۆڕی زانیاری کورد (گ)بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم).

کۆڕی زانیاری کورد هەوڵیداوە بۆ دانانی ڕێبازێکی نووسینی یەکگرتوو، داتاشین و دانان و وەرگێڕانی زاراوەی کارگێڕیی، نەک تەنها بایەخێکی تەواوی پێداوە، بەڵکو بەشی زۆری کاتی بۆ ئەم کارە گرنگە تەرخانکردووە، چەند لیژنەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەی زاراوەی زانستی داناوە، لە ژمارە (1)ی گۆڤارەکەدا، لیستی یەکەمی زاراوەی کارگێڕیی بڵاوکردۆتەوە، چەند لیژنەیەکیشیان پێکهێناوە، بۆ ئەوەی گەڕان و بەدواداچوونی دەستنووس و کۆکردنەوەی زاراوە و فۆلکلۆر، زمان و ئەدەب، مێژوو، ژیان، نەریتی کۆمەڵایەتی کورد، ئەویش بۆ پەرەپێدانی کتێبخانەیەکی فۆلکلۆری تایبەت، ئەم بەدواداچوونەش لە دەرەوەی وڵات و ناوخۆی وڵات بووە، بۆیە چەندین دەستنووس و کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەستخستووە.

کۆڕی زانیاری کورد، یارمەتی ڕۆشنبیرانی کوردی داوە، وەرگرتنی زەماڵەی خوێندن بۆ ناردنە دەرەوەی قوتابی کورد، بۆ ئەم مەبەستەش چەند زەماڵەیەکی خوێندنی باڵا لە کوردناسیدا لە ئەکادیمیای زانستیی سۆڤیەت وەربگرێت، هەوڵدانیشی بۆ وەرگرتنی زەماڵەی تر لە دەزگای ڕۆژهەڵاتناسیەکانی دەرەوەی وڵات.

**کۆڕی زانیاری کورد و کردەی وەرگێڕان:-**

دەربارەی کردەی وەرگێڕان، کۆڕی زانیاری کورد ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان، یەکێکیش لەو لیژنانەی کۆڕی زانیاری دایناببوو، لیژنەی وەرگێڕان و دانان و بڵاوکردنەوە بوو، ئەندامەکانی پێکهاتبوون لە (دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، شکور مستەفا و کەمال مەزهەر) بوو، بۆیە لە بەرگی سێیەم، بەشی یەکەمی ساڵی (1975)، لە پوختەی کارەکانی کۆڕدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لیژنەی وەرگێڕان و دانان و

بڵاوکردنەوە، بڕیاری وەرگێڕانی ژمارەیەک کتێب و وتاری بەنرخی لە زمانانی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و ڕووسی و تورکییەوە داوە هەندێ نووسراو بە ئەلفوبێی سلاڤی یاخود لاتینی چاپ کراون، دەهێنێتە سەر ئەلفوبێی عەرەبی، هەندێکیش لەو کتێبانەشی وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، ئەمانەن:-

1- (شەرەفنامە)ی ( شەرەفخانی بەدلیسی)، مامۆستا هەژار کردوویەتی بە کوردی.

2- هەندێک بیروبۆچوونی چەوت لەبارەی زمان و مێژووی کوردەوە، نووسینی قەناتی کوردۆ، وەرگێڕانی د. عەبدولڕەحمانی حاجی مارف.

3- جوگرافیایی کوردستان، نووسینی (د. پەناهایان)، بە زمانی فارسییە، چەند بەرگێکە کۆڕ هەندێکیانی لێ کردووە بە کوردی.

کۆڕی زانیاری کورد، هەوڵیداوە چەند زاراوەیەک لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، بەتایبەتی ئەو زاراوانەی، کە لە بواری کارگێڕیی و وەرگێڕانی پەرتووکی قوتابخانەکاندا سوودیان لێ دەبینرێت، کە لەم بەرگانەدا بڵاوی کردونەتەوە، لە بەرگی یەکەمی - بەشی یەکەم، لیستێک زاراوەی کارگێڕییان بڵاوکردۆتەوە، بەرانبەر هەر وشەیەکی عەرەبی وشەیەکی کوردییان داناوە. (کۆڕی زانیاری کورد(گ)، 1973، ل 432).

لیستی دووەمی زاراوەکانیش لە بەرگی دووەم/ بەشی یەکەم، بڵاوکردۆتەوە(کۆڕی زانیاری کورد(گ)، 1974، ل 886). لیستی سێیەمیش زاراوەکان لە بەرگی دووەم/ بەشی دووەم بڵاوکردۆتەوە(کۆڕی زانیاری کورد(گ)، 1974، ل 166).

لەم ماوەیەدا کۆڕی زانیاری کورد، توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاوی زمانی کوردیی بکات، ئەویش لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی چەند بابەتێکی بەنرخی زمانەوانی، لەپاڵ ئەمەشدا هەوڵیانداوە چەند بابەتێک کە دەربارەی کورد و کوردستانە، وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی و ناردنە دەرەوی قوتابییانی کورد بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا، کۆکردنەوەی بابەتی فۆلکلۆر و ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، دانان و پاراستنیان لە کتێبخانەیەکدا، هەوڵدان بۆ دانانی فەرهەنگێکی (کوردی - عەرەبی)، تا لە کردەی وەرگێڕاندا سوودی لێوەربگرن.

## 4.3: یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، ڕێکخراوێکی پیشەیی و دیموکراسی و سەربەخۆی کوردستانە، گوزارشت لە خواست و ویست و داخوازییەکانی سەرجەم مامۆستایان دەکات، دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بۆ بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سێیەمی **(پارتی دیموکراتی کوردستان)** لە ساڵی (1959)دەگەڕێتەوە، تیادا بڕیاری دامەزراندنی

ڕێکخراوی تایبەت بە(قوتابییان و لاوان و ئافرەتان)، بەڵام یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، ئەم دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسا، ئەویش لەبەر کەمی مامۆستا و زەحمەتی خۆسازدان و نەڕەخسانی هەلومەرجی ئەوکاتە، لە ساڵی (1959) کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی مامۆستایانی عێراق بەسترا، کۆنگرە بڕیاری دانانی چەند لیژنەیەکیاندا، یەکێکیش لەو لیژنانە، (لیژنەی نەتەوەکان) بوو، چەند مامۆستایەکی کورد تێیدا بەشدار بوون.

جێگەی باسە لە (1962/5/15) مامۆستایانی کوردستان دامەزرا، یەکەم کۆنگرەی لە شاری سلێمانی بەست، دووەم کۆنگرەشی لە شوباتی (1966) هەر لە شاری سلێمانی بەسترا، ئەم دوو کۆنگرەیە بەشێوەیەکی نهێنی بەسترا، ئەویش لەبەر بارودۆخی ئەوسای حوکمڕانی عێراق.

دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی (11)ی ئاداری (1970)، لە مانگی ئابی (1970) (لەناوپردان)، کۆنگرەی سێیەمی (ی.م.ک) بەسترا، یەکێک لە بڕیارەکانی ڕێککەوتننامەی (11)ی ئادار، بەتایبەتی بەندی (پێنجەم)، تێدا هاتووە، ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییە کوردستانییەکان ببنە ئەندام لە ڕێکخراوە هاوچەشنەکانییانەوە لە عێراقدا، وەکو ڕێکخراوێکی شەرعی و سەربەخۆ و خاوەن ناو و کەسایەتی مەعنەوەی خودی خۆی، ئامانج و تایبەتمەندی ڕێکخراوەیی و بەڕەسمی ناساندنی. کۆنگرەی چوارەم لە (2)ی شوباتی (1972) لە شاری هەولێر بەسترا، کۆنگرەی پێنجەم (1974/2/1) لە شاری سلێمانی بەسترا. (بگەڕێوە بۆ: هاوکاری(ڕ)، ژ31، 1970).

کەواتە لە ساڵی (1970) هەتا ساڵی (1974)، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان (3) کۆنگرەی بەستووە. هەر لەم ماوەیەدا چەندین دەستکەوتی بەدەسهێناوە، چەند چالاکی جۆربەجۆر لە خۆ گرتووە، لەوانە داواکردن بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندن بە زمانی کوردی، پێکهێنانی کۆمەڵەی هەرەوەزی بۆ مامۆستان، گرێدانی چەندین کۆنفرانس و کۆنگرەی پەروەردەیی، کردنەوەی خولی تایبەت بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، پشتگیریکردنی کۆڕی زانیاری و زمانەوانی کوردی، هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابییان.

دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی (1975)، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، وەکو سەرجەم چین و توێژەکانی تری کوردستان، تووشی نوشووستی و دەربەدەری بووە.

**یەکێتیی مامۆستایان و کردەی وەرگێڕان**

مامۆستایانی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، لە وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان، بۆیە دەبینین لە کۆنگرەکانی مامۆستایان لیژنەی تایبەت بەم بوارە دانراوە، یەکەمین کۆنگرە لە ڕۆژانی (10- 13)ن ئەیلوولی (1959) لە هاوینەهەواری (شەقلاوە)

بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا بڕیاری دانانی چەند لیژنەیەک درا، یەکێکیش لەو لیژنانە، لیژنەی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە بوو، بۆیە لە یەکەمین کۆنگرە گرنگی و بایەخ بە بواری وەرگێڕان دراوە، لە گرنگترین بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایان بریتی بوون لە:-

1. دامەزراندنی کۆڕی زمانەوانی کورد بۆ دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی زمانی کوردی.

2. مێژووی نەتەوەی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستان و عێراقدا بخوێنرێ.

3. دانانی دەستووری زمانی کوردی لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە.

4. قوتابی کورد خوێندنی سەرەتایی بە زمانی کوردی دەستپێبکات، زمانی کوردی لە پۆلی سێیەمەوە بخوێنێ.

5. لە پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتاییدا دەبێ ژمارەی وانەکانی کوردی و عەرەبی وەکو یەک بێت.

6. بەشێک لە زانکۆی بەغدا بۆ زمانی کوردی بکرێتەوە.

7. زمان و ئەدەبی کوردی بە ڕەسمی لە قوتابخانە ناوەندیی و دواناوەندییەکان و خانەی مامۆستایان بخوێندرێ.

8 . لە باخچەی ساوایانی کوردستاندا دەبێ زمانی فێرکردن هەر کوردی بێت.

9. هەر کتێبێکی کوردی دابنرێت، دەبێ وشەی هەموو شێوەکانی کوردی تێدابێ

10. ناردنی قوتابی زیرەک و هەڵکەوتوو بۆ دەرەوە، بۆ وەرگرتنی پسپۆڕیی و تەواوکردنی خوێندنی باڵا.

11. یارمەتیدانی ئەدیبانی کورد بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکانیان.

12. دامەزراندنی چاپخانەیەک هەمەجۆر و هاندانی جووڵانەوەی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا

کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە (15)ی ئابی (1960) بەسترا، لەم کۆنگرەیەشدا چەند بڕیارێکی گرنگ درا، کە بریتی بوون لەم خاڵانەی خوارەوە:

1. خێراکردن لە پێکهێنانی زمانی یەکگرتووی کوردی بۆ ئاسانی وەرگێڕان.

2. وەرگێڕانی نامیلکە و بابەتی زانیاری، پێویستە سەرجەم شێوە زمانەکان لەبەرچاو بگیرێن.

3. لەچاپدانی پەرتووکی کوردی و دانانی چاپخانەیەکی تایبەت بۆ بەڕێوەبەرێتی کوردی.

4. دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە ناوی (مامۆستای نوێ).

5. نامەخانەی گشتی لە قەزا و ناحیەکان بکرێتەوە.

6. تەرخانکردنی پرۆگرامێک لە ئێستگەی کوردی، بۆ بڵاوکردنەوەی وێژە و مێژوو و ڕۆشنبیری و سروودی کوردی.
7. دانانی پرۆگرامێکی خوێندن، بۆ ئەوەی گرنگی بە مێژووی نەتەوەی کورد بدات.
8. یەکخستنی چۆنیەتی نووسین و هەڵبژاردنی گونجاوترین ئەلفوبێ بۆ زمانی کوردی.
9. دانانی زاراوەی زانستیی و دەرکردنی گۆڤارێکی زانیاری و زمانەوانی.
10. دانانی ڕێزمانێکی گشتی بۆ زمانی کوردی.

چەند بڕیارێکی تریش درا دەربارەی هونەریی میللی و گرنگیدان بە کردنەوەی زانکۆ.(بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: هاوکاری(ڕ)، ژ175، 176، 1973).

ئەگەر سەیری بڕیارەکانی هەردوو کۆنگرەکە بکەین، دەبینین، گرنگی و بایەخ بە بواری وەرگێڕان دراوە، بە تایبەتی دانانی ئەلفوبێی کوردی و دانانی ڕێنووسێکی تایبەت بە زمانی کوردی، پەلەکردن بۆ پێکهێنانی زمانی یەکگرتووی کوردی بۆ ئاسانکردنی وەرگێڕان و وەرگێڕانی بابەتی زانستیی بۆ سەر زمانی کوردی.

یەکێتیی مامۆستایانی کوردیش چەند لقێکی هەیە، وەکو (لقی هەولێر و سلێمانی و دهۆک)، هەریەکە لەمانەش لە سالآنی (1970) تا (1974) بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان هەبووە، چەندین بابەتی زانستیی و کلتووری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و زمانەوانی، چەندین بابەتی تر لە خۆی گرتبوو.

ئیمەش لێرەدا یەکە یەکە باسی ئەو گۆڤارانە دەکەین، کە لەلایەن (یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان) و هەر سێ لقی (هەولێر و سلێمانی و دهۆک) دەرچوون، تاوەکو ڕۆڵی ئەو گۆڤارانە بخەینەڕوو، بەتایبەتی لە بواری وەرگێڕاندا تاچەند بە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیان خزمەتیان بە زمانی کوردی کردووە.

**1.4.3: یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان/ لقی هەولێر**

دوای دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان/ لقی هەولێر، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێکیاندا، بە ناوی گۆڤاری (دەنگی مامۆستا)، بە دەست دەنووسرایەوە و بە ڕۆنیۆ ڕادەکێشرا، ئەم گۆڤارە بەشێوەیەکی نهێنی بڵاودەکرایەوە، چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو، بڕیاری دەرکردن و دەرچوونی ئەم گۆڤارە لەلایەن (عەلی هەژاری)ی سەرۆکی لقی ئەوکاتەی هەولێر بووە، دواتر هەر لەلایەن ئەم کۆمەڵەیەوە بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێکی تر درا، بە ناوی (ڕێژنە)، ئەم گۆڤارە مانگانە بوو، ئەم گۆڤارەش لەبەر بارودۆخی ئەوکاتە ئەم بە شێوەی نهێنی دەردەکرا.

**1.1.4.3: گۆڤاری ڕێژنە:**

**ناسنامەی گۆڤاری ڕێژنە:-**

گۆڤارێکی زانستیی رامیاڕی کۆمەڵایەتی مانگانەیە، ئەم گۆڤارە بە دەست دەنووسرایەوە.

**ئامانجی گۆڤاری ڕێژنە:-**

ئامانج لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە لە ڕوانگەی سەروتاری ژمارە (1) ڕوونکراوەتەوە، کە دەڵێت: ئاستی زانستیی مامۆستایان بەرزبکاتەوە، باشترین شێوازی وانەوتنەوە بە زمانی کوردی بڵاوبکاتەوە، بە مەرجێک لەگەڵ منداڵەکانمان و هەڵوێستەکانمان گونجاوبێت، گیانی شکۆمەندی و هەستی گەڕان بەدوای بیری نیشتمانی بەهێز دەکات، ئەرک و کاری مامۆستا دیاری دەکات، بەدوای کەموکوورییەکاندا لەنێو کۆمەڵگەدا دەچێت، لە پێناوی دۆزینەوەی ڕێگەیەکی گونجاو، بۆ ئەوەی لادان و نەهێشتنی بیرۆکەی دواکەوتووانە، تێدەکۆشێت لەپێناو بەدەستهێنانی مافی مامۆستایان و دەرخستنی داواکاریەکانیان، بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی مامۆستا لەنێو هاووڵاتیاندا، هانی نووسەران و خاوەن قەڵەمەکان دەدات، بۆ بەشداریکردن لە پێشخستن و پاککردنەوەی زمانی کوردی، وەکو سەرجەم زمانەکانی دیکەی جیهانی، دەستی یارمەتی و هاوکاری درێژ دەکات، بۆ هێنانی زانستیی تازەی سەردەم، بۆ ئەوەی بیکاتە دۆکیۆمێنتی گۆڕانکاری زانستیی، لەگەڵ کاروانی پێشکەوتندا هاوشان بێت، هەوڵدەدات بۆ کۆکردنەوەی زاراوەی زانستیی، دواتر بڵاوکردنەوەیان، بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ یارمەتیدانی کەسانی دیکە، یارمەتی ئەدەبی دەدات و تێدەکۆشێت بۆ بەرزکردنەوەی ناوەڕۆکەکەی، سەرباری ئەوەی گۆڤارەکە دەبێتە هۆی خۆشکردنی دڵی مامۆستا و پرکردنەوەی کاتی بێ ئیشی، بەتەمایە لەسەر ئەم بەرنامەڕێژییە بەردەوام بێت.( ڕێژنە(گ)، ژ(1)، ت(2)،1970، ل12)

**ژمارەکانی گۆڤاری ڕێژنە:-**

ژمارە (1)ی لە تشرینی دووەمی ساڵی (1970) دەرچوو، ژمارەی (2)ی لە کانوونی یەکەمی ساڵی (1970)، ژمارە (3)ی لە کانوونی دووەمی ساڵی (1970)دا بڵاوکراوەتەوە.

**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕێژنە:-**

سەبارەت بە سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە، ناوی هیچ کەسێک لەسەر بابەتەکان نابینرێت، تەنیا بە پیت و هێما نەبێت، **(مومتاز حەیدەری)** لەم بارەیەوە دەڵێت:- نووسەران لە شاری هەولێر، لەلایەن دام ودەزگاکانی ڕژێمی عێراق تووشی گیروگرفت دەبوون، ئەمەش بۆ ئەوەی نووسەرانی کورد لە شاری هەولێر، نەتوانن

بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەرببڕن، بۆیە ناوی هیچ نووسەرێک نابینرێت لەسەر بابەتەکاندا.(مومتاز حەیدەری، چاوپێکەوتن، 2016/3/29).

**گۆڤاری ڕێژنە لە ڕووی ناوەرۆکەوە:-**

ئەم گۆڤارە بابەتەکانی پێکهاتبوون لە بابەتی (پەروەردەیی و زانیاری گشتیی، ئەدەبی، زمانەوانی، کات بەسەربردن، ڕێکلام، وتەی ناوداران، گۆشەی ڕووبەڕوو، سیاسیی، وتەی ژمارە).

**گۆڤاری ڕێژنە و کردەی وەرگێڕان:-**

ئەم گۆڤارە سێ ژمارەی لێدەرچووە، بابەتی وەرگێڕدراوی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر سەیری لاپەرەکانی ئەم گۆڤارە بکەین، دەبینیین لە ڕووی وەرگێڕانی زاراوەوە، لە هەر سێ ژمارەکەی، لە کۆتایی گۆڤارەکەدا فەرهەنگێکی (کوردی ـ عەرەبی) داناوە، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ کاری وەرگێڕان بە تایبەتی لەو کاتەدا زمانی عەرەبی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زمانی کوردی هەبووە، بابەتەکانی قوتابخانەش دەکرانە زمانی کوردی.

**2.1.4.3: گۆڤاری بۆ پێشەوە:-**

دوای بەستنی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، ئەمە یەکەمین کۆنگرە بوو بە شێوەیەکی ئاشکرا بەسترا، ئەم کۆنگرەیە هاوکاتە لەگەڵ ڕێککەوتننامەی (11)ی ئاداری (1970)، دووبارە لقی هەولێر، بە دەرکردنی گۆڤارێکی تر بە ناوی گۆڤاری (بۆ پێشەوە) (وشیار حەمەد حاجی، 1998، ل108)

**ناسنامەی گۆڤاری بۆ پێشەوە:-**

لەژێر ناوی گۆڤارەکە نووسراوە، گۆڤاری یەکێتی مامۆستایانی ـ لقی هەولێرە.

**ئامانجی گۆڤاری بۆ پێشەوە:-**

هەر لە ژمارە(1)ی ئەم گۆڤارەدا لە گۆشەی (وتاری ژمارە)، ئامانج لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە دەخرێتە ڕوو و دەڵێت:

1. بڵاوکەرەوەی بیروڕای پێشکەوتووانەی مامۆستایانی کوردستانە.
2. ئامانجی هێنانەدی پەروەردەیەکی نەتەوایەتی شۆڕشگێڕ و ژیاندنەوەی کلتووری نەتەوایەتیمان.
3. بە دوای چاکترین و سەرکەوتووترین ڕێگەی فێرکردن و پەروەردەدا عەودالە.
4. پارێزەر و داواکاری مافی مامۆستایانی کوردستانە.

**ژمارەکانی گۆڤاری بۆ پێشەوە:-**

ئەم گۆڤارە تەنیا (3) ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە(1) ساڵی(1) لە (1973/2/21)، ژمارە(2) ساڵی (1) لە 12/20/ 1973، ژمارە (3) ساڵی (2) لە (3/10/ 1974) دەرچووە، ژمارە (1)ی ئەم گۆڤارە لە چاپخانەی (کاکەی فەللاح) لە سلێمانی چاپکراوە، بەڵام ژمارە (2ـ 3) لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا چاپکراوە.

**سکرتێر و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بۆ پێشەوە:ـ**

(سەرۆکی نووسین، عوسمان حەسەن دزەیی، سکرتێری نووسین محەمەد مەنگوری، دەستەی نووسەران، عەزیز گەردی، ئەحمەد نەقشبەندی، یوسف دەرگەلەیی، کەمال غەمبار) بەڵام لە ژمارە (2)ی ئەم گۆڤارە ( سەرۆکی نووسین محەمەد مەنگوری، سکرتێری نووسین یوسف دەرگەلەیی، دەستەی نووسەرانیش کەم بۆتەوە، کە ئەم بەڕێزانە بوون:ـ (عەزیز گەردی، ئەحمەد نەقشبەندی، عوسمان حەسەن ڕەسووڵ)ە.

**ناوەرۆکی گۆڤاری بۆ پێشەوە:ـ**

ئەگەر سەیری ناوەرۆکی ئەم گۆڤارە بکەین، دەبینین خۆی لە کۆمەڵێ بابەتی (پەروەردەیی و ئەدەبی خۆماڵی و بێگانە، پرۆگرامی خوێندن، هونەر، مێژوویی، شیعر، وتەی بەنرخ، وانەی نموونەیی، زمانەوانی و فەلسەفە، ڕۆشنبیری، کار و چالاکییەکانی یەکێتییەکە) لەخۆ دەگرێت.

**قەوارە:ـ**

قەوارەی ئەم گۆڤارە بە قەبارەی (29×21 سم) دەرچووە، لەبارەی ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە، ژمارە (1) (38) لاپەڕەیە، ژمارە(2)ی (60) لاپەڕەیە، ژمارە (3) (60) لاپەڕەیە.(بۆ زانیاری زیاتر لەسەر یەکێتیی مامۆستایان/لقی هەولێر، بگەڕێوە بۆ: ( گۆڤاری پەیامی مامۆستا، ژمارەکانی ( 5 ـ 1996، 1997.6،7، 8 ـ 12.9، 1998، 22ـ 2002، 26ـ 2005، 30ـ 2006)

**گۆڤاری بۆ پێشەوە وکردەی وەرگێڕان:ـ**

ئەگەر سەیری لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە بکەین، دەبینین ژمارەیەکی کەم لە بابەتی وەرگێڕدراو بەرچاو دەکەوێت، دوای سەیرکردنی هەر سێ ژمارەی ئەم گۆڤارە، بۆمان دەرکەوت، بابەتە وەرگێڕدراوەکانیان ئەمانەی لای خوارەوەن:ـ

1ـ گزنگدان، شیعر، ئەفگین دولما توسفکی، گۆڕینی (گ)، ژ1.

2ـ بانگەوازی تۆڵە، بەبێ ئاماژەدان بە ناوی نووسەر، شیعر، گۆڕینی هیوا سەرهەنگ، ژ1.

3ـ تاشە بەردی تینوویەتی، عەلی عیسی، کەمال غەمبار، ژ.1.

4. لەپێناوی بوژاندنەوەی کەلەپوری نەتەوایەتیمان، حازم باجەلان، گۆڕینی ئەحمەد شەریف، ژ2.

5. سەرپەرشتی پەروەردەیی، بەبێ ناوی نووسەر، وەرگێڕان بە دەستکارییەوە عوسمان حەسەن دزەیی، ژ2.

ئەم بابەتە وەرگێڕدراوانەش لەڕووی تەکنیکەوە کەموکووڕییان تێدایە، بەتایبەتی لە هەندێکیان ئاماژە بە سەرچاوەی بابەتەکە نەکراوە، یان ناوی نووسەری بابەتەکە نەنووسراوە، دەستەی نووسەران و نووسەرانی بەڕێز دەبوایە زیاتر گرنگی و بایەخ بە بواری وەرگێران بدەن، بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، چونکە ناسنامەی گۆڤارەکە گۆڤارێکی پەروەردەییە.

**2.4.2: یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان/ لقی سلێمانی**

دوای دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، دانانی سکرتاریەت، لقی سلێمانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، بە ناوی (ئامانج) بە دەست دەنووسرایەوە، مانگێ جارێک دەردەچوو، سەرنووسەری (د.کامیل بەسیر) دواتر (محەمەد باقی سەعید، مەحموود مەلا عیزەت)، دەستەی نووسەرانی ئەمانە بوون:. (درەخشان شێخ حەفید، ئەحمەد هەردی، جەمال عەبدول، ئەنوەر سەعید دارتاش، فائق عارف)، دوای ڕێککەوتننامەی (11)ی ئاداری (1970)، بەستنی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان/ لقی سلێمانی، گۆڤارێکی مانگانەیان بە ناوی گۆڤاری (دەنگی مامۆستا) دەردەکرد.

**1.2.4.2: گۆڤاری (دەنگی مامۆستا)**

**ناسنامەی گۆڤاری دەنگی مامۆستا:.**

لەلایەن ئۆرگانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ـ لقی سلێمانییەوە دەردەچوو.

**ئامانجی گۆڤاری دەنگی مامۆستا:.**

بۆ زانینی ئامانجی ئەم گۆڤارە دەگەڕێینەوە بۆ ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارە، لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسراوە ئامانجمان تێدا هاتووە ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە، پەرەدانە بە ئەدەب و زمانی کوردی و ئامانجمان پاراستنی مافی مامۆستایانە بەبێ جیاوازی زمان و ڕەگەز و بیروباوەڕیان، دەست درێژکات بۆ هەموو خاوەن پێنووسێکی پاک و خاوێن کە ئاواتی ڕاژەی نەتەوەکەی بێ، دڵسۆزانە بیەوێ، شەڕەفی وشەی ئاخاوتن بپارێزێ، گۆڤارەکەمان هی هەموو مامۆستایان و هەموو نووسەران و هەموو ئەدیبانە لە کوردستاندا، دروشممان ئەوەیە کە وشەی بەنرخ و بەرهەمی خاوێن پێشکەش بە خوێندەوارانمان کەین. ( دەنگی مامۆستا(گ)، ژ1، س (1)، 1971).

**شوێنی دەرچوون:.**

ئەم گۆڤارە لە شاری سلێمانی دەرچووە، ژمارەی یەکەم، ساڵی یەکەم لە چاپخانەی (کامەران)، ژمارەی دووەم و سێیەم و چوارەمی ساڵی یەکەم لە چاپخانەی (ژین)، ژمارە پێنج و شەشی ساڵی دووەم لە چاپخانەی (ڕاپەرین)، ژمارە حەوتی ساڵی دووەم لە چاپخانەی (کامەران)، ژمارە هەشت و نۆ و دە لە چاپخانەی (ڕاپەرین) لە سلێمانی چاپکراون. ئەگەر سەیری زنجیرەی ئەم گۆڤارە بکەین بەدوای یەکتر دەرنەچوونە، لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە چوار لە ساڵی یەکەم دەرچوونە، لە ساڵی دووەمدا ژمارەی گۆڤارەکە ژمارە پێنجیان پێداوە، بەڵام دواتر ژمارەی (1)یان پێداوە، دواتریش ژمارەیەکی تر دەرچووە، ژمارە (2)یان پێداوە، کە ژمارە(6،7) دەکات، بەڵام لە ساڵی سێیەمدا ژمارەکان بوونەتەوە (8، 9، 10).

**قەوارەی گۆڤارەکە:.**

گۆڤارەکە بە قەبارەی (20×28سم) دەرچووە، لەڕووی ژمارەی لاپەڕەشەوە بە شێوەی جیا جیا دەرچوونە، ژمارەی یەکەم (44) لاپەڕە، ژمارەی دووەم (62) لاپەڕە، ژمارەی سێیەم ( 58) لاپەڕە، ژمارەی چوارەم (64) لاپەڕە، ژمارە پێنج (73) لاپەڕە، ژمارە شەش (کە ژمارەی یەکەمی ساڵی دووەمە (66) لاپەڕە، ژمارە حەوت (کە ژمارەی دووەمی ساڵی دووەمە) (66) لاپەڕە، ژمارە هەشت (66) لاپەڕە، ژمارەی نۆیەم (63) لاپەڕە، ژمارە دە (64) لاپەڕەیە.

**دەستەی نووسەران:.**

ئەگەر سەیری گۆڤارەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ لە ژمارە (1، 2، 3) ناوی دەستەی نووسەرانی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام لە ژمارە (4)ی ئەم گۆڤارە، ناوی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە نووسراوە، بەم شێوەیە: مستەفا ساڵح کەریم، محەمەد نووری تۆفیق، جەمال عەبدول، ڕەئوف بێگەرد، عەبدوڵلا ئاگرین، محەمەد فەریق حەسەن، دواتر لە ژمارە(5) کارەکان بەمشێوەیە دابەشکراوە، سەرنووسەرەکەی (د.کەمال خۆشناو) و سکرتێر (مستەفا ساڵح کەریم)، دەستەی نووسەرانیش ئەمانە بوون: ( جەمال عەبدول، محەمەد نوری تۆفیق، ڕەئووف بێگەرد، محەمەد فەریق حەسەن، عەبدوڵلا ئاگرین) بووە.(دەنگی مامۆستا، ژ5، س2، 1972).

لە ژمارە (2)ی ساڵی دووەم، ناوی (دەستەی نووسەران) گۆڕاوە بە (لیژنەی نووسین و ڕاگەیاندن)، بەم جۆرەی لێهاتووە: (محەمەد نووری تۆفیق ـ لێپرسراو، ڕەئوف محەمەد زوهدی ـ ئەندام، مەحموود مەلا عیززەت ـ ئەندام، مستەفا ساڵح کەریم ـ ئەندام،

محەمەد سالّح سەعید ـ ئەندام، ڕەئوف بێگەرد ـ ئەندام، ساجیدە ئاوارە ـ ئەندام، عەبدوللّا ئاگرین ـ ئەندام ـ ئیسماعیل ئیبراهیم ـ دەرهێنەری هونەریی)، لە ژمارە(9) دەستەی نووسەرانی فراوانکراوە و ناوی هەریەکە لە (کامیل حەسەن بەسیر، بەدیعە مەحوی، پەخشان عەبدوللّا زەنگەنە) زیادکراوە، راوێژکارانیش (د.کەمال فوئاد، د.زەنوون محەمەد پیریادی) بوون، ئیسماعیل خەیات ـ دەرهێنانی هونەریی.

دەنگی مامۆستا لە ڕۆژگارێکدا دەرچوو، بزاڤی کوردایەتی لە کوردستانی عێراق گەیشتبووە چڵەپۆپە، لەو پارچە بچووکەی وڵات کوردستانی عێراق، کورد بە مافی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی خۆی شاد ببوو، بۆیە تێکڕای ڕۆشنبیرانی میللەتەکەمان، دەستەی نووسەرانی (دەنگی مامۆستا)ش، بە لێبراوی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی کورد دەکۆشان، هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بوو، لەو هەلە زێڕینەی بۆیان هاتۆتە پێش، سوود وەربگرن، چی زیاترە بیری ڕەسەنی کوردایەتی، ئاسایشی نەتەوەیی بپارێزن، جا (زمان) یەکێکە لەو دەروازە گرنگانەی لەڕێگەیەوە خزمەت بەو مەبەستانە دەکرێت، بۆیە بایەخی زۆریان بەوە دەدا، بەرهەمەکانیان بە کوردییەکی پەتی و خۆش بنووسن، چونکە لەو بڕوایە دابوون، (دەرهێنان و بڵاوکردنەوەی هەر بەرهەمێکی بیر بە زمانی کوردی، خۆی لەخۆیدا پاراستنی گرنگترین مەرجی نەتەوایەتی کورد دەگەیەنێت.(کوردستان موکریانی، 2001، ل18).

**گۆڤاری دەنگی مامۆستا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:-**

بابەتەکانی پێکهاتبوون لە سەروتار، کاروانی شەهیدانمان، لە مامۆستا نەمرەکانمان، زمانەوانی، فەرهەنگی وشە، چیرۆکی ژمارە، ژیانی ئەدەبیمان، زانیاری، وانەی نموونەیی، دەنگی مامۆستا و خوێنەرانی، ژمارەی پێشووم خوێندەوە، لە ئەدەبی بێگانەوە، گۆشەی سەربەست، لە باخچەی شاعیران لە سامانی نەتەوەییمان، هونەر، پەندی کوردی، وتەی بەجێ، لاپەڕەی دوایی، چالاکییەکانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان.

**کردەی وەرگێڕان:-**

دەربارەی ڕۆڵی ئەم گۆڤارە و گرنگیدانیان بە بابەتی وەرگێڕدراو، دوای سەیرکردنی تەواوی ئەو ژمارانەی دەرچوون، بۆمان دەرکەوت، چەند گۆشەیەک لەم گۆڤارەدا بەرچاو دەکەون، چەند بابەتێکی وەرگێڕدراو لەخۆ دەگرێت، لە زمانەکانی(ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی، ڕووسی، فەرەنسی) وەرگێڕدراون، گۆشەکانیش بەناوی (زانیاری گشتیی، ئەدەبی بێگانە). ژمارەی ئەو بابەتانەی کە لە بواری ئەدەب وەرگێڕدراون،(9) بابەتە، کە بابەتەکانی بریتیین لە( چیرۆک، ڕەخنە، ئەفسانە، ژیانی شاعیران). لە بوارەکانی (پەروەردەیی (2) وتار، لە بابەتی زانیاری (3) وتار، گۆشەیەکیش هەبوو بەناوی (فەرهەنگی مامۆستا)، هەرچەندە لە

تەواوی ژمارەکاندا بوونی نییە، تەنیا لە پێنج ژمارەدا نەبێت، هەندێکیان فەرهەنگێکی (کوردی ـ عەرەبی) یان (کوردی ـ ئینگلیزی)، ئەم فەرهەنگە بۆتە هۆی وەرگێڕانی چەند زاراوەیەک، کە خزمەت بە بواری وەرگێڕان دەکات، لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

1. فەرهەنگی وشە ئاوێتەکان( کوردی ـ عەرەبی) ڕەشید مەلا عەلی، ژمارە(1).

2. فەرهەنگی مامۆستا (کوردی ـ عەرەبی) کەمال جەلال غەریب، ژمارەی (2).

3. فەرهەنگی مامۆستا ( کوردی ـ ئینگلیزی)، محەمەد ڕەشید مەحموود، ژمارە (3).

4. فەرهەنگی مامۆستا ( بایەلۆجی)، فوئاد عیزەت، جەمال عەبدول، ژمارە (6) ( ژمارە (1)ی ساڵی دووەم.

5. فەرهەنگی مامۆستا ( کوردی ـ عەرەبی)، فۆاد عیزەت، محەمەد ساڵح، ژمارە (9)ی ساڵی سێیەم. (بۆ زانینی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم گۆڤارە، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(3). (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر یەکێتی مامۆستایان/لقی سلێمانی بگەڕێوە بۆ: (محەمەد باقی سەعید، 2013).

**3.4.3: یەکێتیی مامۆستایانی کورد/ لقی دهۆک**

دوای بەستنی کۆنگرەی یەکەم تاوەکو سێیەم، بڕیاری کردنەوەی لقی یەکێتییەکە لە پارێزگاکانی تری ناوچە کوردستانییەکان (واتە هەرێمی کوردستان) درا، یەکێکیش لەو لقانە، کردنەوەی لقی دهۆک بوو، ئەم لقە لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستا پێکهات، دواتر هەڵبژاردن کرا، ئەم بەڕێزانە هەڵبژێردران (کامیران محەمەد ئەمین بامەڕنی) وەک سەرۆکی لق، (پتریس اسخریا بەرواری) وەک جێگر، چەند ئەندامێکی تر هەڵبژێردران، چەند لیژنەیەک دانران و یەکێکیش لەو لیژنانە لیژنەی ڕۆشنبیری بوو، (عەبدوڵڵا زەرۆ) سەرپەرشتی ئەو لیژنەیەی دەکرد، بۆ چالاکی ڕۆشنبیری، ئەم لیژنەیە ساڵی (1973)، پێشنیازێکیان دایە یەکێتییەکە، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ دەرچوونی بڵاوکراوەیەک بە زمانی کوردی و عەرەبی، دوای کۆبوونەوەی یەکێتییەکە، یەکسەر پێشنیازەکەی لەبەرچاوگرت، ڕەزامەندی نیشاندا، بۆیە بڕیاردرا ئەم بڵاوکراوەیە بە ناوی (هێڤی) بێت، ئەم گۆڤارە مانگانە بوو، وەکو سەرەتا ئەم لقە داخوازی لە تەواوی مامۆستایان و نووسەرانی پارێزگای دهۆک کرد، تاوەکو هاوکاری ئەو بڵاوکراوەیە، بە نوسین بکەن، لە بوارەکانی (شیعر و ڕەخنە، مێژوو، سەربووردە) بابەتی تری هەمەڕەنگ.(خالد سندۆزی، ئەحمەد عەبدوڵڵا عەزۆ، 2006، ل11).

**1.3.4.3: بڵاوکراوەی هێڤی:.**

**ناسنامەی بڵاوکراوەی هێڤی:.**

لەسەر بەرگی گۆڤارەکە بە زمانی و کوردی عەرەبی، بە دەست نووسراوە، بلاڤۆکەکا هەیڤانەیە، ئێکەتیا مامۆستاییێت کوردستانا عێراقێ لقێ دهۆکێ بەلاڤ دکەت،

**ئامانجی بڵاوکراوەی هیڤی:-**

له ژمارە(1)ی ئەم بڵاوکراوەیە نووسراوە: بناڤێ خۆدایێ دلۆڤان دەستەکا رۆشنبیریێ د ئێکەتیا مامۆستاییێت کوردستانێ ـ تایێ دهۆکێ ـ ڤی بەرهەڤی پێکێش دکەن بۆ هەمی خۆندەڤانێت هێژا و بەرکەتی بدلەکی پڕ گەش و شاهی ڤە بۆ یەکەمین جار، دا دەنگ و هەوار و فیربێت مامۆستاییێن پارێزگەها دهۆکێ بگەهیننە هەمی مامۆستاییێت عێراقێ، نەمازە ییێد کوردستانێ هێڤیدارین سەرکەفتی بین دڤی دەراڤێ و قۆناغێ دا.

**ژمارەکانی بڵاوکراوەی هیڤی:-**

ئەم گۆڤارە (7) ژمارەی لێدەرچووە، ژمارە (1)ی له مانگی (5)ی ساڵی 1973، ژمارە (2) له مانگی (6)ی له هەمان ساڵدا دەرچووە، ژمارە (3) له مانگی (7)، ژمارە (4) له مانگی (8) و ژمارە (5)ی له مانگی (9)، ژمارە (6)ی له مانگی (11)، ژمارە (7)ی له کۆتایی مانگی (11)ی ساڵی 1973 دەرچووە.

**دەستەی نووسەران:-**

لەسەر بڵاوکراوەکە ناوی هیچی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام دوای سەیرکردنی هەر حەوت ژمارە بۆمان دەرکەوت، ئەم نووسەرانە بەرهەمەکانیان له بەشی زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە: (عادل یونس عبۆ، محەمەد عەلی یونس بامەرنی، ئەحمەد عەبدوڵلا زاخۆیی(زەرۆ)، عومەر موسا، ڤارتکێس موسیس سەرگیسیان، مەجید محەمەد مستەفا، حسێن مەلا نیعمەت، سەلمان تەها ئەحمەد، سدقی تاهیر بابکر، عەلی یونس تۆڤی، ئەنوەر محەمەد تاهیر، رەشید فەندی، مەجید محەمەد، خەلیل دۆسکی، سەنگەرە، عەباس محەمەد، فەخرەدین دۆسکی، کەریم فندی، خالد سندوری، عەبولرەحمان مزوری، محەمەد ئەتروشی، سەعید عەلی ئیتۆتی).

**ناوەرۆکی ئەم بڵاوکراوەیە:-**

ناوەرۆکی ئەم بڵاوکراوەیە، ئەم بابەتانەیان لەخۆ گرتبوو(زمانەوانی، سیاسی، مێژوویی، فۆلکلۆر، رۆژنامەوانی، چیرۆک، سروود، رەخنە، لێکۆڵینەوە، پەروەردە، دەروونزانی، پەخشان، وەرزش، رۆشنبیری)، ئەم گۆڤارە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو، بەشی زمانی کوردی بە دەست دەنوسرایەوە، بەڵام بەشی عەرەبی بە رۆنیۆ راکێشراوە، له ژمارە (2)ی ئەم گۆڤارە نووسراوە، بەهۆی نەبوونی چاپی کوردی، بۆیە بە دەست دەنووسرێت.

**قەوارەی گۆڤارەکە:-**

ئەم بڵاوکراوەیە بە قەبارەی(29×21) دەرچووە، بەڵام ژمارەی لاپەڕەکانی ژمارە یەک (17) لاپەڕەیە، ژمارەی دووەم (18)لاپەڕە، ژمارەی سێیەم (15) لاپەڕە، ژمارەی چوارەم (17) لاپەڕە، ژمارە پێنجەم (18) لاپەڕەیە، ژمارە شەشەم (19) لاپەڕە، ژمارەی حەوتەم(20) لاپەڕەیە.

**بڵاوکراوە هێڤی و کردەی وەرگێڕان:-**

ئەم گۆڤارە دەبوایە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووایە لە بواری وەرگێڕاندا، ئەویش بۆ بەرەو پێشبردنی بواری پەروەردە و فێرکردن زمان و ئەدەبی کوردی، چونکە تازە لەو پارێزگایە بابەتی قوتابخانەکان بە زمانی کوردی دەخوێنرا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێمی بەعس هەڵیداوە لەڕێگەی ئەم پارێزگایەوە زارەکانی زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا لێک داببرێنێت، بۆیە دەبوایە نووسران و ڕۆشنبیرانی ئەم پارێزگایە، زیاتر گرنگی و بایەخ بە زمانی کوردی بدایە، بە وەرگێڕانی بابەتی جۆر بەجۆر بۆ سەر زمانی کوردی، ئەو کاریگەرییەی زمانی عەرەبی لەو پارێزگایەدا لەسەر تاکی کوردی هەیبوو، تاڕادەیەک نەیهێڵێت. دوای سەیرکردنی تەواوی ئەم بڵاوکراوەیە بۆمان دەرکەوت، تەنها یەک بابەتی وەرگێڕدراو بەرچاو دەکەوێت، ئەویش چیرۆکێکە. (بۆ زانینی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم بڵاوکراوەیە، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە4). (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر یەکێتیی مامۆستایانی دهۆک بگەڕێوە بۆ ژمارەکانی گۆڤاری هێڤی).

## 5.3: یەکێتیی نووسەرانی کورد

یەکێتیی نووسەرانی کورد یەکێ بوو لەو دەسکەوتە گرنگانەی میللەتی کورد، لە ئەنجامی خەباتێکی درێژخایەنی خوێناوییەوە بە دەستی هێنابوو، ئەو یەکێتییە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، بۆ سەرەتای ساڵی(1970)دەگەڕێتەوە، توانیبووی لەڕێی چالاکییە هەمەجۆرەکانییەوە بە جەماوەری فراوانی کوردی بسەلمێنێ، بوونی پێویستییەکی مێژووییە. (ی.ن.ک) تاکە دەزگا بوو لە عێراقدا نەک تەنیا لە کوردستاندا، بە درێژایی تەمەنی سێزدە ساڵەی ڕژێم نەیتوانی بوو دەستی بەسەردا بگرێت و نوێنەری خۆی بەسەردا بسەپێنێ.(حەمە سەعید حەسەن، 1994، ل5). لە ناوەڕاستی ساڵی (1958)ەوە، ئەدیب و نووسەر و ڕووناکبیرانی کوردی باشووری کوردستانی، خەریکی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی پیشەیی بوون، بەڵام بیری شۆڤێنیی کاربەدەستان، هەمیشە ڕێگربووە و هەوڵەکانیان پەکخستووە، لە ساڵی (1968)یش دوو تەقەللای تر بۆ کۆکردنەوەی ئەدیبانی کوردی

دانیشتووی بەغدا سەری نەگرت، لە کۆتاییەکانی بەهاری (1969)دا، (کاکە مەم بۆتانی) بە هاوکاریی هەندێک ئەدیب، گەڵاڵەی پڕۆگرام و پێڕەوێکی ناوخۆی (کۆمەڵەی ئەدیبانی کورد)ی ئامادەکرد، خستییە بەردەم ئەدیبانی بەغدا، بۆ دەستکاریکردنی پڕۆگرام و هەڵبژاردنی دەستەی دامەزرێنەر، بە دەنگدانی ئاشکرای (28) ڕووناکبیری کوردی شارەکە هەڵبژێردران، ئەمانیش ئەم زاتانە بوون: دەستەی دامەزرێنەر (مارف خەزنەدار، ئیحسان فوئاد، د.نەسرین فەخری، د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، د.کامیل بەسیر، جەمال عەبدولقادر بابان، حەمەی مەلا کەریم، حسێن عارف، نوری عەلی ئەمین، خالید دلێر، کاکەمەم بۆتانی)، پاش مانگێک (کامیل بەسیر) کشایەوە، (د.کاوس قەفتان) ( یەدەگی یەکەم) چووە شوێنی، دوای ڕێککەوتنی حزبی بەعس و باڵی مەکتەبی سیاسیی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە (1969/10/9)، بڕیار لە حکوومەتی عێراقی دەرچوو، ڕێگەی بە ڕووناکبیرانی کورددا، یەکێتیی نووسەران و ئەدیبان دابمەزرێنن، بە مەرجێک ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عێراق، بۆیە لە( 2/9/ 1970)، بڕیار درا یەکێتیی نووسەرانی کورد بە ئاشکرا دەست بە کارکردن بکەن، یەکێتیی نووسەرانی کورد تا ساڵی (1979)، شەش کۆنگرەی بەست، لە کۆنگرەی دووەمدا بڕیاری کردنەوەی لقی ئەم یەکێتییە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک درا، بەڵام بەداخەوە لە ئاداری (1974)دا، شەڕ دەستی پێکردەوە، بەڕێوەبەرانی یەکێتیی نووسەرانی کورد دوای بانگەوازی شۆڕش کەوتن، بۆیە چالاکییەکانی ئەم یەکێتییە لەناو شاردا نەما، ئەدیبانی شۆڕشگێر لە (1974/4/18)، لە چۆمان کۆبوونەوە و دەستەیەکی تازەیان پێکهێنا، هەر لەو ساڵەدا دوو ژمارەی گۆڤاری (نووسەری کورد)یان دەرکرد، حکوومەتی عێراق هەمیشە هەوڵی دەدا، تەواوی ڕێکخراوەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، لەژێر هەیمەنەتی ئەواندا بێت، یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵبوەشێننەوە، بەڵام یەکێتیی نووسەرانی کورد ئەمەی قبووڵ نەکرد، بەتایبەتی چوونی ئەو ئەدیبانە بۆ یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عێراق، تەنها هەندێک لە ئەندامەکان نەبێت، نەچوونە ئەم ڕێکخراوەیە، بەم جۆرە یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵوەشێندرایەوە، بەڵام ئەدیبە نیشتمانپەروەرەکان چووبوونە شاخ، بڕیاریاندا بە دامەزراندنی (یەکێتیی نووسەرانی کوردستان) لە کانوونی دووەمی (1981) لە گوندی (توژەڵە) کۆبوونەوە، هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێکیشیاندا بە ناوی گۆڤاری (پێرو)، بۆیە ئەم یەکیەتییە دوای بەهاری (1991) دووبارە دەستی بە کارەکانی کردەوە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کاکەمەم بۆتانی، وێستگە سەرەکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، 2011).

### 1.5.3: گۆڤاری نووسەری کورد

**ناسنامەی گۆڤارەکە:-**

لە لاپەڕەی یەکەمی ئەم گۆڤارە لەژێر ناوی گۆڤارەکە نووسراوە، گۆڤارێکی یەکێتی نووسەرانی کوردە.

**ئامانجی گۆڤارەکە:-**

ئامانج لەدەرکردنی ئەم گۆڤارە وەکو لە ژمارە(1)ی ئەم گۆڤارەدا هاتووە و دەڵێت: پوختەی ئامانجەکانی قۆناغی ئێستامان بریتییە:- لەبرەوپێدان و بەرزکردنەوەی پایەی ئەدەبی کوردی بە هەموو لقەکانییەوە وەکو (شیعر و وتار و پەخشان و چیرۆک و بابەتە تازەکانی تری ئەدەب، تۆمارکردنی دەستنوس و سامانی نەتەوایەتیی بڵاونەکراوەی کوردی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کلاسیکیمان، ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە مێژووییانەی لەسەر کورد کراون بە ماڵ، لێکۆڵینەوە لە فۆلکلۆر و ئەنترۆپۆلۆجی وئەنتۆگرافیی، بایەخدان بە مێژووی زمان و زمانەوانی و دەستووری زمان و فەرهەنگی کوردی، شیکردنەوەی هونەریی کوردی، بە مۆسیقا و گۆرانی و شانۆوە و تەرخانکردنی جێگەیێکی شیاو بۆ وەرگێڕان، بە تایبەتی شاکارە کلاسیکییەکانی جیهان. (بڕوانە: نووسەری کورد، ژ1، س1، 1971).

**ژمارەکانی نووسەری کورد:-**

ژمارە(1) ساڵی (1) لە مارتی (1971)، ژ(2) ساڵی (1) لە نیسانی (1971)، ژمارە(3) ساڵی (1) لە ئابی (1971)، ژمارە (4) لە تشرینی دووەمی (1971)، ژمارە(5) لە کانوونی دووەمی (1972)، ژ(6) لە مارت ـ نیسانی (1972)، ژمارە(7) لە نەورۆزی (1973)، ژمارە(8) لە مایسی (1973)، ژمارە(9) لە ئابی (1973)، ژمارە(10) لە ئەیلوولی (1973)، ژمارە (11) لە کانوونی یەکەمی (1973)، لە ژمارە (4)ەوە تا ژمارە(11) ساڵی تیادا نەماوە، بۆ نموونە لە ژمارە (1)دا نووسراوە، (ژ1، س 1).

**سەرنووسەر و سکرتێری ئەم گۆڤارە:-**

لە ژمارە (1)ی ئەم گۆڤارەدا، (دکتۆر مارف خەزنەدار) سەرنووسەر بووە، (نەسرین فەخری) سکرتێر بووە، بەڵام لە ژمارە (4)ەوە تا ژمارە (11)ە، تەنیا ناوی سەرنووسەر (دکتۆر مارف خەزنەدار) ماوە، ناوی سکرتێری نەماوە.

**دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نووسەری کورد:-**

لە ژمارە (1) دەستەی نووسەران پێکهاتبوون لە:- ( ئەحمەد غەفوور، حوسێن عارف، سەعید ناکام، عەبدولرەزاق بیمار، محەمەد ئەمین عوسمان)، لە ژمارەی دووەمدا ناوی هەریەکە لە (سەعید ناکام، محەمەد ئەمین عوسمان) نەماوە، بەڵام ناوی ( حافز مستەفا قازی) دانراوە، لە ژمارە (4) تا ژمارە(11) ناوی دەستەی نووسەران نەنووسراوە.

**هۆکاری وەستانی ئەم گۆڤارە:-** بەهۆی تێکچوونی گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی کورد و ڕژێمی بەعسەوە ئەم گۆڤارە لە دەرچوون وەستا، ئەگەرچی ژمارە (12)، کە دوا ژمارەی لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (1975)بوو، بە نهێنی بڵاوبۆتەوە.(حەسەن بارام، 2012، 354).

**پەیامنێران:-**

گۆڤاری نووسەری کورد پەیامنێریشی، لە شاری هەولێر و سلێمانی هەبووە، هەریەکە لە: (جەمال عەلی خدر) لە هەولێر، (کەریم زەند) لە سلێمانی.

**چاپخانە:-**

ژمارە (1)ی ئەم گۆڤارە لە چاپخانەی (دار السلام) چاپکراوە، بەڵام لە ژمارە(4)ەوە تاوەکو ژمارە(11) لە چاپخانەی (دار الزمان) چاپکراوە.

**یەکێتیی نووسەرانی کورد و کردەی وەرگێران:-**

سەبارەت بە کردەی وەرگێران و ڕۆڵی ئەم یەکێتییە لەم بوارەدا، دەبینین لەو کۆنگرانەی، کە لە ماوەی ساڵانی (1970 تا 1974) بەستوویەتی، چەند بڕیارێکی دەربارەی کردەی وەرگێران داوە، هانی نووسەرانی داوە تاوەکو بەرهەمی بێگانە وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەم کارەش خەڵاتی تایبەتی داناوە، دەربارەی وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکانیش یارمەتی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی داوە، لەڕێگەی چەند ڕێنمایی و ڕاسپاردەیەکەوە، لەلایەکی تریشەوە لە گۆڤاری نووسەری کورد چەند بابەتێکی وەرگێڕدراو بەرچاو دەکەوێت، ئەم گۆڤارەش لە ڕووی تەکنیکیەوە کەموکووڕی تێدا دەردەکەوێت، هەندێک لە بابەتەکان ناوی سەرچاوەی بابەتەکە نەنووسراوە، بابەتەکانیش لە زمانی (عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی، فارسی، ئیتاڵی، بولگاری و ڕووسی) لە گۆشەیەکی تایبەتدا بە ناوی (لە ئەدەبی بێگانەوە) وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی، شایەنی باسکردنیشە تەواوی بابەتە وەرگێڕدراوەکان بابەتی ئەدەبین، بە تایبەتی هونەریی (چیرۆک). لێرەشدا تەواوی ئەو بڕیارانەی، کە لە کۆنگرەکانی یەکێتیی نووسەرانەی کورد دەربارەی کردەی وەرگێران دراوە، دەیانخەینەڕوو، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:-

کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد، کە لە ڕێکەوتی (23-24)ی حوزەیرانی (1970) بەستراوە، بڕیاری دانانی چەند لیژنەیەکی داوە، یەکێکیش لەو لیژنانەی بڕیاریان

لەسەر داوە، لیژنەی نووسین و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە، چەند بڕیارێکی داوە، ئێمەش لێرەدا دەیان خەینە روو:-

1- داوا لە دەستەی بەڕێوەبەر دەکا، ئەو کتێبە بەکەڵک و بەناوبانگانەی لە زمانەکانی بێگانەدا هەن، هێشتا وەرنەگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، ئەرکی وەرگێڕانیان بە ئەندامانی یەکێتیی بسپێرێ، لەو ڕووەوە توانایان هەیە، لە دواییشدا لیژنەی چاپ و بڵاوکردنەوە بە چاپیان بگەیێنێ، چونکە کتێبخانەی کوردی لەو ڕووەوە ناتەواوی زۆرە، پێویستی بە بوژاندنەوە و بەهێزکردن هەیە.

2- کۆنگرە داوا لە دەستەی بەڕێوەبەر دەکات، هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی بکا، لە دانان و وەرگێڕان و چاپ کردنی کتێبی قوتابخانەکانی کوردستاندا.

3- بەرهەمی نووسەر و وەرگێڕەکان لەڕێگەی لقەکانی یەکێتیی نووسەرانەوە پێشکەش بە ناوچەی گشتی یەکێتیی بکرێن، دوای ئەوە پەسندیان دەکەن، بۆ ئەوەی پشتگیریی بکرێن بۆ جێبەجێکردنی کاروباری یەکێتییەکە، وەرگرتنی یارمەتی لە دەزگاکانی میریی، وەکو دەزگای خوێندنی کوردی و کۆڕی زانیاری کوردی و وەزارەتی ڕاگەیاندن.

4- یارمەتیدان و پشتگیریکردنی جووڵانەوەی وەرگێڕان لە زمانەکانی بێگانەوە بۆ زمانی کوردی، بە پێچەوانەوەش.

5- پێویستە گرنگییەکی تایبەتی بدرێ، بە نووسین و وەرگێڕانی کەلەپووری وێژەیی و فۆلکلۆری کوردی بە زمانی عەرەبی و زمانە بێگانەکان و لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی بە ناو بازاڕی عێراق و وڵاتانی دەرەوەدا.

6- لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە دانانی خەڵاتی ساڵانە دانراوە، بۆ باشترین بەرهەمی بڵاوکراوە لە دانان و وەرگێڕان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (نووسەری کورد (گ)، ژ 1، س1، 1971، ژ2، س1، 1971).

لە کۆنگرەی دووەم و سێیەمیشدا چەند بڕیارێک بۆ کردەی وەرگێڕان دراوە، کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە (14)ی تەموزی (1971) لە شاری هەولێر بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکردووە، بە تایبەت لەبواری وەرگێڕاندا، ئێمەش لێرەدا دەیان خەینەڕوو:-

1- بۆ دانان و گۆڕینی کتێبی قوتابخانەکان، پێویستە ئەو کەسانەی بەتوانا و شارەزان لەم بوارەدا ڕابسپێردرێن.

2- هیچ کام لە کۆمەڵە و یەکێتیی و دەزگا کوردییەکان، نابێت بەبێ ئاگاداری یەکتر، بابەتی کتێبی قوتابخانەکان وەربگێڕن، پێویستە ڕاو و بۆچوونی ئەو کۆمەڵ و یەکێتیانە وەربگیرێت.

3. گۆڕینی ئەو کتێب و نامیلکانەی دەربارەی زمانی کوردی نووسراون، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی لەلایەن نووسەرە سۆڤیەتییەکانەوە دەربارەی زمانی کوردی نووسراون.
4. یارمەتیدان و پشتگیریکردنی جوڵانەوەی وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی کوردی و بە پێچەوانەوەش.
5. پێویستە گرنگییەکی تایبەت بە نووسین و وەرگێڕانی کەلەپووری وێژەیی و فۆلکلۆری کوردی بە زمانی عەرەبی و زمانە بێگانەکانی تر بدرێت.
6. دانانی خەڵاتی ساڵانە لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد بۆ باشترین بەرهەمی وەرگێڕدراو.( بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (نووسەری کورد (گ)، ژ3، ژ7). (بۆ زانینی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم گۆڤارە، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە 5)

### 2.5.3: یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر

ژمارەیەک لە نووسەران و شاعیرانی هەولێر، لە ناوەڕاستی ساڵی(1970) لەنێو خۆیاندا وتوێژی ئەوەیان کرد، لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد دابمەزرێنن، بۆ ئەم مەبەستە داواکارییەکیان پێشکەش بە پارێزگاری هەولێر کرد، بۆ مۆڵەت پێدانیان، دواتر بەپێی بڕیاری پارێزگای هەولێر، لە(1970/12/3)، یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر مۆڵەتی کارکردنیان پێدرا، ڕۆژی (1971/1/15)، یەکەمین کۆنفرانسی لقیان بەست، دروشمەکانی کۆنفرانس بریتی بوون لە:-

1. زیندووکردنەوە و بوژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیی میللەتی کورد، گرنگترین ئامانجی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
2. یەکێتیی نووسەرانی کورد نموونەی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانییە.
3. یەکێتیی نووسەرانی کورد لە دەستکەوتەکانی بەیاننامەی (11)ی ئادارە.
4. کوردایەتی، یەکێتیی نیشتمانی، ئاشتی.

لە (1971/8/31)، دەستەی بەڕێوەبەر بڕیاریدا بە دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی لە شاری هەولێر، لە (1971/9/7)، گۆڤاری لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر ناوی (نووسەر) بوو، دواتر لە (1972/1/14)، ناوی گۆڤارەکە کرا بە گۆڤاری (نووسەری نوێ).(بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عەبدولڕەحمان فەرهادی، 2013 ).

یەکەم ژمارەی ساڵی یەکەمی ئەم گۆڤارە مانگی (6)ی (1972) دەرچووە، تا ساڵی (1980) بەردەوام بووە، (5) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، هەریەکە لە (عیزەددین فەیزی و حەمە کەریم هەورامی و کەریم شارەزا و محەمەد حەسەن مەنگوڕی، عەزیز گەردی و جمیل ڕەنجبەر، مەدحەت بێخەو) سەرپەرشتی ئەم گۆڤارەیان دەکرد.

دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە لە ژمارەی دووەمدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، هەریەکە لە (حەمە کەریم هەورامی و محەمەد حەسەن مەنگوڕی و جەمیل ڕەنجبەر لە دەستەی نووسەران نەماون، ناوی هەریەکە لە:. (ئەحمەد شەریف، یوسف ئەحمەد دەرگەلەیی، مەغدید سۆران، مەجید هێرش)، جێگەی ئەوانەی تری گرتۆتەوە. (نووسەری نوێ (گ)، ژ 2، س2، 1974).

لە سەروتاری (وتەی ژمارە) لە ژمارەی (1)ی ساڵی یەکەمی گۆڤارەکەدا لەلایەن **(عیزەددین فەیزی)** نووسراوە، گۆڤارەکە وا پێناسە کراوە و دەڵێت:. ((ئەگەر بێت و نەختێک لێی وردبینەوە، لەم بابەتەوە پارێزگاکەمان لاواز دێتە بەر چاو، ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەش بڵاوکرابنەوە، لەکاتی خۆیدا لەبەر دژایەتی کۆنەپەرست و ڕژێمی ناپاکی ئەوسا، زۆر نەژیاون، ئا وەرە لەگەڵمدا ئەوانەی بڵاوکراینەوە، تا ئێستا ببینینەوە بەرچاو، ئەمانەن:. مامۆستا **(حوزنی موکریانی)** لە ساڵی (1935) لە شاری هەولێر گۆڤاری (ڕووناکی)ی هەڵکردووە، کۆمەڵەی مامۆستایانی لقی هەولێریش لە ساڵی (1950. 1953) ڕۆژنامەی هەولێری بڵاوکردۆتەوە، مامۆستا **(گیوی موکریانی)** گۆڤاری (هەتاو)ی لە شاری هەولێر بڵاوکردەوە، ئێمەش بە نیازین لەمیانی ئەم گۆڤارەدا، خزمەتێکی بێ وێنە پێشکەش بە ئەدەبی کوردی بکەین، سوود لە توێژینەوە و بەرهەمی ئەدەبی شاعیران و نووسەران وەربگرین، بە ئامانجی پێشخستنی کاروانی ئەدەبی و زانستیی میللەتەکەمان، وەکو باقی سەرجەم میللەتانی دیکە، گۆڤاری (نووسەری نوێ) هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی نێوان برایەتی کورد و عەرەب قووڵتر بکاتەوە، لەژێر سایەی عێراقێکی ئازاد و سەربەخۆ، یەکێتیی نووسەرانی کورد هەر زوو نیازی وابوو گۆڤارێکی لەو شێوەیە دەربکات، بەڵام بارودۆخەکە یارمەتیدەر نەبوو، بۆیە هەر بەو بۆنەیەوە داوا لە سەرجەم نووسەران و شاعیران و ڕۆشنبیران دەکەین، بە بەرهەمەکانیان بەشداری لە گۆڤارەکەمان بکەن، لە کۆتاییدا ڕووناکی (11)ی ئادار پیرۆز دەکەین، بۆ پێشخستنی ئەدەب و مێژوو و زمانی کوردی خۆشەویست)). (نووسەری نوێ(گ)، ژ1،س1، 1972، ل 9.3).

ژمارە(2)ی ئەو گۆڤارە لە ساڵی (1974) بڵاوکراوەتەوە، واتا دوای دوو ساڵ لە دەرچوونی ژمارەی یەکەم دەرچووە، گۆڤاری (نووسەری نوێ) تا ساڵی (1974)، تەنها (2) ژمارەی لێ دەرچووە، لە ژمارە (2)ی گۆڤاری (نووسەری نوێ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، هۆکاری درەنگ دەرچوونی ئەم گۆڤارە، دەگەڕێتەوە بۆ کزی باری دارایی و نەبوونی چاپخانە.

دواجار له ساڵی (1982)، به بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵوەشایەوە، لقەکانی بە یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عێراق بەستەوە، زۆربەی ئەدیبانی کوردیش خۆیان لەو ڕێکخراوە بەدوورگرت، دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی گەلی کورد، دووبارە یەکێتیی نووسەرانی کورد دەستی بە کارەکانی کردەوە.

**لە ڕووی ناوەرۆکەوە:-**

گۆڤارەکە ناوەرۆکێکی (ئەدەبی و مێژوویی و زمانەوانی و وتەکانی ژیان و وتەی ژمارە، ڕێکلام پەروەردەیی) لەخۆ گرتبوو، بەڵام دوای سەرنجدانمان، بۆمان دەرکەوت ژمارەی بابەتە ئەدەبییەکان لەبابەتەکانی تر زیاترە.

**کردەی وەرگێڕان:-**

لە کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بڕیاردراوە بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە، لەمانە پێکهاتبوون: (بەدرخان سندی، محەمەد مەنگوری، عەزیز گەردی، مەغدید مامە سۆران، محەمەد مەلا قادر لاجانی، مەلا شەریف عوسمان، مەجید عەبدولڕەحمان، عومەر ساقی حەسەن، پیربال مەحموود، جەمال عەلی خدر)،( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل10).

**کردەی وەرگێڕان:-**

دوای سەیرکردنی ئەو دوو ژمارەیە بۆمان دەرکەوت، لە ژمارە (2)ی ساڵی دووەم، چیرۆکێک بە ناوی (دەسکۆی هاوڕێم)، نووسەرەکەی (هوڤانیس تومانیان)، نووسەرێکی ئەرمەنییە، (محەمەد مەنگوری)، بەدەستکارییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. (بۆ زانینی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم گۆڤارە، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە6)

**3.5.3: یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکووک**

دوای بەستنی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە ساڵی(1970) لە بەغدا بەسترا، هەر لەهەمان ساڵدا لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کورد دامەزرا، لە ساڵی (1971) دەستەی بەڕێوەبەری لقی کەرکووک هەڵبژێردران، بەرپرسیارەتی و کارەکانیش بەسەر ئەندامانی هەڵبژێردراو دابەشکران، بەم شێوەیە: (شێخ ڕەئووف خانەقا- سەرۆکی لق، عوسمان مستەفا خۆشناو- جێگری لق، شێخ عەبدول عەزیز خانەقا- سکرتێری ڕۆشنبیری، فوئاد تاهیر سادق - سکرتێری کارگێڕیی، ڕەزا شوان - بەرپرسی دارایی، شێخ حوسێن بەرزنجی - ئەندام)، ئەم لقە بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێکیاندا بە ناوی (گزنگ)، بەڵام

وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق ( فەرمانگەی چاودێری و بڵاوکردنەوە) ڕەتیان کردەوە، بە ناوی ( لقی کەرکووک)ی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە ڕێی دەرهێنانی گۆڤارێکیان پێبدەن، بەڵام دواجار بڕیاردرا، بە ناوی ئامادەکردنی کەسێکەوە بێت، ئەم گۆڤارە بە ناوی ئامادەکردنی (ڕەزا شوان) ڕێگەی دەرچوونی پێدرا.(ڕەزا شوان، گزنگ (گ)، ژ91، 2011، ل 173)

یەکەم ژمارەی گۆڤاری (گزنگ) لە (1972/3/5) لە کەرکووک دەرچوو، گۆڤارەکە گۆڤارێکی وێژەیی بوو، (ڕەزا شوان) سەرپەرشتی دەرچوونی دەکرد، دەستەی نووسەرانی ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکووک بوو، یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە لە چاپخانەی (شیمال) لە کەرکووک چاپکراوە، (بڕوانە گزنگ (گ)،ژ1، 1973).

ئەم گۆڤارە بە چەند قۆناغێک تێپەڕیوە، دواتر لە شاخ جارێکی دیکە دەرچۆتەوە، چەند ژمارەیەکی لێدەرچووە، لە دوای ڕاپەڕینیش بەردەوام بووە.

**ناوەرۆکی ئەم گۆڤارە:-**

چەند بابەتێکی (زمانەوانی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی و کلتوور) لەخۆ دەگرێت، هۆکاری دەرچوونی یەک ژمارەی ئەم گۆڤارە لە ساڵانی حەفتاکان، بۆ هۆی سیاسیی دەگەڕێتەوە، لە ژمارە (19)ی ئەم گۆڤارە لە ڕاپۆرتێکی (نەبەز ڕۆستەم)دا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:- یەکێک لەو کەناڵە ڕۆشنبیرییانەی بەر شاڵاوی ڕژێمی بەعس کەوت، لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کەرکوک بوو، هەر لەگەڵ دەرچوونی یەک ژمارەی گۆڤارەکەدا (گزنگ1972)، ئیدی لقەکە داخرا، بۆیە لەو ساڵە بەدواوە نووسەرانی کەرکوک نەیانتوانی لە شاری خۆیاندا هیچ چالاکییەکی ڕۆشنبیریی بەرچاویان هەبێ، لە ساڵی (1982)دا، دەستەیەک نووسەری کوردی کەرکووکی ( ئەحمەد عارف، محەمەد موکری، حەمە کەریم عارف) لە چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا، بەدەم پێشمەرگایەتییەوە، وەکو بەرپەرچدانەوە و پوچەڵکردنەوەی پلانی شۆڤینیانەی حکومەتی وەخت، ژمارە (2)ی گۆڤاری گزنگیان دەرکرد، (3) ژمارەی (گزنگی بچووکان)یان دەرکرد.( گزنگ (گ)، ژ 19، ل 9.8).

**کردەی وەرگێڕان:-**

لەو تاکە ژمارەیەی گۆڤاری (گزنگ)دا، تەنیا یەک بابەتی وەرگێڕدراو هەیە. ئەویش چیرۆکێکی منداڵانە بە ناوی(جوانوویەکی ڕەش).

**4.5.3: یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی دهۆک**

لە ڕێککەوتی (1971/8/12) یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بەست، دەستەی بەڕێوەبەری لق هەڵبژێردران، کە لەم ئەندامانە پێکهاتوون:-

1. شێخ مەمدووح بریفکانی ـ سەرۆک.

2. مامۆستا محەمەد حەویز ـ جێگری سەرۆک.

3. مامۆستا خەلیل دوسکی ـ سکرتێر.

4. مامۆستا عەلائەدین سەعید ـ ژمێریار ( نووسەری کورد، ژ3،ل87).

یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی دهۆکی، لە ساڵی (1980) گۆڤاری (پەیڤ)یان دەرکرد، (1) ژمارەی لێدەرچوو، ڕۆژنامەنووسیی ئەو سەردەمەش بە کوردی و عەرەبی هەواڵ و چالاکییەکانی نووسەرانی بەبایەخەوە بڵاودەکردەوە، گۆڤاری (پەیڤ) تاکو ئێستاکە دەردەچێت، ئەویش دوای ئەوەی ژمارە (1)ی جارێکی دیکە لە ساڵی 1993 دەرچوویەوە. (محەمەد کەریم ئەحمەد، 2010، ل 63).

## 6.3: کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد

ئەم کۆمەڵەیە لە دوای ڕێکەوتننامە مێژووییەکەی (11)ی ئاداری (1970)دا، لە شاری بەغدا لە ڕۆژی(19)ی حوزەیرانی(1970) دامەزرا، دەستەیەکی بەڕێوەبەری کاتی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی ئەم کۆمەڵەیە پێکهات، ئەم دەستەیە خۆیان بۆ کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەکە ئامادە کرد، لە ڕۆژی (1970/10/22)دا، لە باخچەی کۆمەڵدا بەسترا، ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بە هەڵبژاردن و دەنگدانی نهێنی بە دەستەی بەڕێوەبەری دەرچوون:- (ساڵح یوسفی، د.موکەڕەم تاڵەبانی، سامان مەجید، یوسف جەمیل میران، ڕەفیق چالاک، کەریم دەوڵەت، عەبدولڕەحمان عەزیز، د.ئیحسان فوئاد، د.مارف خەزنەدار). لە نێوان ئەم بەڕێزانەدا کاروباری کۆمەڵەکە دابەشکران:-

1. ساڵح یوسفی (سەرۆک).

2. د.موکەڕەم تاڵەبانی (جێگری سەرۆک).

3. یوسف جەمیل میران (ژمێریار).

4. عەبدولڕەحمان عەزیز (سکرتێر).

ئەوانی دیکەش بوون بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەکە.(برایەتی (گ) ئەدەب و هونەر، ژ 159، 1992، ل1).

**ئامانجی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد:-**

کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر تەمەنی دامەزراندنی، گۆڤارێکی بە زمانی عەرەبی و کوردی دەردەکرد بە ناوی (ڕۆژی کوردستان ـ شمس کردستان)، ئەم گۆڤارە لە ژمارەی یەکەمدا، سەرنووسەرەکەی (ساڵح یوسفی) و (سکرتێری نووسین سەعید ناکام)، بەرپرسی کاروبار (جەمال خەزنەدار) بووە، چەند جارێک ستافی

گۆڤارەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەرچەندە لەسەر گۆڤارەکە نووسراوە، گۆڤارێکی مانگانەیە، بەڵام ئەم گۆڤارە مانگانە دەرنەچووە، بۆیە دەبینین چەند ژمارەیەک پێکەوە دەرچوون، بۆ نموونە ژمارەکانی (4،3، 5، 6، 20،19) بە یەک ژمارە دەرچووە. ئەم کۆمەڵەیەش وەکو تەواوی کۆمەڵەکانی تر، چەند ئامانجێکی دیاریکراویان هەیە، لە پێناویاندا تێدەکۆشان، ئەم ئامانجانەش لە ژمارە (1)ی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، (ساڵح یوسفی) ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی ئەم کۆمەڵەیە، دامەزراندنی پەیمانگە و قوتابخانەیە بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بۆ فێربوونی زمانی کوردی، هاندانی نووسەرانی کورد بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە بواری وەرگێڕاندا، داوا لە نووسەرانی کورد بکرێت، بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی زمانی بێگانە بۆ سەر زمانی کوردی، پاڵپشتیکردنی قوتابییانی کورد بۆ خوێندن و هەوڵدان بۆ ناردنە دەرەوەی قوتابییانی کورد بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن.( ساڵح یوسفی، 1971، ل2).

لە هەمان ژمارەدا لە بەشی کوردی ئەم گۆڤارە، دەستەی نووسەران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن و دەڵێن: گۆڤاری ڕۆژی کوردستان لە سەرەوە هەتا خوار، لە یەکەم لاپەڕەوە تا دوا دێڕ، ئامانجی بەرەو دوا خزمەتی گەلی کوردی شۆڕشگێڕمانە، مەبەستی بوژانەوەی هونەر، ژیاندنەوەی کەلەپوور، پێشخستنی ئەدەب و زمان و تۆمارکردنی کردەوەی پڕ لە قارەمانی و کۆڵنەدەری و سەربەرزیی گەلە ڕاپەریوەکەمانە. (ڕۆژی کوردستان ژمارە 1، 1971، ل34).

ئامانجی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی ئەوەیە کۆڕ و کۆبوونەوە بگرێ و ببەستێ، تیایدا لە هەموو بارەکانی ڕۆشنبیرییەوە بدوێ، کەموکوورییەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەستنیشان بکا، چارەسەری بۆ دیاری بکات، بیروڕای ڕاست و چاک خزمەتی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک دەکا و بڵاوبکاتەوە، چەند نووسینێک کە لە زمانەکانی بێگانەدا هەیە و بە کەڵکی میللەتی کورد دێت و سوودی لێ وەردەگرێت، کۆمەڵە هەوڵ دەدا بیانگۆڕێتە سەر زمانی کوردی، تا خوێندەوارانی میللەتەکەمان سوودی لێوەربگرن.(ئەحمەد شەریف، ڕۆژی کوردستان(گ)، ژ(1)، 1972، ل34)

لە ژمارەی (49)ی ساڵی (1987)ی ئەم گۆڤارە (جەمال خەزنەدار) سکرتێری نووسین دەڵێت:ـ ڕاستە گۆڤاری کوردستان، مانگانەیە، لەبەر ئەوەی دەبێ لە ساڵێکدا دوازدە ژمارەی لێ بڵاوبکەینەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەمان بۆ ناکرێ، بۆچ ؟! پرسیارە و دەکرێ، وەڵامیش دەبێ بدرێتەوە، کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی، دەزگاییێکی میری نییە، وە نەبێ هەموو ساڵی دەرامەت و دارایی بۆ تەرخان بکرێ، بۆ ئەوەی کاروباری خۆی وەکو

دەزگاکانی میری بەڕێوە ببا، ئەم دەزگایەی ئێمە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کورد بەڕێوەی دەبەن، بە نیازی خزمەتکردن و بەرەو پێشەوە بردنی باری ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری کوردی، بێ ئەوەی چاویان لە چ سوودێکی ماددی بێ، دارایی کۆمەڵە و گۆڤار لە یارمەتی ئەندامانەوە پەیدا دەبێ. لەوانەیە یارمەتی هەندێ دەزگای میریشی بێتە سەر، بەڵام بەهیچ جۆرێک ئەو ئەرکە قورسەی ئێمەی پێ تاوتوێ ناکرێ، لەلایەکی تریشەوە چاپخانەکان ئیش و کاریان ئەوەندە زۆرە، هەر ئاوڕ لە نووسینی کوردی نادەنەوە.(بڕوانە، وشەیەک، ڕۆژی کوردستان(گ)، ژ49، 1987).

**ڕۆژی کوردستان لەڕووی ناوەرۆکەوە:-**

کۆمەڵی بەرهەمی ئەدەبی و پەروەردەیی و مێژوویی، زمانەوانی، زانیاری گشتی لەخۆ گرتووە.

**ناسنامەی گۆڤارەکە:-**

لە بەشی عەرەبییەکەی نووسراوە، گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە بە زمانی کوردی و عەرەبی، بەشی کوردییەکەشی نووسراوە، گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە بە زمانی کوردی و عەرەبی، لەلایەن کۆمەڵەی زانستیی کوردییەوە لە بەغدا دەردەچێ، بەڵام لە ژمارە (7)ی ساڵی (1972)، بۆتە گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتی بە زمانی کوردی و عەرەبی، لەلایەن کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردییەوە لە بەغدا دەردەچێ.

**ژمارەکانی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان:-**

(22) ژمارەی لە ماوەی ساڵانی (1971) تا (1974) دەرچووە، چەند ژمارەیەکیشی بەیەکەوە دەرچووە، ژمارە (1)ی لە حوزەیرانی لە ساڵی (1971) لە چاپخانەی (دار الزمان) لە بەغدا دەرچووە، ژمارە(2)ی لە تەممووزی لە ساڵی (1971) لە چاپخانەی (دار الزمان) لە بەغدا دەرچووە، ژمارە(4،3) بەیەکەوە لە (ئاب و ئەیلوول)ی ساڵی (1971) لە چاپخانەی (دار السلام) لە بەغدا دەرچووە، ژمارە (5 ـ 6) بەیەکەوە لە (تشرینی دووەم و تشرینی دووەم) لە ساڵی (1971) لە چاپخانەی (الجامعة) لە بەغدا دەرچووە، کەواتە ئەم گۆڤارە لە ساڵی (1971) (4) بەرگی لێ دەرچووە، ژمارە (7) لە ئاداری (1972) لە چاپخانەی (دار الزمان) لە بەغدا دەرچووە، ژمارە (8) لە مایسی (1972) لە چاپخانەی (دار الزمان) لە بەغدا دەرچووە.

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت، لە ئابی (1972) ئەم گۆڤارە زنجیرەی ژمارەکانی بۆتەوە (1). ژمارە (1)ی ساڵی دووەم لە ئابی (1972) لە چاپخانەی (دار الزمان) لە بەغدا دەرچووە. بەپێی زنجیرەی ژمارەکان ئەم ژمارەیە، ژمارە(9)ە. بەشی کوردییەکەشی

نووسراوە ژمارە(1)ی ساڵی دووەم ئابی (1972)، کە لە ژمارەکانی پێشوودا، هیچ ڕێکەوت و ژمارەیەک نەنووسراوە.

ژمارە (2)ی ساڵی دووەم، کانوونی یەکەم لە ساڵی (1972) لە چاپخانەی (دار الزمان) لە بەغدا دەرچووە، بەپێی زنجیرەی ژمارەکان ئەم ژمارەیە ژمارە(10)، بەشی کوردییەکەشی نووسراوە ژمارە(2)ی ساڵی دووەم کانوونی یەکەم (1972).

ژمارە(3) ساڵی دووەم لە ئاداری (1973) لە چاپخانەی (الجامعة) لە بەغدا دەرچووە، بەشی کوردییەکەشی نووسراوە ژمارە(3)ی ساڵی دووەم ئاداری(1973). بەپێی زنجیرەی ژمارەکان ئەم ژمارەیە ژمارە(11). ژمارە (4) ساڵی سێیەم لە حوزەیرانی (1973) لە چاپخانەی (دار الزمان) لە بەغدا دەرچووە. بەشی کوردییەکەشی نووسراوە ژمارە(4)ی ساڵی دووەم حوزەیرانی (1973). بەپێی زنجیرەی ژمارەکان، ئەم ژمارەیە ژمارە(12)، ژمارە(5) ساڵی دووەم، ئابی (1973) لە چاپخانەی (دار الزمان) لە بەغدا دەرچووە، بەپێی زنجیرەی ژمارەکان ئەم ژمارەیە ژمارە(13). ژمارە(6) ساڵی دووەم، تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم (1973) لە چاپخانەی (دار الزمان) لە بەغدا دەرچووە، بەشی کوردییەکەشی نووسراوە ژمارە(6)ی ساڵی دووەم تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم (1973).بەپێی زنجیرەی ژمارەکان ئەم ژمارەیە ژمارە(14).

لە کانوونی دووەمی ساڵی (1974)، گۆڤارەکە بەپێی زنجیرەی ژمارەی گۆڤارەکە دەرچووە. ژمارە (15) ساڵی سێیەم کانوونی دووەمی ساڵی (1974) لە چاپخانەی (دار الزمان) لە بەغدا دەرچووە. ژمارە (16) ساڵی سێیەم لە شوباتی ساڵی (1974) لە چاپخانەی (دار الزمان) لە بەغدا دەرچووە. ژمارە (17ـ 18) لە حوزەیران تەمموزی ساڵی (1974) لە چاپخانەی (دار الزمان) لە بەغدا دەرچووە. ژمارە (19ـ 20) ساڵی (1974) لە چاپخانەی (الامة) لە بەغدا دەرچووە، مانگی دەرچوونی تێدا نییە. ژمارە (21ـ 22) ڕێکەوتی لەسەر نەنووسراوە، ساڵی (1974) لە چاپخانەی (الامة) لە بەغدا دەرچووە. مانگی دەرچوونی تێدا نییە.

**ڕۆژی کوردستان و کردەی وەرگێڕان:ـ**

ڕۆژی کوردستان لە ڕووی وەرگێڕانی ئەدەبییەوە، گرنگی زۆری بە وەرگێڕانی (شیعر و چیرۆک) داوە، بابەتەکانی (مێژوویی، پەروەردەیی، هونەری، زمانەوانی، ڕەخنەیی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەلایەکی تریشەوە گرنگیدان بەو نووسراوانەی کە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە لەسەر کورد نووسراون، وەریگێڕاوەنەتە سەر زمانی کوردی، بابەتەکانیش لە زمانەکانی ( ئینگلیزی، عەرەبی، فەرەنسی، ڕووسی و تورکی)یەوە

وەرگێڕدراون، هەرچەندە بابەتەکان لە ڕووی تەکنیکەوە کەموکووڕی تێدایە، بە تایبەتی لەڕووی نووسینی ناوی نووسەر یان نووسینی سەرچاوەی بابەتەکە، لەگەڵ ئەمەشدا خزمەتێکی زۆری بە زمانی کوردی داوە. (بۆزانینی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم گۆڤارە، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە7).

### 1.6.3: کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد/ لقی هەولێر

بەر لە هەموو شارەکانی تری کوردستان، لە هەولێر دەستکرا بە هەوڵ و تەقەلادان بۆ کردنەوەی لقی ئەم کۆمەڵەیە، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی/ لقی هەولێر لە (1971/9/18) دەستەی دامەزرێنەری خۆی دەستنیشان کردووە، گۆڤارێکیشیان بە ناوی (ڕۆشنبیر) دەرکردووە.

**دەستەی نووسەران:-**

دەستەی نووسەرانیش پێکهاتبوون لە (مومتاز حەیدری، سامیە شاکر، حازم باجەلان، عەبدولقادر حەمەد ئەمین) بووە، لە چاپخانەی (ڕاپەرین) لە سلێمانی چاپکراوە.

**ژمارەی گۆڤارەکە:-**

ژمارە (1)ی لە ساڵی (1973) دەرچووە، بە هەردوو زمانی کوردی عەرەبی دەرکراوە، سەرۆکی نووسین (عەبدولڕەزاق بیتوش)، سکرتێری نووسین (ئەحمەد شەریف) بووە. هەر لەو ژمارەیەدا نووسراوە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی - دەزگایەکی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و مرۆڤپەروەرییە، تێدەکۆشێ لەپێناو بوژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی و بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیریەکی پێشکەوتووانەی شۆڕشگێڕ، پێشخستن و دەوڵەمەندکردنی زمان و وێژە و مێژووی کورد، بەڕێگەیەکی زانستیانە و ڕاست، پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب و پاراستنی یەکێتیی نیشتمانی عێراقی خۆشەویست، زەمینە خۆشکردن بۆ ڕیشەکێشکردنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی، بەرزکردنی ئاستی هۆشیاری کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، پشتگیریکردنی خەبات و تێکۆشانی گەلانی جیهان لە دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران، بەتایبەتی گەلی کوردمان و گەلی فەلەستینی قارەمان (عەبدولقادر حمد ئەمین، رۆشنبیر(گ)، ژ 1، 1973، ل 45).

ژمارە (2)ی ئەم گۆڤارە لە مانگی (3)ی (1974) بۆ چاپ ئامادەکرابوو، بەلام لەبەر هۆی دەستپێکردنەوەی شەڕی کوردستان، لە بەڕێوەبەرایەتی سانسۆری بەغدا، بە چاپ نەگەیشت، چونکە داوای لابردنی کۆپلە شیعرێکیان دەکرد، لەم بارەوە مومتاز حەیدەری هۆکارەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت:- دانە مۆرکراوەکە لای خۆم پاراستوومە، شایەنی

باسە تەنیا لەبەر شیعری شاعیری کۆچکردوو شاعیری شین و شادی (سەبری بۆتانی) لەبارەی بەڕێز( مەلا مستەفاوە) بوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ڕێگە بە دەرچوونی ئەم گۆڤارە نەدەن، ژمارە (2)ی ئەم گۆڤارە پاش (36) ساڵ، مومتاز حەیدەری بە چاپی گەیاندووە، لە ژمارە (2)ی ئەم گۆڤارەدا، سەرۆکی نووسین (ئەحمەد شەریف) و سکرتێری نووسین (مومتاز حەیدەری)بووە، ناوەرۆکی ئەم گۆڤارە پێکهاتووە لە (چیرۆک و شیعر، مێژووی، ئایینی، گشتی).

**دەستەی نووسەران:-**

دەستەی نووسەرانیش پێکهاتبوون لە (ئەحمەد شەریف عەلی، سەبری بۆتانی، سامیە شاکر، هۆگر گۆران، عەبدولخالق عەلائەددین، جەلال خۆشناو، خالید جوتیار، یوسف دەرگەلەیی، عەبدولقادر حەمەد ئەمین، محەمەد تەیمور، کوردۆ گەلاڵی، عەزیز گەردی، کەریم شارەزا، موحسین ئاوارە، عەبدوللا پەشێو).

ئەحمەد شەریف عەلی لە ژمارە (2)ی ئەم گۆڤارە دەنووسێت، هۆکاری دواکەوتنی ژمارە (2)ی ئەم گۆڤارە دەگەڕێتەوە بۆ دەستەی بەڕێوەبەری گشتی بەغدا، هەوڵی دەدا ئەم ژمارەیەی گۆڤاری ڕۆشنبیر دەرنەچێ، بۆ ئەوەی ئەو توانایەی لەم گۆڤارەدا خەرج دەکرێ، بخرێتە سەر گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، کزی باری دارایی لقی کۆمەڵەکە هۆکارێکی تر بوو بۆ دواکەوتنی لە چاپدانی ئەم ژمارەیە بوو.(بڕوانە ژمارە (2)ی ئەم گۆڤارە، لە گۆڤاری(k24) بڵاوکراوەتەوە).

ئەم گۆڤارە سەرەڕای کزی باری دارایی، چەند هۆکارێکی تریش هەن، وایکردووە ئەم گۆڤارە بەردەوام نەبێت، وەکو:- نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە بەغدا و پارێزگاکانی کوردستان بەشداری لەگەڵ ناکەن، دەستەی کارگێڕیی گۆڤارەکە خۆیان لە دەرکردنی گۆڤارەکە کێشاوەتەوە، ئەویش بە هۆکاری تایبەت بە خۆیان، سێ لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بەشدارییان لە میهرەجانی قوتابییان و لاوانی جیهانی لە ئەڵمانیا کرد.(بڕوانە، ڕۆشنبیر (گ)، ژ(2)،س (1)، 1972، ل2).

**کردەی وەرگێڕان:-**

لە هەردوو ژمارەکەدا هیچ بابەتێکی وەرگێڕدراو بەرچاو ناکەوێت. مومتاز حەیدەری سەبارەت بە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد، لقی سلێمانی و دهۆک، وتی:- ئەم دوو لقە بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان نییە.(مومتاز حەیدەری، چاوپێکەوتن 2016/3/29).

## 7.3: بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆشنبیری کوردی

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی کوردی، لە (1970/9/14) دامەزراوە.(ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، 2005، ل166)، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بڵاوکراوەیەکی بە ناوی (ڕۆشنبیری نوێ) دەردەکرد، کە لە بەغدا دەردەچوو، لە بڵاوکراوەکە نووسراوە، کە ئەم بڵاوکراوەیە ناوبەناو دەردەچێت.

**ژمارەی بڵاوکراوەکە:.**

بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (سفر)ی لە (11/11/ 1973) بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، لە چاپخانەی (الزمان) چاپکراوە، تا (1974/12/1)، (37) ژمارەی لێدەرچووە، ئەم بڵاوکراوەیە مانگێ سێ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، تا تشرینی یەکەمی ساڵی (1974)، بەڵام دواتر مانگی جارێک دەرچووە.

لە ساڵی(1976)دا، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری کوردی و دەزگای هاوکاری، هەردووکیان یەکیان گرت، ناویان لێنرا (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی)، لەو ساوە ئەم دەزگایە دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی (ڕۆشنبیری نوێ، بەیان، هاوکاری) (ڕەمزیە سابیر محەمەد، 2002، ل21).

**لە ڕووی ناوەرۆکەوە:.**

بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوەیە، خۆی لە بابەتی (شیعری خۆماڵی، شیعری وەرگێڕدراو، و فۆلکلۆر، زمانناسی، چیرۆکی منداڵان، چیرۆکی خۆماڵی، چیرۆکی وەرگێڕدراو، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، بیبلۆگرافیا، ناسینی کتێب، شیکردنەوەی کتێب، شار و شوێنەوار، هونەر، شانۆگەری، زانست، دەربارەی ئافرەت، ناوداران، بیروڕای سیاسیی).

**ئامانجی بڵاوکراوەکە:.**

لە وتەی ژمارە، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دەرچوونی ڕۆشنبیری نوێ، نووسراوە: ئەم ڕۆژنامەیەی، کە هەر لە بنەڕەتی سەر دەرهێنانییەوە هەتا وەکو ئێستا و بێ پەروا سڵی لە بڵاوکردنەوەی هیچ جۆرە بەرهەمێکی ڕۆشنبیری نەکردووە. هەروەک لاتان ڕوونە دەرگای ئەو بڵاوکراوەیە خراوەتە سەر پشت، بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی (زمانناسی چیرۆک، چیرۆکی منداڵان، ئەدەب، شیعر، فۆلکلۆر). وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ سەر زمانی عەرەبی، وەرگێڕانی ئەدەبی بێگانە بۆسەر زمانی کوردی.(بڕوانە: ڕۆشنبیری نوێ (بڵاوکراوە، ژ 36، 1974/12/1).

ئەگەر سەیری ئەم وتەیەی سەرەوە بدەین، دەبینین بڵاوکراوەکە گرنگی و بایەخی بە کردەی وەرگێڕان داوە، وەرگێڕانی بابەتی زمانی کوردی بۆ زمانی بێگانە و بە پێچەوانەوەش، ئەمەش هەوڵێک بووە بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی بە بێگانە.

**کردەی وەرگێڕان:-**

دوای سەیرکردنی بابەتەکان بۆمان دەرکەوت، ئەم بابەتانەی خوارەوە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری وەکو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە، دەورێکی گرنگی لە خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی کوردی هەبووە، ئەویش لەڕێگەی وەرگێڕانەوە، لە (36) ژمارەی ئەو بڵاوکراوەیە، (48) بابەتی وەرگێڕدراو بەدیدەکرێت، بەتایبەتی وەرگێرانی بابەتی ئەدەبی (شیعر و چیرۆک و ڕەخنە) لە زمانانی بێگانەوە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی، هەرچەندە ئەم بڵاوکراوەیەش لەڕووی تەکنیکییەوە کەموکووڕی هەیە، بەتایبەتی لەڕووی نەنووسینی (سەرچاوە و ناوی نووسەر) هەندێک لە بابەتە وەرگێڕدراوەکان. بابەتە وەرگێڕدراوەکانیش لە زمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی، ڕووسی) وەرگێردراون. (بۆ زانینی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم گۆڤارە، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە 8)

### 1.7.3: ڕۆژنامەی هاوکاری

ڕۆژنامەی هاوکاری ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو، لەلایەن دەزگای گشتی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە دەردەکرا.

**سەرنووسەرو سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەکە:-**

لەسەر ڕۆژنامەکە ناوی سەرنووسەر و سەرپەرشتیاری ئەم گۆڤارە نەنووسراوە، بەڵام لە ساڵیادی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەدا، لە بابەتێکدا بە ناوی (یەکەم بنەماڵەی هاوکاری)دا دەڵێت: چوار لاوی کورد یەکەم بنەماڵەی ڕۆژنامەی هاوکاری بوون، کاک سەربەست بامەڕنی سەرپەرشتیکردنی ڕۆژنامەکەی پێسپێردرا بوو، کاک جەلال میرزا کەریم و کاک عوسمان زادەی خۆشنووس و عەبدوللا عەباس) هەرچەندە دوو برای ترمان لەگەڵ بوو، بەڵام ئەوانە نەیان دەتوانی باری گرانی سەرشانمان ئاسان بکەن، لەبەر ئەوە کوردییان نەدەزانی، لەو دوو برایەش(زوهیر النعیمی) کە نەخشەکێشانی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەی پێسپێردرابوو، کاک (سەلاح عەقراوی) سەرپەرشتی چاپکردنی ڕۆژنامەکەی لە چاپخانە پێ سپێردرابوو، ژمارە یەکی هاوکاری بە (8) لاپەڕەی بچووک دەرچوو، ژمارەی دووەم بووە (16) لاپەڕەی بچووک، ئێمە دڵمان خۆش بوو، بەڵام (مکتبی دابەشکردن) خۆشییەکەی لێکردین بە ناخۆشی، چونکە تەنیا (8) لاپەڕەی بڵاوکردەوە، (8)کەی تری

لەبیرچووبۆوە، ڕۆژنامەی هاوکاری توانی جێگەی خۆی بگرێت، تەنیا چوار کەس بووین، بەڵام ژمارەمان زیادیکرد.(هاوکاری (ر)، ژ 52، ل3).

**ئامانجی ڕۆژنامەکە:-**

له ژمارەی (1) ئەم ڕۆژنامەیە نووسراوە: داواکارین لە هەموو نووسەرانی کورد، بتوانن لەڕێگەی ئەم ڕۆژنامە هەفتەییەوە خزمەتی وێژە و مێژووی نەتەوەکەمان بکەن، لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە هەردەم کراوەیە بۆ خامە و زادەی بیری هەموو ئەو کەسانەی سەربەرزی و پێشکەوتنی وڵاتیان مەبەستە. بۆیە هاوکاری دەبێتە ڕۆژنامەی چەسپاندن و بەهێزکردنی پەیوەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەیەکی زانستیانە، لە پێناوی پاراستنی یەکێتی و برایەتی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب. (هاوکاری(ر)، ژ1، ل1).

**ناوی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە:-**

لە ژمارە (13)ەوە ناوی کەسی لەسەر نەنووسراوە، لە ساڵانی (1971-1974) مامۆستا (حیلمی عەلی شەریف)بووتە سەرپەرشتیاری گشتیی، لە ژمارە (51)ی ڕۆژنامەکەدا ناوی ئەم نووسەرانە تیادا ئاشکرا کراوە، کە کاری نووسین و ڕاپەراندنیان ئەنجام داوە.

(عەبدوڵلا عەباس، جەلالی میرزا کەریم، مەحموود عەبدوڵلا زامدار، سەلاح شوان، بورهان قانع، سەربەست بامەرنی، عەلی نەقشبەندی، حەمید تاڵەبانی، برایم عەزیز حاجۆن، نوری حەیران، ئەنوەر مەحموود، حەمید عەزیز، سەلاح عەقراوی، محەمەد عوسمان عەزیز زادە، محەمەد ئەمین پێنجوێنی).(بڕوانە: هاوکاری(ر)، ژ51 1970).

**ژمارەکانی ڕۆژنامەکە:-**

ژمارە (1)ی ساڵی یەکەم لە(1970/11/9) دەرچووە، تا (1971/1/2)، (52) ژمارەی لێ دەرچووە، ساڵی دووەمی تا (1971/12/18) (46) ژمارەی لێدەرچووە، لە (1972/1/1)، ژمارەیەکی تایبەتی دەرچووە، (40) لاپەڕەیە ئیندێکسی ژمارەکانی ساڵی ( یەکەم و دووەم)ە، بەم ژمارە تایبەتییەوە بۆتە (99) ژمارە. ساڵی سێیەم ژمارە (100)ی لە (15)ی کانوونی دووەمی(1972) دەرچووە، لە (1974/6/24)، ژمارە (122) نووسراوە، لە ڕێکەوتی (7/5/ 1974)، ژمارەکە گەیشتۆتە (225)، لە ڕێکەوتی (12/20/ 1974) بۆتە (248) ژمارە .

**پەیامنێرانی ڕۆژنامەکە:-**

ڕۆژنامەی هاوکاری پەیامنێرانی لە شارەکانی کوردستان هەبووە،(مومتاز حەیدەری) لە هەولێر، (فەهمی قەرەداغی) لە سلێمانی، (هیوا شوان) لە کەرکووک، (سەدیق عەلی ئامێدی) لە دهۆک و نەینەوا بوون.( مستەفا نەریمان، 1985،ل6).

**لە ڕووی ناوەڕۆکەوە :.**

ئەم ڕۆژنامەیە بابەتەکانی (سیاسیی، مێژوو، ڕۆژنامەگەری، ناسینی کتێب، زمانەوانی، فۆلکلۆر، هونەر، شانۆ، ئافرەت، منداڵان، زانست، تەندروستی، ناوداران، بیرەوەریی و گەشت، شوێن و شوێنەوار، کۆمەڵایەتی، شیعر خۆماڵی و بیانی، چیرۆکی خۆماڵی و بیانی، ئەدەبی خۆماڵی و بیانی، ڕەخنەی ئەدەبی، دیمانە و گفتوگۆکردن) لەخۆ دەگرێت.

**قەوارەی ڕۆژنامەکە:.**

قەبارەکەی بە بارستەی(57×42)سم دەرچووە، زۆربەی زۆری ئەم ڕۆژنامەیە، لاپەڕەکانی (8) لاپەڕە بووە، ژمارە (99) (40) لاپەڕە بووە، ژمارەیەکی تایبەتیش، کە تایبەت بووە بە بۆنەی جەژنی ڕۆژنامەگەریی، (6) لاپەڕە بووە.

**ڕۆژنامەی هاوکاری و کردەی وەرگێڕان:.**

ئەگەر سەیری ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بکەین، دەبینین خزمەتێکی زۆری زمانی کوردی کردووە، ئەگەر سەیری ڕۆژنامەکانی ئێستا بکەین، بەگشتی دەبینین زۆربەیان لایەنی سیاسییان بەهەند وەرگرتووە، هەر چەندە ڕۆژنامەی هاوکاری لە ڕۆژگارێکدا دەرچوو، گرنگی بە لایەنی سیاسیی داوە، بەڵام هاوکاری بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە دەرکەوتووە، نووسەران و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە دەستیان کردووە بە وەرگێڕانی چەند بابەتێک لە زمانەکانی (ئینگلیزی، عەرەبی، ڕووسی... چەند زمانێکی تر)، هەرچەندە ئەم ڕۆژنامەیەش لە ڕووی تەکنیکەوە کەموکووڕی هەیە، بەتایبەتی ئاماژەدان بە سەرچاوەی بابەتەکە، بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە ئەو ڕۆژنامەیە چەند بابەتی هەمەڕەنگ لەخۆ دەگرێت، بەتایبەتی (بابەتی زمانەوانی، فۆلکلۆر، مێژوویی، چیرۆک و شیعر، بابەتی فەلسەفی و سیاسیی، ئاواز و گۆرانی و مۆسیقا، ناودارانی جیهان، شوێن و شوێنەوار) لە زمانی بێگانەوە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی، ئەوەی کە شایەنی باس بێت ئەم ڕۆژنامەیە گرنگی بە بابەتی منداڵان داوە، بەتایبەتی وەرگێڕانی چیرۆکی منداڵان، لەلایەکی ترەوە، لە کۆی (248) ژمارەیەی دەرچووە، (86) ژمارەی پارچە

شیعری وەرگێڕدراوی تێدایە، لە کۆی(248) ژمارەیەی دەرچووە، (104) بابەتی جۆراوجۆری لە بواری ئەدەبیدا وەرگێڕدراون، لە کۆی (248) ژمارەیەی دەرچووە، (75) بابەتی وەرگێڕدراو هەن دەربارەی ناودارانی جیهان، کەواتە ئەم ڕۆژنامەیە گرنگی و بایەخی بە بواری وەرگێڕان داوە.(بۆ زانینی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم گۆڤارە، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە 9)

### 2.7.3: گۆڤاری بەیان

**ناسنامەی گۆڤارەکە:** گۆڤارێکی وێژەیی و هونەرییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری مانگی جارێک دەریدەکات. ئەم گۆڤارە وەکو دەردەکەوێت مانگێ جارێک دەرنەچووە، بۆ نموونە لە ساڵی (1969) یەک ژمارە دەرچووە، لە ساڵی (1970)، (3) ژمارە دەرچووە، هۆکاری دڕەنگ دەرچوونی ئەم گۆڤارە وەکو لە ژمارە (2)دا لە وتەی ژمارەدا دەردەکەوێت، کە هاتووە دەڵێت: دەرچوونی ژمارە (2)ی ئەم گۆڤارە گەلێکی خایاند و نەتوانرا لەکاتی دیاریکراودا دەربچێت، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ کاروباری چاپەمەنی کوردی، بەو شێوەیەی لە چەشنی (بەیان)دا دەربچێت، کارێکی گرانە و کاتێکی زۆری دەوێت.

لە ژمارە (1)ی ساڵی (1972)، دەڵێت: بڕیار وایە لەمەودوا گۆڤارەکەمان لە چاپخانەیەکی ئەهلی چاپ بکەین. دواتر ئەم گۆڤارە ئەرکی سەرپەرشتیکردن و چاپکردنی دراوەتە دەزگای هاوکاری، بەو هیوایەی لە ناوەڕاستی هەموو مانگێک بە ڕێکوپێکی دەربچێت (بەیان(گ)، ژمارە 14، 1973).

**ژمارەکانی دەرچوونی گۆڤاری بەیان**

ژمارە (1)ی ئەم گۆڤارە لە تشرینی دووەمی ساڵی (1969) دەرچووە، ژمارە (2)ی لە شوباتی (1970)، ژمارە(3)ی لە نیسانی ساڵی (1970)، ژمارە(4)ی لە ساڵی (1970)، مانگی دەرچوونی ئەم گۆڤارە نەنووسراوە، ژمارەکانی (4، 6، 7، 8، 9، 10، 11، 12، 13، 14،15) مانگی دەرچوونی ئەم گۆڤارانە نەنووسراوە، ژمارە(5) لە کانوونی دووەمی ساڵی1971، لە ساڵی (1972)، ژمارەی ئەم گۆڤارە بۆتە ژمارە (1)، واتا بەپێی زنجیرەی ژمارەکان دەرنەچووە، کەواتە ژمارە(1)ی لە ساڵی (1972)، ژمارە (2)ی ساڵی (1972)، لە ساڵی (1973) ژمارەی گۆڤارەکە بۆتە ژمارە (8)، ژمارە (9)ی لە (1973) دەرچووە(ژمارەی تایبەت بە چیرۆک)، ژمارە(10)ی لە ساڵی (1973)، ژمارە(11)ی لە (1973)، ژمارە(12) لە ساڵی (1973)، ژمارە(13)ی لە ساڵی (1974)، ژمارە(14)ی لە 1974، ژمارە(15)ی لە ساڵی (1974)، ژمارە(16)ی لە ئابی ساڵی (1974)، ژمارە(17)ی لە ئەیلوولی ساڵی (1974)، ژمارە (18)ی لە تشرینی یەکەمی (1974)، ژمارە (19)ی لە

تشرینی دووەمی ساڵی (1974)، ژمارە (20)ی لە کانوونی یەکەمی ساڵی (1974)، دەرچووە.

**سەرنووسەر و سەرپەرشتیار، دەستەی نووسەران**

ژمارە(1)ی ئەم گۆڤارە، ناوی هیچ کەسێکی لەسەر نییە، تەنیا دەرهێنانی هونەریی نووسراوە، کە (ماهود ئەحمەد)ە بەڵام لە ژمارە (2)ی ساڵی (1970) ئاماژەکراوە بە بەرپرسیار (دکتۆر ئەکرەم فازل، سکرتێری نووسین (جەلال کەریم)، لە ژمارە (9)دا سکرتێری نووسین گۆڕاوە و ناوی (نەریمان) دانراوە، لە ژمارە (14) کارەکان بەم شێوەیە ڕێکخراوە: سەرۆکی نووسین(جەمال بابان)، سکرتێری نووسین (نەریمان)، خۆشنووس (ئازاد ئەحمەد)، دەرهێنانی هونەریی (محەمەد عارف)، بەڵام لە ژمارە (40 ـ 41)ەوە، سکرتێری نووسین گۆڕاوە، لەبری ئەو (موحەڕەم محەمەد ئەمین) دانراوە، دەستەی نووسەرانیش ئەمانە دانراون:(مستەفا نەریمان، محەمەدی مەلا کەریم، ئەحمەد غەفور، محەمەد عارف).

**ئامانجی گۆڤاری بەیان**

بۆ زانینی ئامانج دەگەڕێنەوە بۆ وتەی ژمارە، لە ژمارە (1)ی ئەم گۆڤارە نووسراوە، بۆ هەموو خوێنەرێکی کوردی ڕوون دەکەینەوە، کە نیازمان لە دەرکردنی تەنیا خزمەتکردنی مێژووی وێژەیی میللی بزوتنەوەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گەلی کوردە، بەو گیانەوە ئیش دەکەین، کە بتوانین بەشێک لەو ئەرکە نیشتمانی و نەتەوایەتییە بەجێبهێنین، کە ئەمرۆ وا لە ئەستۆی ڕۆشنبیرانی کوردە، بەو نیازەی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەمان بخەینە سەر ڕێگەی ڕووناکی ئەو بیروباوەڕە پێشکەوتووەی خزمەتکردنی گەلی کردۆتە دروشم و ناونیشان، بەو نیازی ئەم گۆڤارە دەردەکەین، کە بتوانین بیری زۆربەی خەڵکی وڵاتەکەمان بە لای بیری ڕەوشن و زانستیی و پێشکەوتندا ڕابکێشین و تاریکی و نەزانیندا، لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و زانست و بیری ڕووناک بەولاوە زیاتر هیچ نیازێکی ترمان نییە (بەیان(گ)، ژمارە (1)، 1969).لە ژمارە(2)دا لە وتاری ژمارەدا دەڵێت: بەیان بە شانازییەوە ئەرکی ڕابەری و پەروەردە و چەسپکردنی بیروباوەڕی ڕاستەقینە و پێشکەوتوانە لە کاروانی بزوتنەوەی گەلەکەماندا لە هەموو مەیان دەرباز بکا، کە پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی نیشتمانەکەمانەوە هەیە. (بەیان(گ)، ژمارە (2)، 1970).

**گۆڤاری بەیان لەڕووی ناوەرۆکەوە:** ناوەرۆکی ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت: (هونەرمەندانی کورد، وتاری ژمارە، چیرۆک بۆ منداڵان، چیرۆکی ژمارە، هونەر، هۆنراوە، ژیاننامە، فۆلکلۆر،

زمانەوانی، لەگەڵ خوێنەراندا، شیعر و ڕەخنە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، منداڵانی کوردستان، لاپەڕەی دوایی).

**گۆڤاری بەیان و کردەی وەرگێڕان**

ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی بکەین، دەبینین خزمەتێکی بەرچاوی بە وێژەی کوردی کردووە، جگە لە بڵاوکردنەوەی وێژەی خۆماڵی، گرنگی و بایەخیشی بە بواری وێژەی بێگانە داوە، ئەمەش لەڕێگەی وەرگێڕانی ئەو بابەتانەوە بووە. لە ژمارە (14)دا لە وتاری ژمارەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەو باسانەی بەیان زیاتر لە هەموو شتێکی تر بایەخیان پێدەدات و بڵاویان دەکاتەوە، دیراسە و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی شتی بەنرخ لە زمانی بێگانەوە و شیعر و چیرۆکی وەرگێڕدراو، بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی ئەدەب و زمان و نەریتی کورد.(بەیان(گ)، ژمارە(14)، 1973).

هەر لەو وتانەدا دەردەکەوێت، بانگەشە و هانی نووسەران بۆ کردەی وەرگێڕان دەدات. دوای سەیرکردنی ناوەڕۆکی ئەم گۆڤارە بۆمان دەرکەوت، ئەو بابەتانەی کە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی، لە زمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، بولگاری، ڕووسی، فارسی، ئەڵمانی و چەند زمانێکی تر) ەوە، ئەو بابەتانەشی کە وەرگێڕدراون، وەکو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە، زیاتر گرنگی و بایەخی بە بابەتی ئەدەبی داوە، وەکو:۔ (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان)و چەند بابەتێکی تری وەک: (زمان، شانۆ). لەلایەکی تریشەوە ئەم گۆڤارە گرنگی و بایەخی بەو کتێبانە داوە، کە لەسەر کورد و کوردستان بە زمانی بێگانە نووسراون، گرنگی و بایەخیشی بە بابەتی چیرۆکی منداڵان داوە. لە(20) ژمارەی گۆڤارەکەدا، (43) بابەت وەرگێڕدراون، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگیدانی بە کردەی وەرگێڕان.(بۆ زانینی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم گۆڤارە، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە 10).

# بەشی چوارەم

# کردەی وەرگێڕان لە ڕووی زمانییەوە

1.4: وەرگێڕان لە ڕووی ڕێنووسەوە

2.4: وەرگێڕان لە ڕووی وشەسازییەوە

3.4: وەرگێڕان لە ڕووی ڕستەسازییەوە

## 1.4: ڕێنووس

ڕێنووس وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمانە، کە هۆیەکی کاریگەری ئاسانکارییە بۆ خوێندنەوە و نووسین، خوێندنەوەش تێگەیشتنی مەبەستی نووسەرە، لەوەی ویستوویەتی بە وشەی نووسراو دەری ببڕێ.(ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، 2009، ل10). لە زمانی کوردیدا زاراوەی (ڕێنووس) لە ڕووی ڕۆنانەوە، وشەیەکی لێکدراوە، کە لە وشەی سادەی (ڕێ) و ڕەگی کاری (نووس) پێکهاتووە، بە هەردووکیان وشەی لێکدراوی (ڕێنووس)یان دروستکردووە، لێرەدا وشەی ( ڕێ) بە واتای (ڕێگا) دێت و ڕەگی کاری (نووس)، کە لە چاوگی (نووسین)ەوە هاتووە، واتە وشەکە واتای (ڕێگای نووسین) یان (ڕێبازی نووسین) یان (شێوازی نووسین) دەگەیەنێت، کە مەبەست لە (ڕێگای نووسین)یش یاسا و ڕێسا و شێوازەکانی نووسین دەگرێتەوە. چەمکی ڕێنووسیش لە وشەی (orthography) وەرگیراوە، کە ئەویش لە وشەکانی (orthos)، کە واتای (ڕاست و دروست) دەگەیەنێت، و (grapho)، کە واتای (دەنووسم) دەگەیەنێت، پێکهاتووە، کە واتای ڕاستنووسین و دروستنووسین دەگەیەنێت. (نەریمان عەبدوڵاخۆشناو، 2016، ل11).

### 1.1.4: مێژووی ڕێنووسی کوردی

لەبارەی مێژووەوە هەندێ زانایان پێیان وایە لە دەوروبەری سەدەی دەهەمی پێش زایینی، کەسێک بە ناوی (ماسی سۆراتی)ەوە جۆرە پیتێکی داهێناوە و لەو سەردەمەدا شتیان پێ نووسیوەتەوە و پیتەکانی بەناو خۆوە بڵاوبۆتەوە، پیتی (ماسی سۆراتی) لەو جۆرە پیتانە دەچێت، کە لە سەدەی شەشەمی پێش زایین ئاوێستای پێ نووسراوەتەوە، ئەو کاتە ئیتر خەتەکانی ئارامی و یۆنانی خرانە لاوە و دەستکرا بە نووسین لەسەر خەتی (کوفی).(مستەفا نەریمان، 1981، ل16).

دەکرێ مێژووی نووسینی کوردی بە ڕێنووسی کوردی، بۆ سێ جۆر پۆلێن بکەین:

یەکەم:- ئەو نووسینە کوردییانەی تەنها بە پیتی عەرەبی نووسراون، نەک بە تەواوی ڕێنووسی کوردی. دەکرێ دوو بەیتەکانی (بابەتاهیری هەمەدانی) بە دەستپێکی ئەو هەوڵە دابنێین، کە بە ڕێنووسی فارسی نووسراون، ئەوا ڕێنووسی فارسی هەنگاوێک لە ڕێنووسی عەرەبی نزیکە.

دووەم:- ئەو نووسینانەی هەندێک لە پیتە کوردییەکانیان بە شێوەی جیاواز لە ئێستا بەکارهێناوە، هەروەها تەواو ڕزگار نەبوونە لە (سەر) و (بۆر) و (ژێر).

سێیەم:ـ ئەو نووسینانەی لەدوای سەدەی بیستەمەوە هێور هێور بە هەندێ گۆڕانکاری لەگەڵ ڕێنووسی ئێستا تەواو لەیەک دەچن.(نەریمان عەبدوللا خۆشناو، 2009، ل107).

ئەو ڕێنووسانەی کە تا سەرەتای سەدەی بیستەم بەکارهاتوون، ڕێنووسی عەرەبی و فارسی و سریانی و ڕووسی و لاتینی بوون، لەلایەن چەند کەسانێکەوە هەوڵدراوە لەسەر بنچینەی زمانەکانی تر ڕێنووسێک بۆ زمانی کوردی دابنێن، کە ئەمانەن:

1ـ کۆمەڵەی هێڤی: قوتابییانی کورد لە ئەستەنبۆل پرۆژەیەکی دانانی ڕێنووسی کوردی پێشنیاز کرد لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (ڕۆژی کورد). ئەم ڕێنووسە لەسەر بنجی ڕێنووسی عەرەبی بوو. ئەوان وایان بەباش زانیبوو، پیتە عەرەبییەکان بەیەکترەوە بنووسێن، واتە وەکو نووسینی لاتینی بێ. ئەم پێشنیازە لەبەر گیروگرفتی زۆر، سەری نەگرت.

2ـ ڕێنووسی کوردی بە پیتی ئەرمەنی: ئەلفوبێی ئەرمەنی یان ئەلفوبێی (لازۆ)یشی پێدەوترێت، لە ساڵی (1921)، کەسێکی ئەرمەنی کە ناوی (هاگوب گازریان) (1869ـ 1936) و نازناوی (لازۆ) بوو، ئەلفوبێیەکی کوردی بە پیتی ئەرمەنی دانا، هەروەها پەرتووکێکیشی بە ناوی زمانی کوردی لەسەر شێوازی ئەم ئەلفوبێیە لە ساڵی (1921) لە ژێر ناوی (شمس ـ ڕۆژ) بە چاپ گەیاند، هەروەها (لازۆ) خۆی لەم قوتابخانەیە زمانی کوردی بە قوتابییە کوردەکان دەوتەوە، پاشان چەندەها ڕۆشنبیریان لێ دەرچوو، لەوانە (قەناتی کوردۆ) بوو، ئەم قوتابخانەیەش چەندەها ساڵ لە خزمەتکردنی بەردەوام بوو.(نەریمان عەبدوللا خۆشناو، 2016، ل 35ـ34).

3ـ ئەلفوبێی ئێزیدی: ئێزیدییەکان خاوەنی دوو کتێبی پیرۆزن، ئەوانیش کتێبەکانی (جلیوە) و (مەسحەفا ڕەش)، کە هەردووکیان بە زمانی کوردی و ئەلفوبێی ئێزیدی نووسراون، ئەلفوبێی ئێزیدی لە (31) پیت پێکهاتووە، شێوازی نووسینی لە ڕاستەوە بۆ چەپە.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 23).

4ـ ڕێنووسی کوردناسەکان، هەموو ئەو کوردناسانەی تێکستی ئەدەبی میللیان کۆکردۆتەوە، هەر یەکەیان بەپێی بۆچوونی خۆیان، ڕێنووسی لاتینی بۆ تێکستەکەیان داناوە.

5ـ ڕێنووسێک لەسەر بنج و بناوانی پیتی عیبری، کوردە یەهوودییەکانی ئیسرائیل هەوڵیانداوە لەسەر بنجی پیتی عیبری تێکستی میللیان پێ نووسیوەتەوە.

6ـ ڕێنووسی سریانی، هەندێ تێکستی کوردی بەدرێژایی مێژوو بە ڕێنووسی سریانی دەبینرێن. (بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: سالار عەزیز مەحموود، 2015).

7. ڕێنووسی کوردی بە پیتی عەرەبی: ئەم ئەلفوبێیە جگە لە ناوی ئەلفوبێی عەرەبی، بە چەندین ناوی ترەوەش ناودەبرێت، لەوانە هەندێ کەس بە ئارامی و هەندێکی تر بە کەنعانی ناوی دەهێنن. کورد و فارس کاتێ موسڵمان بوون، ئەلفوبێی خۆیانیان لەسەر شێوازی ئەلفوبێی عەرەبی دامەزراند و تایبەتمەندی زمانی خۆیان پاراست، بە واتای ئەو پیتە هاوبەشانی لە هەر سێ زمان هەن، وەک خۆیان مانەوە، پیتی تایبەت بە خۆیان، کە لە زمانی عەرەبیدا نین، بۆ ئەلفوبێیەکە زیادکرا. لە ئاکام ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی دروست بوو، ئەو ئەلفوبێیەی کورد لە سەرەتای ئیسلامبوونەوە، ئەدەبی خۆی پێ دەنووسیەوە، ئەلفوبێیەکی کوردانەیە، چونکە بە شێوەیەکی باش لەگەڵ سیستەمی دەنگی زمانی کوردی دەگونجێت.(نەریمان عەبدوللا خۆشناو، 2016، ل37ـ35).

8. ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی: دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی ئەم ئەلفوبێیە، چاکەکەی بۆ (میر جەلادەت بەدرخان) دەگەڕێتەوە، بۆیە سەرچاوە مێژووییەکان بە ئەلفوبێی جەلادەت بەدرخان یان ئەلفوبێی گۆڤاری هاوار ناوی دەبەن، کە میر جەلادەت بەدرخان بە پیتی لاتینی لە دیمەشق ساڵی (1931) دەریکردووە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل66).

9. ئەلفوبێی کوردی بە پیتی سلاڤی: لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، ڕێنووسی لاتینی هەموو نەتەوەکانی ڕووسیا، لەناو ئەوانیش کورد دەستی لێ هەڵگیرا، بۆیە ڕێنووسێکی تازەیان بۆ دانا، ئەم ڕێنووسەش لەسەر بنجی ڕێنووسی ڕووسی بوو، کە پێی دەوترێت سلاڤی یان کریلی. (سالار عزیز محموود، 2015، ل80-81)

ئەم ئەلفوبێیە لەسەر شێوازی ئەلفوبێی کریلی ڕووسی دروستکراوە و لەگەڵ زمانی کوردی گونجێنراوە، لەساڵی (1931)یش (حاجی جوندی) ئەلفوبێی سلاڤی (کریلی) لە نامیلکەیەکدا چاپکرد و ناوی نا (کتێبا ئەلفبا). (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل*30*-31)

هەندێک لە ڕۆشنبیرانی کورد هەوڵی ئەوەیاندا کە لەسەر بنچینەی ڕێنووسی عەرەبی ڕێنووسێکی کوردی دابنێن، بە جۆرێک کە لەگەڵ نووسینی کوردی بگونجێت ، یەکێک لەو دەزگایانەی، کە ئەم هەوڵەیدا (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی)بوو، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لەپاڵ وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان، هەوڵی یەکخستنی ڕێنووسی کوردی دەدا، کە بەپێی بڕیاری ژمارە (18) ساڵی (1972) بەسەر هەموو ئەو لیژنانەی بڵاوکردەوە، کە ئەرکی دانانی کتێبی کوردییان پێسپێردرابوو، بۆ ئەوەی ڕێنوسی کوردی یەک بخات (مستەفا نەریمان،1982، ل35)

کۆڕی زانیاری کورد هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە یەکێک لەو کارە گرنگانەی، کە گرتییە ئەستۆی خۆی، بریتیبوو لە ڕێکخستنی ڕێنووسی کوردی، ئەگەر سەیری بەرگەکانی کۆری زانیاری کورد بکەین، دەبینین پێشنیازی ڕێنووسێکی دیاریکراوی کردووە، بەڵام ئەم ڕێنووسە لەو کاتەدا پەیڕەو نەکرا، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم هەوڵە بێ کەموکووڕی نەبووە، بۆیە لە سەرجەم ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان پەیڕەو نەکرا.(کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم،1973، ل4).

ئەوەی ئێمە لەم نامەیە قسەی لەسەر دەکەین، زیاتر ڕێنووسی کوردی بە پیتی عەرەبییە، ئەگەرچی ئەم ڕێنووسە لە بنەچەدا ئارامی پێدەڵێن، نەوەک عەرەبی، بەو واتایەی تەنیا تایبەت نییە بە عەرەب، ڕاستە کورد لە عەرەبی وەرگرتووە و لەڕێگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە هاتوتە نێو کورد و نەتەوەی کورد وەک نەتەوەکانی تر ئەم ڕێنووسەیان وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ زمانی کوردی کورداندوویانە، چونکە کۆمەڵێ پیت لە عەرەبی هەن، لە کوردیدا نین، بەپێچەوانەوە، بەو واتایەی کورد تەنیا ئەو پیتانەی وەرگرتووە، کە لەگەڵ زمانەکەی دەگونجێن و لەپاڵیدا کۆمەڵێ دەنگ و پیتی تری بۆ زیادکردووە.

## 2.1.4: باشترین ڕێنووس کامەیە؟

1. باشترین ڕێنووس ئەو ڕێنووسەیە وشەکانی چۆن لە دەم دێنە دەرەوە، بەو جۆرە بنووسرێت یان چۆن دەنووسرێن، بەو جۆرە بخوێنرێنەوە.
2. لە ڕێنووسدا نابێت پیتی زیاد یان کەم لە وشەکاندا هەبێت.
3. جۆرە ڕێنووسێک پەسندە، کە لە کاتی نووسیندا پێنووس گواستنەوەی زۆری تێدا نەبێت، واتە پێنووس لە خوارەوە نەبرێ بۆ سەرەوە، لە سەرەوە بهێنرێت بۆ خوارەوە، یان ببرێت بۆ لای چەپ یان ڕاست، ئەم جۆرە ڕێنووسە پەسند نییە.
4. خاڵی زۆر لە ڕێنووسدا پەسند نییە.
5. پێویستە ئەو ڕێنووسە لەگەڵ دەستوور و ڕێزمانی ئەو زمانە بگونجێت.(عومەر عەبدول ڕەحیم، 1982، ل 175).

## 3.1.4: گیروگرفتی نووسینی دەنگەکان:

### 1.3.1.4: گیروگرفتی وێنەی دەنگەکان:

تاوەکو ئێستاکە زمانەوانانی کورد لەسەر ژمارەی دەنگەکانی زمانی کوردی جیاوازیان تێدا بەدیدەکرێت، ئەمە یەکێکە لە گیروگرفتەکانی زمانی کوردی، بۆ نموونە (قەناتی کوردۆ، جەمال نەبەز، حەمە ئەمین هەورامی، کامیل بەسیر، تاهیر سادق، مەکەنزی)

هەریەکەیان بەپێی بیروڕای تایبەتی خۆیان ژمارەی دەنگەکانی زمانی کوردییان دەستنیشان کردووە.(ڕەمزیە سابیر محەمەد، 2002، ل165).

ئەم گیروگرفتانە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ساڵانی (1970ـ 1974) بەدیدەکرێت، بە تایبەتی لەسەر ئەو پیتانەی، کە لە زمانی عەرەبیدا هەن و لە زمانی کوردیدا نین، یان ئەو پیتانەی، کە وێنەیان بە هەڵە دەنووسرێن، چۆنیەتی چوونە پاڵ یەکی وشەکان، لە ئێستادا ئەم پیتانە لە زمانی کوردیدا یەکلایی کراوەنەوە و بەکار ناهێنرێن، وەکو: (ص، ذ، ط، ظ، ث، ص، ض) لە ڕێنووسی کوردی بەکار ناهێنرێن.(بڕوانە: لە کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتوو کوردی، 2009).

یەکەم ـ پیتی (ص) هەندێک ئەم پیتە بە کوردی دادەنێن و لەپاڵ دەنگە کوردییەکان باسی دەکەن، بەهۆی بوونی چەند وشەیەک کە ئەم دەنگەیان تێدا دەکەن، بەهۆی کاری ئەو دەنگانەی دەوروبەری دەگرن، بۆ نموونە وشەی (صەت) (صەوزە) (صەگ)، بەڵام ئەگەر ئەم دەنگانە پێشتر هەبووبن، مەرج نییە ئەمڕۆ بەزۆر بیان سەپێنین بەسەر زماندا و بیانخەینە پاڵ دەنگەکان، دەربارەی دەنگی (ص) ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا بەکارناهێنرێت، ئەگەر وشەکانی (صەت و صەوز و صەگ) لە ئاستی ئەو دەنگانەی دوای دەنگی (س) دێن، پاشان هەوڵ بدەن ئەو دەنگانە بە شێوەیەکی سروشتی دەرببڕن و بزانن (س) وەک خۆی یان لە شێوەی (ص)دا دەردەکەوێت، کەواتە ئەگەر دەنگی دوای (س) گڕ دەربڕین، دیارە (س)یش بە گڕی لە وێنەی دەنگی (ص) دێتە دەرەوە.(نەسرین محەمەد فەخری، 1977، ل44)، بەڵام ئەگەر سەیری بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی ساڵانی (1970 ـ 1974) بکەین، دەبینین ئەم پیتە لە شوێنی پیتی (س) دانراوە، کە ئەمەش هەڵەیە، چونکە پیتی (ص) لە ئەلفوبێی کوردی وێنە و نیگاری نییە، بۆیە ناکرێت بنووسرێت.(نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، 2016، ل119). لێرەدا هەندێ نموونە دەهێنینەوە، کە پیتی (ص) بەکاردەهێنن، وەک:

”دوای ئەوەی لە (مەتتی و گوڵچین) و باجی __**عاصیمە**__ دۆست و ناسیاوانی خۆی ماڵ ئاوایی ئەکات، ئینجا لەگەڵ کاروانی یەکی تورکمان ڕیک ئەکەوێ و لە سەعات چواری بەرەبەیان ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرەو کەرکووک ئەکەونە ڕێ“(مێجەرسۆن، پەروەردە و زانست، ژ1، ل21).

”کێ بێ لە ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە نموونەکانی کاری زانیاری و تەکنەلۆجیا لە ژیانی ڕۆژانەماندا نەبێت، یان هەستی پێ ئەکات، هەر لە ئاوی گەرم و __**صابوونی**__ شۆردن و

چەندین نموونەی تر" (گیروگرفتە سەرەکی یەکانی کۆمەلی دەولەتان و هەڵویستی پەروەردە و زانیاری بەرامبەریاندا، پەروەردە و زانست، ژ5، ل75).

**دووەم ـ کێشەی نووسینی پیتی (و) و (وو) لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی**

1ـ (و)ی کورت، کە بۆری زمانی عەرەبی دەگرێتەوە، وەک (کوڕ، قوڕ)، بەیەک (و)ی بێ نیشان دەنووسرێت، بەڵام ئەم پیتە لە شێوەی نووسیندا هەر شێوەی (و)ی نەبزوێنەکەی هەیە، بە لاتینی (W)بەڵام لە ڕاستیدا لە ڕووی سیاقەوە، لەیەکتر جیاوازن.

2ـ (و)ی درێژ، کە بە دوو (وو) دەنووسرێت: وەک: (کووڕ، پوور، ژوور).

لە زمانی کوردیدا (و) و (وو)، دوو فۆنیمن، چونکە گۆڕینی (و) و (وو)، جیاوازی دەخاتە نێوان وشەکانەوە و وشەی نوێ پەیدا دەکات، وەک: (کوڕ و کووڕ)، بۆیە بۆ تێکەڵ نەکردنیان لە ڕێنووسدا پێویستیان بە دوو نیگاری جیاوازە، ئەوەی کێشەی لە زمانی کوردیدا ناوەتەوە، دەرکەوتنی سێ واوی بەدوای یەکەوە لەو وشانەی بە دەنگی / وو/ کۆتاییان دێت لە باری خستنەسەردا دەبێتە سێ واو، کە زۆر ئاساییە، ئەگەر واوی خستنەسەرەکە، کەمێک لە / وو/ەکە، دوور بخرێتەوە. (و)ی کراوە، بە واوێکی نیشانەی (7) لەسەر دەنووسرێت، وەک (خۆر، کۆڕ). واوی نەبزوێن ئەگەر لە پێش و پاشی پیتێکی بزوێنەوە هات، بە واوێکی بێ نیشان، یەک (و) دەنووسرێت. هەروەها واوی سەرەتای وشە وەک: (وڵات، وریا، ورد)، پێویستە بە یەک (و) بنوسرێت.(کۆنفرانس، 2009، ل12).

ئەگەر پیتی واو(و) لە ناوەڕاستی بڕگەدا بێت، ئەوە ئەو واو(و)ی کورتە، لە هەردوو شێوەی نەبزوێن و بزوێن دەردەکەوێت، هەروەها هەندێکجار لە کۆتایی بڕگە و وشەدا دێت، لە شێوەی نەبزوێن دەردەکەوێت، وەک: (ئاو، سێو، لاو).

لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا یەک ڕێنووس پەیڕەو نەکراوە، بۆیە هەڵەی ڕێنووسییان تێدا دەردەکەون، کە ئەمانەن:

**1ـ لە سەرەتای هەر وشەیەکی زمانی کوردی، دوو واو ( وو) نانووسرێت، بەڵام لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە دوو واو (وو) لە سەرەتای وشەدا دەبینرێت، چونکە دوو واو(وو) یان واوی درێژ پیتی بزوێنە، (و) بزوێن لە سەرەتای بڕگە و وشە نایێت. بۆ نموونە:**

"ڕاستە، من دزی دەکەم ! ئەی ئەمانە چ کارەن ؟ دەستی بۆ ژنە لاوەکە درێژ کرد.

ـ **<u>ووس</u>** گەوجە!

سەرۆک پۆلیس ڕوی کردە ژنە گەنجەکە و پرسی:

ـ خانم ! زەحمەت نەبێ جانتاکەت چی و چی تێدایە؟

ـ کەمێ پارە و هەندێ سوراوی لێو و پۆدرە و ئەم جۆرە شتانە". (شوکور مستەفا، رۆژی کوردستان (گ)، ژ1، 1971، ل60).

" ئەبێ **وولاتەکەمان** رووناک بکرێتەوە و، لە هەمو لایەک ئەبێ تیشکی زانستی بلاوبێتەوە بە هەمو ئاسۆی **وولاتەکەمان** دا بۆ هێنانەدی گەلێکی پێش کەوتوو و، زانا ".(مێژووی فێرکردنی نەخوێندەواران، و عەبدول سەمەد، پەروەردە و زانست(گ)، ژ3، 1972).

" خۆی بەخۆی **ووت** (حەمە) چیت کرد؟ تۆ دە منالی برسی و بێ کەست بەدرێژایی ئەمرۆ لە مالێکی **ووراقێکی** بێ نان و ئاودا جیهیشتووە" (دارفرۆش، بەیان(گ)، ژ3، ل22).

"ـ لیرەش دا ... ناتەوی؟!

بەترس و لەرزەوە وەلامی دایەوە:ـ

ـ **ووتم** بەرەلام کە.. بەرەلام کە.

بەدەنگیا وام هەست کرد ، کە ئەم **ووتەیەی** هەزار جار زیاتر دووپات کردوتەوە لەو کاتەوەی کە چیشتخانەکەی جی هیشتووە"( پەنجەرە، دەنگی مامۆستا(گ)، ژ5، ل42).

"تینوویەتی هەموو رۆژ قوتابی یەکانی لە ئاژەڵ و کشتوکالو مرۆڤ هەلدەبژێرێ ! بوچی یەکیک لەوان نەمرێت و بە مەرگی خۆی تینوویەتی و **ووشکو** برینگی بخنکێنێ و بە خوگڕوینیا گیا بڕوینێ؟."(تاشە بەردی تینوویەتی، بۆ پێشەوە، ژ2، ل34).

**2. لە هەندێک وشەدا پێویستە بە دوو(وو) واو بنووسرێت، ئەگەر پیتەکانی (ر، ک، ن) بەدوای دابێت، بە دوو واو(وو) دەنووسرێت، وەک( ڕوون، بووک، نووک)، هەندێکجار /وو/ لە کۆتایی بڕگە و وشەدا دێت و بزوێنە، وەک( بوو، چوو، زوو)، واتە دوو واو(وو) دەنووسرێت، بەڵام لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە دەردەکەوێت، کە هەندێکیان دوو(وو) واویان بەکارهێناوە و هەندێکیشیان یەک(و)واوی بەکارهێناوە، وەکو:**

"منالّ لەم قۆناغەی ژیانی دا مل کەچی کەسی تر نیە پێجگە لە خێزانەکەی، هەروەها لەم قۆناغەدا **زو** کاری تێ نەکرێت و **زو** پێک دێت، توانا و کەم فێلە، پێویستی هەمیشەیی بە یەکیکی وا هەیە کە ئاموژگاری بکا بۆ پێویستی یەکانی لەشی و دەروونی چونکی چەسپاندن لەم قۆناغەدا زۆر بە هێزە" (کاری خێزان بۆ سەر ژیانی منالّ، مەهدی حەسەن، رۆژی کوردستان(گ)، ژ1، ل 54).

"ستۆیانوڤ پێشەنگی **نوسەرانی** نیشتمانەکەیەتی و شوێنەواری بەرز بەجێ ئەهێڵێت لە زۆر چەشنی وێژەیی دا. ئەگەر سەرنج لەو رێگا هونەرییە بدەین کە پێیدا **رۆیشتوە** ئەبینین هەمیشە بەرەو سەرکەوتن **چوە** " (لودمیل ستۆیانوف..نوسەر و مرۆڤ، ئەحمەد سلێمان ئەحمەد، بەیان(گ)، ژ6، ل32).

" نۆبل زانایەکی کیمیایی **بوە** لە ساڵی 1833 دا لەشاری (ئەستوکهۆلم) لە دایک **بوە.** وە ئەم زانایە دۆزەرەوەی (دینامیت) بوە زۆری کاتی خۆی لەپێناوی دۆزینەوەی دینامیتا بەسەر بردوە وە گەلێک لێکۆلینەوەی **کردوە**" (نۆبل کێ یە؟، هاوکاری (ر)، ژ13، 1970، ل8).

"لە هەمو لایەک ئەبێ تیشکی زانستی بڵاوبێتەوە **بەهەمو** ئاسۆی وولاتەکەمان دا ، بۆ هێنانەدی گەلێکی پێش کەوتوو و زانا".(مێژووی فێرکردنی نەخوێندەواران، پەروەردەو زانست(گ)، ژ3، ل86).

**3. لە هەندێ گۆڤاری تردا، پیتی واو (و) لەجیاتی پیتی (ۆ)یان داناوە، وەکو:**

"**روژیکیان** ووتم: (رەشە بچووکەکەم، من دەمەوێ خوم تاقی کەمەوە و سواری ئەسپە (سوورە گەورەکە بم و رمبازی بکەم) ئنجا بەرەو تەویلەکە ملم نا . تەماشای ئەسپە سوورە گەورەکەم کرد - لەبەر **خومەوە** ووتم - تۆ بڵێ بتوانم سواری پشتی ئەم ئەسپە ببم؟" (جوانوویەکی رەش، رەزا شوان، گزنگ(گ)، 1971، ل59).

"مەبەستیشمان لە **هوی** روون کردنەوە ئەوەیە ئەو شتەی گەرەکمانە لە قوتابی ی بگەینین، پی نیشانی بدەین ، خو ئەگەر لە توانادا بوو **راستەوخو** شتەکە پەیدا بکەین و بی خەینە بەردەم قوتابی ئەوا ئەویش باشتر تی ی دەگا و ئاگاداری خاسیەت و قەوارە و **فورم** ی ئەبی" (هویەکانی روون کردنەوە، و م.ف، دەنگی ماموستا(گ)، ژ5، 1972، ل 9)

"میخائیل نەعیمە هەر لە سەرەتاوە **روشنبیریکی** بەناوبانگ و پیشرەوی **روشنبیر** و نووسەرانی لوبنانی بووە لە پیشرەوەیک بوو لە پیشرەوەکانی کورتە **چیروکی** سەدەی بیستەم و لە نامیلکە رەخنە گریەکەی (بێژنگ)دا پیشرەوێک بوو لە پێشرەوەکانی رەخنە، هەروەها لە **شانوی** باوک و کوڕەکانی دا"(میخائیل نعیمە، شوکور مستەفا، نووسەری کورد(گ)، ژ11، 1973).

**4. یەکێکی تر لەو کەموکووڕیی و هەڵانەی، کە دەبینرێت، بوونی سێ واوە (ووو)، بەڵام واوی (و) کۆتایی لەگەڵ دوو (وو)واوەکەی تر بۆشاییەک لە بەینیان هەبێت.**

" ئەم تابلۆیە دائەنری بە نموونەیەکی زور تواوی قوتابخانەی ئەکادیمی کە جوولانەوەی ئیمپرسیانیزم لەناو برد، ئامانجی (بوجیر) لەم تابلۆیە ئەوە **بووو** کە جوانیەکی کلاسیکی نیشان بدا" (جوانی سروشت لەچەرخی تازەدا، بەیان(گ)، (و) محەمەد عارف، ژ2، 1970، ل25).

**5. یەکێکی تر لەو کەموکووڕی و هەڵانەی لە ڕووی ڕێنووسەوە بەرچاو دەکەوێت، نووسینی پیتی واو (و)، لە شوێنێکی هەڵەدا، بۆ نموونە:**

" لەو سەردەمەدا فەیلەسوفەکان هەمیشە خەڵکیان لە مەیدان و بتخانەکاندا بۆ **وتووویژ** کۆکردنەوە و، لەو شتانەی دەدوان کە پەیوەندی یان بە ئایین و کاروباری ژیان و گوزەرانەوە هەبووە تا رادەیەکی زۆر گەلێ تەنگ و چەڵەمەی خۆیان پێ چارەسەر دەکرد" (مێژووی فێرکردنی نەخوێندەواران، پەروەردەو زانست(گ)، ژ3، 1973، ل5)

"لەم دەساڵەی تێ چەربوودا بەهۆی شەڕی **براکووژی** لە کوردوستاندا وولاتەکەمان زۆر **دوواکەوت** چونکە گەلێ خوێندنگای میری داخران" (مێژووی فێرکردنی نەخوێندەواران، عەبدول سەمەد محی دین، پەروەردە و زانست(گ)، ژ3،، 1972، ل 86).

"ئەم شارەش لەسەر گردێکی رۆخ تیژ، دامەزراوە و **درووست کراوە** کە بەرەوخوار ئەبێتەوە بۆ ناو دیجلە"(لاپەرەیەک لە مێژووی دیاربەکە، رۆژی کوردستان(گ)، ژ2، 1971، ل57).

" ئەگەر **بەراووردی** تابلوی **ناووبراو** بکەین بە تیگەیشتنی کلاسیکی ( روفائیل) یان ( ئینکر) یەکسەر بومان دەئەکەوی کە کەسانی (بوجیرو) نواندنی جوانی ناکات"(جوانی سروشت لە چەرخی تازەدا، بەیان(گ)، ژ2، 1970، ل25).

"ئەندەنووسی یەکە پیا هەڵشاخاو وتی: من نیو سەعاتە لە ریزا **وەستاووم**، کەچی ئەو کابرایە پیش من بلیتی وەرگرت" (ئەندونیسیا ئاە..ئاە..ئاە، هاوکاری(ر)، ژ191، ل3).

پیتی (وو) لە سەرەتای وشە هاتووە، بۆیە دەبێت بە یەک (و) واو بنووسرێت، هەروەها پیتی (و) لە وشەکانی (نوسەر، رۆیشتوە، چوە، بوە، بردوە، کردوە)، دەبێت بە دوو (وو) واو بنووسرێت، واتە دەبێ بە (نووسەر، رۆیشتووە، چووە، بردووە، کردووە) بنووسرێت، لەلایەکی تریشەوە سێ واو (وو و) بەدوای یەکتردا دێن، بەڵام دەبێت واوی سێیەم (و) لە دوو واوەکەی تر (وو) جیا بکرێتەوە، بۆ نموونە وشەی (بووو) دەبێت بەم شێوەیە بنووسرێت(بوو و)، لە هەندێک لە نموونەکانی سەرەوە دەبینین پیتی (و) واو

بەشێوەیەکی هەڵە یان زیادە نووسراوە، وەکو: (کوردوستان، بەراووردی، درووست، دوواکەوت، وەستاووم)، پێویست نییە ئەو (و) بنووسرێت.

**ب ـ (وی) ، (وێ)**

له زمانەوانیدا به تێکەڵبوونی دوو دەنگی بزوێن، دەوترێت بزوێنی دوولانە، هەندێک له زمانناسان وای بۆدەچن، که بزوێنی دوولانه له زمانی کوردیدا نییە، بەشێکی تریش به پێچەوانەوە ژمارەیەک دەنگی وایان وەکو:ـ (وا، وە، ە و، یا) به بزوێنی دوولانەیان داناوە، ئەمەش به هیچ جۆرێک لەگەڵ مەرجی تێگەیشتن و مەرجی ناساندنەکە ڕێک ناکەوێت. (محەمەد حسێن عەلی، 1999، ل36)

ئەورەحمانی حاجی مارف سێ بزوێنی دوولانەی دەستنیشانکردووە، که ئەمانەن: ـ

1ـ وێ، وەک: توێژ، نوێن.

2ـ وی، وەک: هەنگوین.

3ـ وی، وەک: دویر، سویر.

له ڕاستیدا ئەو دوو بزوێنە دوولانەیە، واتا (وێ) و (وی)، تەنیا له ناوچەی سلێمانی و موکریان و هەندێک ناوچەی کوردستان هەن و بزوێنی دوولانەی (وی)یش له بەشێکی زۆری دیالێکتی کرمانجی ژووروودا باوە. (ئەورەحمانی حاجی مارف، 1976، ل32).

ئەوەی ئێمه لێرەدا زیاتر مەبەستمانە بیخەینەڕوو، و دەنگی (ێ) به (ی) نووسراوە.

"لیرەش دا ... **<u>ناتەوی</u>**؟!

بەترس و لەرزەوە وەلامی دایەوە:ـ

ـ ووتم بەلام کە.. بەرەلام کە.

بەدەنگیا وام هەست کرد ، که ئەم ووتەیەی هەزار جار زیاتر دووپات کردوتەوە لەو کاتەوەی که چیشتخانەکەی جی هیشتووە"(پەنجەرە، دەنگی مامۆستا(گ)، ژ5، ل42).

" هەرچەندە خۆشم یەکێک نیم لە پاڵەوانەکانی ئەم بەسەرهاتەی کەوا بۆت ئەگیرمەوە، تۆ تەنها <u>گوێ</u> <u>گریکی</u>، <u>وەک گوێ</u> لە داستانێک یا چیرۆکێکی بەتام بگری وایە". (محمد رشید فتاح، دەنگی مامۆستا (گ)، ژ5، ل42).

ئەگەر سەیری ئەم نموونانەی، کە هێڵمان بەژێردا هێناون بکەین، دەبینین هیچ جیاوازییەک لەنێوان (وێ) و (وی) نەکراوە، تەنیا وێنەی (وی) بۆ (وێ) دانراوە، کە ئەمەش لەڕووی نووسینی وشەکە و ڕێنووسەوە هەڵەیە.

**پ ـ گرفتی پیتی (ی)ی نەبزوێن و بزوێن و پیتی (ێ) و (یی).**

لە زمانی کوردیدا پیتی (ی) یەک فۆنیمە، نەک دوو، هەرچەندە هەندێکجار کورت و هەندێکجاریش درێژ گۆ دەکرێت، بەڵام واتا ناگۆڕدرێت و فۆنیمی تر ناهێنێتە کایەوە، بۆیە پێویست بە نیگاری تر ناکات. برگەی (یە) لە دوای پیتی (ی)وە، پێویستە ئەگەر برگەی (ی) بەدوای (ی) درێژ یان (ێ) کراوەدا هات، (ی) لەپاڵیدا بنووسرێت و پێوەی بلکێنرێن، وەکو: (ئەم دێیە) نەک (ئەم دێ یە)، هەروەها نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی نەبزوێن ، هەردووکیان هەمان هێمای (ی)یان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا لێک جیان و لە کاتی بەدوای یەکترهاتنیاندا، دەبێت هەردووکیان پێکەوە بلکێنرێن، وەک: (دیارییەکە). لەلایەکی تریشەوە ئەگەر سێ پیتی (ی) بەدوای یەکتردا هاتن، دەبێت بەسەر یەکەوە بنووسرێن، هەروەها (ی)ی ئامرازی پەیوەندی، بەتایبەتی دوای ئەو وشانەی بە (ی) کۆتاییان دێت، دەبێت بنووسرێن، بەڵام پێویستە بەیەکەوە بلکێنرێن. (یی) ئەم (یی)یە، لە نووسیندا لە دەستووری خۆی لای داوە و بە هەڵە دەنووسرێت، وەک: هەولێریی، ڕۆشنبیریی، چونکە ئەم (یی)یە، هەمیشە لەدوای ئەو وشانەوە دێت، کە بە پیتی بزوێن کۆتاییان هاتووە، بۆ (دانەپاڵ) بەکاردێت. (بڕوانە: لە کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتوو کوردی، 2009، ل17).

ئێمەش لێرەدا نموونەیەکی گۆڤاری دەنگی مامۆستا دەهێنینەوە وەکو:

هویەکانی روون کردنەوە

"هویەکانی روون کردنەوە بریتین لە کومەلە ئامرازیکی پەروەردەیی بەکار ئەهینرین بو روون کردنەوەی وانەکان و نزیک کردنەوەیان لەزەین و میشکی **قوتابی یەوە**. تاکو قوتابی بتوانی شارەزایی پەیدا بکا لەبەشە شاراوەکەی ئەو بابەتە و لەنهێنی یەکانی ئاگادار بی . چونکە ریک ئەکەوی ئەو شتە بە قەوار . گەورە یاخود ئامادە کردنی مەترسی تیایی .کەبو ئەم جورە بابەتانە هوی روون کردنەوەی شتیکی دروست و **بە جی یە**. هوی روون کردنەوەش بناغەیەکی **دەروونی ی** هەیە ئەویش بەستنی وانەیەکە بەسروشت و ژیانی روژانەی **قوتابی یەوە** . فەیلەسوفی ئینگلیزی ـ جون لوک ـ لەو باوەڕەدایە کەمیکی ئادەمیزاد راستەوخو توانای وەرگرتنی **زانیاری ی** نی یە . بەلکو ئەو زانینانەی کە مروف دەی گاتی و وەری دەگری بەهوی هەست کردنەوەیە"(هویەکانی روون کردنەوە، و م.ف، دەنگی مامۆستا(گ)، ژ5، 1972، ل9).

"ئەو جیهانەی کە مرۆڤ خۆی دروستی ئەکات، تەنیا لەو کاتەدا بایەخی ئەبێت لە هونەردا کە **پێوەندی یەکانی** جوانی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوروپشتیان دەر بخات" (هونەر و ئیستێتیکا، نووسەری کورد(گ)، ژ1، ل10).

" لەبەر ئەوەی ئێمە نامانەوێت رابردوو بە پەردەیەکی رەشی ئەستوور داپۆشین بەڵام هەوڵ ئەدەین ئەوە ساغ بکەینەوە، کە **شارستانی یەت** و پێشکەوتنی ئەم سەدەیە جیاوازی یەکی زۆر و گەورەی هەیە لە سەدەکانی پێشووتر" (هونەر شۆرش و ئەم سەدەیە، بەیان،(گ)، ژ6، ل23).

" لە مالی نوری دە کیلۆگرام هیرۆین دۆزرایەوە و نوری دانی بەوە دانا ، کە دۆلارەکانی لە ئیحسان وەرگرتوە و، ئیحسانیشیان، لە **هاوینی یەکی** سەر بوسفۆری خۆی دا کە خەریکی هیرۆیین گرتنەوە بو دەستگیر کرا و مەحزەری روداو بە وورد و **درشتی یەوە** تۆمارکرا"( لەکویت هێناوە، رۆژی کوردستان، ژ1، ل62).

" گۆرکی زۆر باسی لە ناکۆکییە فەلسەفی و **سیاسی یەکان** کردوە کاتی لە عەمەلیەتی پیشکەوتنی مێژویی لە دەوری مەزنی (تاک)ی کۆلیوەتەوە " (مەکسیم گۆرکی، هاوکاری(ر)، 116، ل3).

"ماوەیەکی دوور و درێژ **فەلەکی یەکانی** وە بەتایبەتی نووسەرە **خەیالی یەکان** ، ڤینۆسیان دا ئەنا بە نموونەیەکی نایاب بۆ شوێنی ژیان وە وا دا ئەنرا کە هەموو پێویستی یەکی تێدایە کە بتوانریت ژیانی لەسەر دروست بکرێت" (چاو شارکی لەگەڵ ڤینۆس دا، ژ4، ل25).

**- لە بابەتە وەرگێڕدراوەکاندا شێوەیەکی تر لە پیتی (ی) دەبینرێت، کە بەم شێوەیە (ي) نووسراوە، واتە لەسەر شێوازی (ی) عەرەبی نووسراوە، ئەم جۆرە نیگارە لە زمانی کوردیدا نییە، وەک:-**

" ریمان گرتەبەر. **پیرەداریکي** تویکڵ رزیو - هیندە ئەستوورە بوو کە دوو باووشی پیا نەدەگەیشتەوە، روژگار دوور و دریژ **کووري** کردبووەو هیزی لی **بري** بوو". (جوانوویەکی رەش، ڕەزا شوان، ژ1، 1972،ل 60).

"**گوندێکي** بچووک کە زۆربەی خانووەکانی لە قور دروست کرابو لە بەردەمیا دەشتێکي پانو بەرین راکشابوو وە لە **رۆژهەلاتي** یەوە بانوێکی بەردەلان قیت دەبۆ وە" (تاشەبەردی تینوویەتی، بۆ پێشەوە(گ)، ژ1، ل33).

"وەکو دیمان هونەرمەندە مەزنەکان کە لە کۆمەڵە چەوساوەکاندا ئەژیان چۆن پەردەیان **دائەدري** لە ڕووی **زۆرداري** و چەوساندنەوە لە کۆمەڵەکانیاندا" (هونەر و ئیستێتیکا، نووسەری کورد(گ)، ژ1، ل13)

"بارام **رووي** کردە داپیرەکەی و پێ **يي** ووت ئەرێ داپیرە گیان .. ئەوە بۆ بولبول ئەمەندە حەز لە خوێندن دەکات، بە تایبەتی لە وەرزی بەهاردا لەو کاتەی کە **زەوي** تارایەکی رەنگین لە گولیکە سوورە سەوزە گیا دەدات بە رووی خۆی دا" (بولبول و گولەباخ، پەروەردەوزانست(گ)، ژ2، ل52).

ئەو وشانەی هێڵمان بەژێردا هێناون، بە شێوەی جیاواز دەرکەوتوون، لە وشەکانی (قوتابی یەوە، ڕیک ئەکەوی، بەجی یە، دەروونی ی، نی یە)، لەم نموونانە دەردەکەوێت پیتی (ێ) نابینرێن، دەبوایە وشەکان بەم شێوەیە بنووسرێن(قوتابییەوە، ڕێک دەکەوێ، بەجێیە، دەروونی، نییە).

دەبێت ئەوەش بوترێت، کە (ي) لە زمانی عەرەبیدا هەیە و بەهۆی کاریگەری زمانی عەرەبییەوە بەسەر زمانی کوردییەوە، بۆیە ئەم شێوەی پیتی (ي) هاتووە وبەکارهاتووە، کە ئەوەش ڕێنووسی کوردی ئەمە قبوڵ ناکات.

**ت - پیتی (ر) و (ڕ) (ř)، (ڕڕ)،(رر)**

دەنگی (ڕ)ی قەڵەو لە ڕێنووسی بابەتە وەرگێڕدراوەکان بە چەند شێوەیەکی جیاواز دەرکەوتووە، هەندێک لە نووسەرەکان دەنگی (ڕ)ی قەڵەویان بە دوو پیت نووسیووە، ئەگەر وشەیەکی دوو پیتی (ڕ)ی قەڵەوی تێدا بوو، ئەوا ئەو وشەیە دەبێتە چوار (ڕ)ی قەڵەو لەیەک وشەدا، لەلایەکی تریشەوە دانانی چەند وێنەیەک بۆ پیتێک لەڕووی زانستی زمانەوە هەڵەیە، واتای قەڵەوی ئەو پیتە ناگەیەنێت، خۆ ئەگەر پیتی (ڕ)ی قەڵەو بەم شێوەیە بنووسرێت (رر ، ڕڕ، ر)، ئەوە دەبێت (ڵ)ی قەڵەویش بەم شێوەیە بنووسرێت (ل ل، ل)، کە ئەمەش لە زمانی کوردیدا هەڵەیە، بۆچوونی مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) بۆ ئەوەی نووسینی پیتەکان لەسەر یەک شێوە بڕوات، پێویستە چوکڵەکە لەسەرەوە بێت، دەربارەی نووسینی دوو(رر) بۆ پیتی (ڕ)ی قەڵەو (مامۆستا مەسعوود محەمەد) دەڵێت: من بەش بەحاڵی خۆم لە هیچ حاڵ

و باردا ڕەوا نابینم بۆ تاکە دەنگێک دوو پیت دابنرێت، چونکە هیچ هۆ و بەڵگەیەک پشتگیری لێ ناکات.(مەسعوود محەمەد، 1982، ل279).

(جەمال نەبەز) لەم بارەوە دەڵێت: ئەگەر پیتی (ڕ) قەڵەو چوکڵەکەی لەسەرەوە بێت، ئەوا لەگەڵ پیتەکانی (ژ، ز) تێکەڵ ببن و ئەوکاتە ڕێنووسەکە زەحمەتر دەبێت. (جەمال نەبەز، 1978، ل272). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)یش دەڵێت:. بە بیری من ئەو کەسانە زۆر بەهەڵەدا چوون، چونکە لە زمانی کوردیدا دوو فۆنیمی (ر)و(ڕ) هەیە، یەکێکیان لاوازە و یەکێکیان قەڵەوە).(ئەوڕەحمانی حاجی مارف1986، ل105).

بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە چەند نموونەیەکی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم ماوەیە دەهێنینەوە، کە پیتی (ڕ)ی قەڵەویان بە چەند شێوەیەکی جیاواز نووسیوە، کە ئەمەش کێشە و گرفتی بۆ ڕێنووسی زمانی کوردی دروستکردووە.

**1. پیتی (ر) لە شوێنی پیتی (ڕ) بەکارهاتووە، کە ئەم دوو پیتە دوو وێنەی جیایان لە زمانی کوردیدا هەیە، وەک:.**

"پێویستە **سەرپەرشتی** پەروەردەیی لە قوتابخانە سەرەتایی یەکانمان هۆیەکی کاریگەری **ئاراستەکردن** و **__رابەری کردن__** بێت و مەبەستیشی چاک کردنی جۆری فێرکردن و بەرزکردنەوەی پلەی **__رۆشنبیری__** بێت و **__رابەرێکی__** **__راستەقینەی__** ماموستایان بێت بۆ ئەوەی هانیان بدا **ئاراستەیان** بکات تا بەتەواوی و __بەرێک و پێکی__ ئەرکی سەرشانیان جێ بە جێ بکەن" .(سەرپەرشتی پەروەردەیی، بۆپێشەوە(گ)، ژ2، 1973، ل39).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت بۆ پیتی (ڕ) هەر پیتی (ر) بەکارهاتووە، هەروەها شێوەیەکی تر لە دەرکەوتنی پیتی (ڕ) بەو شێوە (ر) نووسراوە.

**2. لە نووسینی پیتی (ڕ)دا، بەم شێوەیە نووسراوە (ڒ):**

" کاتێ کە منداڵ بووم جووانوویەکی رەشی بچووکم هەبوو . کە بە (رەشی بچووک) ناوم برد. زۆر دڵ سۆز بوو و بە خۆشترین **__هاوڕێم__** دەزانی . هەردووکمان **__دەڕۆیشتین__**" (جوانوویەکی رەش، ڕەزا شوان، ژ1، 1972،ل 59).

**3. شێوەیەکی تری پیتی (ڕ)، بە شێوەی دوو (رر) نووسراوە:**

" سەمیر نیسکی لە ژیانیا دوو نامیلکەی بچووکی بڵاوکردەوە . یەکەمیان بریتی یە لە هەندێک شیعری گاڵتە **__جارری ی__** رەخنەگر . دووەمیان هەلبژاردە لە شیعرە **__شۆررش__** **__گێرری__** یەکانی بە ناوو نیشانی (با هەر رۆژ بێ) سەمیر نسکی **__باوەرری__** بە **__گۆرریني__** **__بنەررەتی ی__**

کۆمەل هەبووە بۆ ئەوەی ببێتە کۆمەڵێکی ئیشتراکی"(هریستوسە سەمیر ینسکی، هاوکاری (ر)، ژ 1970،26).

**4. یەکێکی تر لەو شێوانەی، کە پیتی (ڕ) لە بابەتە وەرگێڕدراوەکان هەیە، شێوەی (ڕڕ) دەبینرێت:**

"روبار لەخەو ، راست بۆتەوە

لەترسا

رەنگی بوە بەهی مێخەک!!

تەنیا شوانەکە.. لەپرێک

بە ـ ئای ! ـ ئای! ـ شەو ، ئەتۆقێنێ

لەکاتێک،

سێبەرەکان ، لێ **<u>ئەخوڕڕێت،</u>**

بە ناو گەروی ، دەربەندێکا" (سپیدە لە ناو کێوەکاندا، هاوکاری(ر)، ژ161، ل8).

"بیروباوەڕی شۆرشگێرانەی پێش سەدەی بیستەم بە پێ ی خواست و مەرامی ئەو سەردەمە لە سەر بناغەی **<u>گۆڕڕانە</u>** دائەمەزرێنرا، کە لە باری دوواکەوتووی پیشەسازی و زانیاری پێشکەوتنی لەسەرخۆی شارستانی ئەی هێنایە کایەوە" (هونەر و شۆرشی ئەو سەردەمە، بەیان(ر)، ژ6، ل27).

پیتی (ڕ) لە بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم ماوەیە چەند شێوەیەکی لەخۆ گرتووە، وەکو:- (ر، رر، ڕڕ، ڒ) وەرگێڕەکان بەپێی بیروبۆچوونی خۆیان وێنەیان بۆ ئەو پیتە داڕشتووە، کە ئەمەش بۆتە گرفت لە بەردەم ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، کە پێویست بوو یەک شێوە بەکاربهێنرێن.

**ج. پیتی (ڵ) و (ل)**

لە زمانی کوردیدا پیتی (ڵ) و (ل) دوو دەنگی جیان، بەڵام هەندێکجار ئەم تیپانە بەتایبەتی پیتی (ڵ) شێوەی پیتی (ل) وەرگرتووە.

" ئەم شەو لە ماڵ هاتمە دەرێ

لە گیرفانما.

دە پێناسی منی تیایە ریگەم ئەدا،

ئەم شەو **لە مال** بێمە دەرێ.

ناوم **بلند**..کوڕی ئەکرەم" (پێناس، بلند حیدری، و ڕەئووف حەسەن، ڕۆژی کوردستان(گ)، ژ 20.19، ل 47).

" ئافرەتانی کرێکار، هانیان ئەدات بو ئەوەی **کۆمەل** لە نێو کاری **کۆمەلایەتی** دا، چونکە ئەم کارە زیاتر لەسودیک ئەبەخشێ " (دەوری نەقابەکان لەپاراستنی بەرژەوەندی کۆمەل، هاوکاری(ر)، ژ 1970،42، ل4).

"هەر لەتەمەنی یانزە **سالی** دابوو، ئیشکەرێک بوو لە یەکی لەو چێشتخانانەی کەهاموشوم ئەکرد، دایکم زور جار یارمەتی دا بوو بە پارە و **کەل و پەل**. کراسیکی ڕەشی کورتی لەبەرا بوو قژە زەردە خاوەکەی بەتەوقەیەک بە پشت سەری یەوە **گرموله** کردبوو، هاوەلەکەی هەردوو شانی گرت و هاواری لی کرد: لیرەش دا ناتەوی؟! بەترس و لەرزەوە **وەلامی** دایەوە:- ووتم **بەرەلام کە بەرەلام** کە." ( پەنجەرە، دەنگی مامۆستا(گ)، ژ5، ل43).

"ئەو کاتە ڕۆیی

کە **دال و خەرتەل** ، باڵندەی گوشت خور

بەدەنگی ناساز

بانگی زۆرداری و ستەمیان ئەدا

وایان ئەزانی

بەدیوار، پەرژین ، بەرگەی ڕۆژ ئەگرن

ئەو **پالەوانە** مەردانە بگرن

کە ئیسک و خوێنیان گورانی بەگوی ی بەیان **هەل** ئەدا

وایان ئەزانی

ئەتوانن هیزی ئەو **شەپۆلانە** بتاوێننەوە

با بزانن ئەو **دالانە**

ئیمە تیکرا(بۆ پێشەوە) گرو بی دەنگ **هەلمەت** ئەبەین

لە **هەلمەتا** جی ی بیمان هەزارەها **گول** ئەوری

ژیانێکی تازە و بەپیت لە دایکیەتی" (گزنگ دان، بۆ پێشەوە(گ)، ژ1 ، ل32).

ئەو نموونانەی کە لەسەرەوە هێڵمان بەژێردا هێناون، دەبینین پیتی (ل) لە شوێنی پیتی (ڵ) دانراوە، ئەم دوو پیتەش لە زمانی کوردی دوو پیتی جیان، لەبەرئەوەی

هەریەکەیان بۆ مەبەست و ئەرکێکی جیا بەکاردێن، بۆیە ئەمەش گیروگرفتی بۆ ڕێنووسی کوردی دروست کردووە و بەهەڵە بەکارهێنراوە.

## 2.3.1.4: یاسا فۆنۆلۆجییەکان

لقێکە لە زانستی زمان، کە لە جیاوازی ئەرکی نێوان دەنگەکان دەکۆڵێتەوە، واتە لێکۆڵینەوە لە فۆنیمەکانی زمان دەکات، پاش دۆزینەوەی فۆنیمەکان و دیاریکردنی ئەلۆفۆنەکانی هەر فۆنیمێک لەگەڵ دابەشبوونی هەر ئەلۆفۆنێک، بەو هۆیەوە بە فۆنۆلۆجی ناودەبرێت.(تالیب حوسێن عەلی، 2015، ل50).

لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی لە شێوەزارەکاندا، دەنگەکان ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی دەبنەوە، ئەویش بە دانانی دەنگێک لە شوێن دەنگێکی تر، یان سوانی دەنگەکە، یان نەنووسین و دەنگگۆڕکێ، زۆرجار دوو دەنگی وەک یەک یان نزیک، دەکەونە پاڵ یەکتری، لەکاتی دەربڕینیاندا، یەکێکیان لەناودەچێت.

لەم بارەوە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) دەڵێت: بە بیروبۆچوونی من ڕاست نییە ئەم جۆرە وشانە لەسەر بناغەی گۆکردن بنووسرێت، بەڵکو لە نووسیندا پێویستە شێوەی پێکهاتنیان ڕەچاوبکرێت و ئەو پەڕاندن و ونبوون و تێکەڵابوونە لە نووسیندا ڕەنگ نەداتەوە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 1986، ل116).

بەڵام بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە مامۆستا (مەسعوود محەمەد) وای بەباش دەزانێت کە نووسینی وشەکان لەسەر بنەمای گۆکردنەوە بێت.(مەسعود محەمەد، 1973، ل66).

ئەم گۆرانکارییانە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ساڵانی (1970 ـ 1974) بەدیدەکرێت، لەوانە:ـ

**ئـ ـ پیتی (ت)، ئەم پیتە لە هەندێک وشە فەرامۆش کراوە و نەنووسراوە، کە پێویستە بنووسرێت:**

" (ضحاک ماردوش) یەکێک ئەبێ لە بەنرخترین داستانەکانی ئەو شانامەیە ، بەهۆی ئەوەوە  کە وێنەی لە ئەدەبی هیچ خێڵ و نەتەوەیەکدا بەرچاو **<u>ناکەوێ</u>** ، ئەم داستانەی کاوەی ئاسنگەر بەم شان و شکۆیە کە هەیەتی **<u>دەس</u>** ئەدا بۆ ئەوەی کە **<u>بکرێ</u>** بە داستان حەماسی یەکان " (ڕاپەرینەکەی کاوەی ئاسنگەر، بەیان(گ)، ژ 3، 1970، ل2).

" لەو باوەرەشدام گەر بشت هینیتە لەرزین و لە دەرونتا بچەسپینی هیندەی من کارت تی **ناکا** " (پەنجەرە، دەنگی مامۆستا(گ)، ژ5، 1972، ل42).

" تاوەکو قوتابی **بتوانێ** شارەزایی **پەیدابکا** لە بەشە شاراوەکەی ئەو بابەتە لە بنچینەکەی ئاگادار بێ"(هۆیەکانی روون کردنەوە، دەنگی مامۆستا (گ)، ژ5، 1972، ل9).

"فیردەوسی، لە شانامەکەیدا بەم جۆرە **دەس** ئەکا بە باسی داستانی یاخی بوونەکەی کاوەی ئاسنگەر" (راپەرینەکەی کاوەی ئاسنگەر، بەیان(گ)، ژ3، ل2).

" هونەر جمووجۆلێکی (خۆیی) بێ **مەبەسە**، وە بەهۆی هونەرەوە ئادەمیزاد دەتوانی بگاتە پلەی بەرزی (هارمونیا) یەکی گیانی جوان و بەرز بێتەوە بۆ جیهانێکی پاک و خاوێن " (شیلەر و هیگل، بەیان(گ)، ژ 9، ل32).

پیتی (ت) نموونەکانی لە وشەکانی سەرەوەدا نەنووسراوە، بۆیە پێویستە ئەم پیتە بنووسرێت و پشتگوێ نەخرێت، ڕەچاوی ڕاستی و دروستی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی بکرێن.

**ب - پیتی (د)**

1 - بایەخنەدان بە پیتی (د) لە نووسین و گۆکردندا، لە هەندێک وشەدا بایەخ بە وتن یان نووسینی نادرێت، کە دەبێت بوترێت و بنووسرێت، وەک:

"هونەرمەند (بوجیرو) لە تابلوی ناوبراودا ئەیویست وەستای خۆی نیشان بدا بە درووست کردنی جوانیەکی **مناليدا** " بەیان(گ)، ژ 3، 1970، ل2).

" خۆی بەخۆی ووت (حەمە) چیت کرد؟

تۆ دە **منالی** برسی و بێ کەست بە درێژایی ئەمڕۆ لە ماڵێکی ووڕاقێکی ئاوادا بەجی هیشتوە". (دارفرۆش، بەیان(گ)، ژ 3، 1970، ل22).

"باوکم یەخەی...زیرینی

لەمل کردم . رای هینام:

هەوا ببمە بەگزادەیەک!

چەندین نۆکەر..

لەبەر **دەستما** ..بێن و بچن!!

فیری فەرمان دانی کردم" (یاخی بوون، هاوکاری(ر)، ژ170، ل8)

"ئەم چوارە

هیوا،

گومان،

خەم،

لەگەڵ **منا**

بەیەک گەیشتین"(ئاوازی چوار گۆرانی بێژ، رۆشنبیری(ر)، ژ36، ل8).

**2 ـ پیتی (د) لە هەندێک لە وشەکاندا بۆ پیتی (ئ) دەگۆڕدرێت، وەک:ـ**

لە کاری ڕانەبردوودا، کە پێویستە بەشێوە ڕاستەکەی خۆی بەکاربهێنرێت، واتە دەبێ لە نووسیندا (د) بەکاردێت نەک (ئ)، ئەگەرچی بەشێک لە زمانناسان باوەڕیان بە دەنگی(ئ) نییە، لەم بارەوە عەبدوڵڵا حوسێن دەڵێت:ـ دەنگی هەمزە (ئ) لە زمانی کوردیدا وەکو زمانی هیندۆ ئەوروپییەکانی تر فۆنێم نییە، میکانیزمی پەیدابوونی لەوەدایە، هەر کاتێ فۆنیمێکی بزوێن کەوتە سەرەتای وشە یان بڕگە، دەنگی هەمزە دێتە ئارا.(عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوول، 2015، ل 232)، هەرچەندە ئەم دەنگە لە ڕێنووسی کوردیدا هێمای هەیە، بەڵام نابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە، یەکێکیش لە مەرجەکانی فۆنیم ئەوەیە، دەبێت واتای وشە بگۆڕێت. (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو،2013، ل29). لەهەمان کاتیشدا (تۆفیق وەهبی) دەڵێت:ـ بەکارهێنانی (ئ) ناوچەییە، زۆربەی کورد (دە) بەکاردەهێنن، بۆیە باشترە /دە/ بنووسرێت، نەک/ئە/.(تۆفیق وەهبی، کۆڕی زانیاری کورد(گ) بەرگی یەکەم،1973، ل31). هەمدیسان (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) دەڵێت:ـ هەندێ جار دەنگی (د) لە وشەدا (بەتایبەتی لە شێوەی سلێمانیدا) دەکەوێ، هەندێ جاریش دەبێ بە (ئ). ئەگەر چی ئەو قوتدان و گۆڕانە لە ئاخاوتنی ناوچەی سلێمانیدا هەیە، بەڵام لە زمانی ئەدەبی و نووسیندا پێویستە واز لەو جۆرە تایبەتیانە بهێنرێ.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 1978، ل 35).

" بەگوێی ماموستا بووین. یەکترمان خۆش **ئەویست** لە یاری بەولاوە خەمی هیچ شتێکی ترمان نەبوو" (دەسکۆی هاورێم، نووسەری نوێ، ژ2، 1974).

" بەر لە گشت شت و بەر لەگشت ئامانجێ ـ لە شەخسیەتی نیشتمانی **ئەدوێ** و تا چاو بڕ **ئەکا**، بەرەو پاشە رۆژێکی روناک و پڕ لە نیازەوە **ئەروانێت**" ( شیعر و رزگاری نیشتمانی ی لە باشووری ئەفەریقیادا، باری فینبرگ، نووسەری کورد(گ)، ژ8، 1973، ل 36).

"**ئەگێڕنەوە ئەڵێن** لە زەمانی زوودا پیاوێکی هەژار هەبوو ناوی (حەمە دارفرۆش)بوە ، دە منالّی هەبووە"( حەمە دارفرۆش، و (ن،ع)، بەیان(گ) ژ 3، ل 22).

"پەڵەوەرە دەنگ خۆشەکان، ئارامیان لەبەربڕا بوو . وەک جارانیان نەمابوو . بە خێرایی دارستانەکەیان **جێ ئەهێشت**، گەڵای درەختەکان وەکوو دانی پیرەژنان زەرد هەڵگەڕا بوونماڵ ئاوایی یان لە لق و پۆپەکان ئەکرد و بۆناو کۆشی پایز **دائەبارین**" (تەمەن و پایز، هاوکاری(ر)، ژ194، ل3).

"ئەوسا **ئەتوانین** نەک هەر زەوی ووشک بکەینەوە بەڵکو **ئەشتوانین** بیکەین بە یەک بەرد"( بۆچی بورجی بیزا لارە، بەیان(گ)، ژ 5، ل17).

پیتی (ئـ) لە شوێنی پیتی (د) بەکارهاتووە، لەڕووی گۆکردنەوە ئاخێور بە شێوەیەکی قورس دەریدەبڕێت، بۆیە پێویستە وشەکانی (ئەدوێ، ئەڕوات، ئەشتوانین، ئەکا،..) بۆ ئاسانی گۆکردن بەم شێوەیە گۆبکرێن و بنووسرێن و لەڕووی زانستیشەوە پێویستە بە (دەدوێ، دەڕوات، دەشتوانین، دەکا..) بنووسرێت.

**پ ـ نووسینی ژمارە:**

ئەگەر سەرنجی ژمارە (12) لە زمانی کوردیدا بدەین، دەبینین بە پێنج جۆر دەنووسرێت:ـ (دوانزدە، دوانزە، دوانگزدە، دوانگزە، دوازدە)، لەم وشانە پێکدێت: (دوو + ان+ نیز+ دە)، کە (ان) ژمارە دابەشکارییە، (نیز) وشەی (عەتفی فارسی)یە، بە واتا (هەروەها)، جا بۆ سووکی و ئاسانی گۆکردن، هەندێک گۆڕانکاری تێدا ڕوویداوە، وەک:

1ـ لە وشەی (نیز) بڕگەی (ئی) فڕێ دراوە و (ز) هێڵراوەتەوە و بووە بەو (دوانزدە، سیانزدە).

2ـ لە هەندێ ناوچەدا، بەتایبەتی سلێمانی، پیتی (د) ی وشەی (دە)، دەکەن بە (گ) و لەگەڵ پیتی (ز) شوێنگۆڕکێیان پێ دەکەن و بەمجۆرە ( دوانگزە) گۆی دەکەن.

3ـ لە هەندێ ناوچەی تردا، پیتی (ن) لە ئامرازی (ان) فڕێ دەدەن (کلۆری دەکەن) و دەڵێین (یانزدە).

4ـ لە هەندێ ناوچەی تریشدا، پیتی (د) لە وشەی (دە) لادەبەن یان کلۆری دەکەن و دەڵێن:ـ (یانزە)

5ـ ژمارە (یازدە، دوازدە، سێزدە...) گۆڕانێکی کەمی بەسەردا هاتووە و پەسندترینیانە. (ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، 2009، ل20 ـ 21).

لێرەدا وشەکانی ( یازدە، دوازدە، سێزدە) بەم شێوەیە سازکراون:ـ

یەک + دە = یازدە

دوو + دە = دوازدە

سێ + دە = سێزدە

لە نموونەی یەکەمدا (یازدە)، لێرەدا (ە) بە (1) گۆڕدراوە، لەگەڵ پابەندبوونی دەنگی (ز).

لە نموونەی دووەمدا (دوازدە)، لێرەدا (و) بە (ا) گۆڕدراوە، لەگەڵ پابەندبوونی بە دەنگی (ز).

لە نموونەی سێیەمدا (سێزدە)، تەنیا دەنگی (ز) پەیدابووە.

6. (ەم ـ ەمین) ئەم نیشانەیە بە یاریدەی ناوگری (ی) دەکرێت بە پاشکۆی ئەو وشانەی بە پیتە بزوێنەکان، جگە لە بزوێنی (وو) کۆتاییان هاتووە، وەک:ـ (پەنجایەمین ، نۆیەمین)

ئەگەر سەیری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سالانی (1970–1974) بکەین، دەبینین ژمارەکان بەم جۆرە نووسراون، وەکو لە نموونەکانی خوارەوە هاتووە:

"کابرای کاروانچیش دوای **دوانزە** میل ڕتاندن و لەگەڵما دانیشت و بەدیارمەوە دەستیان کرد بە جگەرەکێشان، لە دەوروبەری سەعات **یانزەدا** کە نزیک بە دەربەندەکە کەوتبووینەوە بەهۆی چەند سوارێکەوە کە دوامان کەوتبوون" (مێجەرسۆن بۆ کەرکووک ئەگەرێتەوە، پەروەردەوزانست(گ)، ژ1، ل22).

"لە نیسانی 1818دا شاعیری ئینگلیزی لۆرد جۆرج گۆدرۆن بایرۆن، بەو ئافرەتە گەیش کە دوو بەختیاری پێ بەخشی : تفەنگ و سەرین!. ناوی ئافرەتەکەش (تیریزا) بوو، کەلە تەمەنی **یانزدە** سالی دا بوو"( مەسەلەی شاعیر دروست ئەکات نەک شاعیر مەسەلە، و کەمال غەمبار، بەیان (گ) ژ10، ل 11).

"مرۆڤایەتی لە سەدەی چواردە و **یانزەهەم** بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی دژی ئایدیۆلۆژێتی دەرەبەگ و کلێسا" (فەرهەنگی سیاسیی، هاوکاری(ر)، ژ39، 1971، ل2).

"خوایە.. کات وا دەروا.. ئەو **یانزە..دوانزە..** یەک .. یەک و نیو .. خوایە .. ئۆقرەی ئەگرت و روی کردە پیتی مۆسیقا و بە دڵ شکایی یەوە پێیان ووت (تکایە ..بفەرموو.. چیشت بخۆ ئەم شەو کەس نایەت" (ئاهەنگ ، هاوکاری(ر)، ژ117، ل3).

"داماو بە قوولی بیری کردەوە، فراوان بیری کردەوە ، هەزار و نۆسەد و شەست و نۆ کتیب و شەش سەدو **دوانزە** نووسراوی خستە بەر تیشکی بیر ، بە خۆی وت: قازی محمد، قازی محەمەد( قۆناغێکی تر لە ڕێگاییەرە و شار"(هاوکاری (ر)، ژ193، ل 3).

”ئەکادیمیزم لە کۆتای سەدەی **شانزدەهەمین** لە ئیتالیا دەرکەوت و پەرەی سەند ، لەپاشان گەیشتە وولاتانی ئەوروپای رۆژئاوا لە **سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەم**“ (جوانی سروشت لە چەرخی تازەدا، بەیان(گ)، ژ 2، ل25)

لە شێوەی ئاخاوتنی شاری سلێمانیدا، دەنگی (د) لەم ژمارانەدا سواوە، ئەم سوانەش بۆتە هۆی قورسی دەربڕینی ئەو وشانە، بۆیە ئاخێور بۆ ئەوەی ئەو وشانە بە ئاسانی دەرببڕێت، پیتی (ن)ی داناوە، ئەم وشانە بۆتە (یانزە، دوانزە)، بۆیە بۆ ئاسانی دەربڕینی ئەو وشانە پیتی (د) بێتەوە ناو ئەم وشانە، واتە بەم شێوەیە دەرببڕێن و بنووسرێن، (یازدە و دوازدە) ، هەروەها یانزەهەم بە (یازدەمین) بنووسرێت.

## 2.4: وشەسازی

وشەسازی لە ڕۆنانی وشە دەکۆڵێتەوە، واتە ڕێگاکانی دروستبوونی وشەی زمان دەبێتە تەوەری ئەم زانستە و بە دانەی سادەی شیتەڵکاری دەوترێت مۆرفیم، مۆرفۆلۆجی لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی لێکدان و ڕیزبوونی مۆرفیمەکان لە فۆرمی وشەدا، لە شیکردنەوەی وشەدا دوولایەن لەبەر چاو دەگیرێت، ئەویش(لایەنی گەردانکردن و لایەنی داڕشتن). لە ڕوانگەی واتاییەوە، پێکهاتووە لە یەکەیەکی واتایی، کە بۆ یەک، یان چەند چەمکێک بەکاردەهێنرێت. لە ڕووی نووسینەوە (ڕێنووس) خاوەنی یەکگرتوویی نووسینە، بەو واتایەی لە نووسیندا بەگشتی بۆشاییەک دەخرێتە هەردوو لای وشەکە، واتە لەپێش و لە پاشی وشەدا بۆشاییەک دادەنرێت.(یوسف شەریف سەعید، 2013، ل7 ـ 8).

### 1.2.4: جۆرەکانی مۆرفیم

تا ئێستا مۆرفیم بە چەند شێوازی جۆراوجۆر لای زمانناسان خراونەتەڕوو، بەڵام باشترین دابەشکردن، ئەو دابەشکردنەیە، کە هەموو کەرەسەکان لە خۆ دەگرێت و هیچ کەلێنێک ناهێڵێتەوە، کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:-

یەکەم: مۆرفیمی سەربەخۆ.

ا- مۆرفیمی لێکسیکی

ب ـ مۆرفیمی ئەرکی

دووەم مۆرفیمی بەند

1ـ گیرەک:

ا- گیرەکی ڕێزمانی (پێشگر، پاشگر، ناوگر).

ب ـ گیرەکی وشەداڕێژ (پێشگر، پاشگر، ناوگر).

2. بنکەی بەند
3. نووسەک(نیشانە)(محەمەد مەعروف فەتتاح، 2006، ل 29).

مۆرفیمی سەربەخۆش بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە بە تەنیا وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەردەکەون. مۆرفیمی بەندیش بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە بە تەنیا وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەون، بەڵکو لە شێوەی بەندا دەردەکەون و پێویستیان بە مۆرفیمی سەربەخۆ هەیە، بۆ ئەوەی دەرکەون و بەکاربێ، واتە خاوەنی ڕواڵەتێکی سەربەخۆ نین.

**ئـ ـ گرفتی پێشگر لە بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا**

یەکەم: پێشگر، ئەو مۆرفیمەیە، کە بە پێشەوەی وشە دەلکێنرێت، بۆ دروستکردنی واتایەکی نوێ.

دووەم: ئەو پێشگرانەی، کە دەخرێنە سەر وشەکە، ئەگەر بە پیتە لکاو کۆتاییان هاتبوو، ئەوا بە وشەکەوە دەلکێنرێن.

ئەگەر سەیری بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سالانی (1970 ـ 1974) بکەین، دەبینین لەم گیروگرفتە بەرچاو دەکەوێت.

"بەلام سەیرکە ! بەسەزمانە پاشووی لە لقەکانی دارەکە گیربووە، ناتوانی راستەوە بیت. **__پی ویستە__** بگەرییینە دواوەو یارمەتی بەین، دەی بگەریوە. **__پێ ویستە__** گلی بەمەوە بەرەو تەویلەکە رویشتم، یەکسەر خوم هەلدایە سەرپشتی سوورە گەورەکەو ووتم: (زووکە. زوو ..**__پێ ویستە__** جوانووەکەم بهینیەوە" (جوانوویەکی رەش، رەضا شوان، ژ1، 1972).

"ئەوەی راستی بیت تا ئیستا هەرچی **__لی کولینەوەو__** بلاوکردنەوەو بوژاندنەوەی مێژوویی کورد هەیە، مل کەچی سیاسەتی گشتی ئەو دەولەتانە بووە"( لە پێناو بوژاندنەوەی کەلەپوری نەتەوایەتیمان، بۆپێشەوە (گ)، ، حازم باجەلان، ژ2، ل18).

"**__بی گومان__** داستانی ڕاپەرینی (کاوەی ئاسنگەر)یش بەرانبەر بە زوحاکی مار بەکۆل (ضحاک مادوش) یەکێکە ئەبێ لە بەنرخترین داستانەکانی ئەو شانامەیە" (راپەرینەکەی کاوەی ئاسنگەر، بەیان(گ)، ژ3، 1970، ل2).

"لە ئەنجامی وەزعی ئابوری کە لەم کاتەدا خوشکان و برایانی **__هەڵ ئەسن__** بە چاودێری کردنی زۆر توند و ناخۆش، کاری خێزان لە جێگیر کردنی شێوەی کۆمەلایەتی

لەسەر چەند هۆیەک ئەوەسێ" (کاری خێزان بۆ سەر ژیانی منالْ، رۆژی کوردستان(گ)، ژ1، 1971، ل55).

"زانایەکی سویدی **تێ بینی کرد** کە گوایە ئەو دۆزینەوەیەی نۆبل زیان بە ئادەمیزاد ئەگەیەنێ" ( نوبل کی یە، هاوکاری(ر)، ژ13،ل8).

"باجی مەنیج وەک مەرد بازووی خۆی **لێ هەل کرد** و دەستی دایە فرمان کردن بۆ ئەوەی نەیەلێ نەبوونی کوێرە وەریان پێوە دیار بێت" (باجی مەنیج، بەیان(گ)، ژ1، ل48)

"لە ئەنجامی **تێ نەگەیشتن** و خراپ شێ کردنەوەی **لێ کۆلینەوە** ساوێلکەکانمان باشترین بەرهەمەکانی هونەری موزەخانەکانی جیهانیان ناشرین و پیس کرد، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەیە کە خۆمان دیلی ئەفسانەیەکی (ئیستاتیک)ی کردوە و لە چوارچێوەکەی دەرناچین. دەبا ئیمەش زۆر زیاتر هەست بە ژیان و بیروباوەر و زەمینەی دەروونی ئەو هونەرمەندانە بکەین کە ئەو هەمو بەرهەمە نەمرانەیان بۆمان **بەجی هیشتووە** لەم ریگایەوە ئەمانتوانی بەچاکی بەرهەمەکانیان **تێ بگەین** و مافی خۆیان بدەینی"( گفتوگۆیەک لەگەڵ پیکاسودا، بەیان (گ) ژ6، ل32)

لەم نموونانەی لەسەرەوەدا، پێشگرەکان بە جیا لە وشەکان نووسراوە، بۆیە دەبێت پێشگرەکان بە وشەکانەوە بلکێنرێن.

**ب ـ گرفتی پاشگر و پاشبەند لە بابەت وەرگێڕدراوەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا**

پاشگر و پاشبەند جۆرێکە لە گیرەکی وشەسازی، دەخرێتە کۆتایی وشەوە لە ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ڕەگ، قەدی چاوگیش وشەی دارێژڕاوی لێوە پێکدێت، پاشگرەکانی زمانی کوردی بەپێی وشەکانی کە دایدەڕێژن، هەر چەندە پاشگرێک پێکەوە جووت دەکرێن و یەک جۆرە وشەدروست دەکەن.(ڕەفیق شوانی، 2011، ل78).

1ـ (دا)ی پێشگر و (دا)ی پاشگر و (دا)ی کار و (دا)ی پاشبەند لە ئاستی وشەسازی زۆر بەکاردێن، بەڵام دەبینین لە نووسیندا، هەر کەسە بە ئارەزووی خۆی بە وشەکەیەوە دەلکێنێت و گەلێک جاریش لێی جیا دەکاتەوە.

ـ ئەگەر مەبەستی ڕستەکە (لە..دا)، (بە..دا) وەک ئامرازی پەیوەندی بەکارهاتبوو، ئەوە (دا) بە وشەکەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت، لەبەرئەوەی (دا) لەگەڵ (لە، بە) وەک پاشبەند بەکاردێت، بەڵام **ئەگەر (دا) بە مەبەستی کار بەکار هاتبوو، ئەوا (دا) بەجیا دەنووسرێت، وەک:-**

"ئەوەی دایک و باوکی بە نازداری گەورەی کردبێ چاوەڕوانە کە سەرۆکەکانی و هاورێکانی نازی بکێشن لە وەختی تەمەن **گەورەیی دا**" (کاری خێزان بۆ سەر ژیانی منالّ، رۆژی کوردستان(گ)، ژ1،1971، ل55).

"پیاوەکە لە شوینی خوی ووشک بوو، هەناسەی خنکا، چاوەکانی دەرپەرین، لەپەروو بەسەریا کەوت، بەلام ئەو کەلە گیانەلادا بوو، کەوتە پال بیوەنانی، **لە دوایی دا** سێ سی جار لەسەر یەک هاواری خنکاو لی بەرزبوەوە" ( پەنجەرە، محەمەد رشید فەتاح، دەنگی مامۆستا(گ)، ژ5، ل 48).

" کارخواز فیشالّ کەر و بای نەبووە **لە راستی دا** ئەوەی باسی کردبوو بەشێکی کەم بوو لە زۆر بەهرە و کارزانی و شارەزایی تر" (بلیمەتی، پەروەردەو زانست، ژ1، ل55).

ئەگەر سەیری ئەم نموونانە بکەین، دەبووایە (دا) لە وشەی (گەورەیی دا) (گەورەییدا) لە وشەی (لەدوایی دا) (لەدواییدا) لە وشەی (لە ڕاستی دا) (لەراستیدا) بنووسرابان.

**پ ـ ئامرازەکانی (تر ـ ترین) لەگەڵ وشەی (تر)**

ـ ئامرازەکانی (تر ـ ترین) لە زمانی کوردیدا لەگەڵ ئاوەڵناوی چۆنیەتی، بۆ پلەی (بەراورد و باڵا) بەکاردێن. بۆ پلەی بەراورد(تر) هەمیشە بەراوردی نێوان دوو شت دەکات، دەلکێنرێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە و کارێکیشی دەچێتە سەر، کە کاری ناتەواوە، (ترین) بۆ پلەی باڵا ئەویش وەکو (تر) بە وشەکەوە دەلکێنرێت، بەڵام وشەی (تر)مان هەیە، لە ئامرازی (تر) جیاوازە، بە واتای (دی، دیکە، ئیدی)، بۆیە پێویستە بە جیا بەکاربهێنرێت.(ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، 2009، ل 38).

"ئەدەبی سوشیالیستی ئەبی بە جەرگ و **بەهێز تر** بن لەهی پاڵەوانانی ئەدەبی کلاسیکی" ( منالانی ئەلەمانیا دیموکرات چی ئەخوێننەوە؟، هاوکاری (ر)، ژ39، ل6).

"زاندۆف لەهەرە بەناوبانگترین و **خۆشەویست ترین**، هونەرمەندەکانی بولگاریانە یە، لە نێوان ساڵانی 1901 ـ 1953 دا ژیانی بەسەر بردوە" (زاندۆف، هاوکاری(ر)، ژ31، ل3).

"بوێژ بەرامبەر تەختی (جۆبیتەر) کڕنووشێکی بردو وتی:ـ ئەی بێکەس خۆم! بۆچی **خۆشەویست ترین** بەندە کورەکانت لە بیرچووەوە" (دابەشکردنی زەوی، هاوکاری(ر) ژ 173) ، ل3)

"منم لەتوێ **سەخت ترین** ئازارەوە
لە قولایی تاڵترین ساتی بێداری یەوە

له دایک ئەبم (گۆرانی یەک بۆ دوورگەکەم، هاوکاری(ر)، ژ202، ل3).

"ئاوورنگ هەرچەند ئەو جلانەی کە لەبەری ئەکرد کۆن و شر بوو بەڵام پاک و خاوێن بوو لە قوتابخانە لەناو دەستە خوشکەکانیا لە هەموویان جوانتر و **ژیر ترو** **هێمن تر** بوو" (باجی مەنیج، بەیان(گ)، ژ5، ل48).

ئاوەڵناوی پلەی باڵا و پلەی بەراورد(تر، ترین)، دەبێت ڕاستەوخۆ بە وشەکەوە بلکێت، ئەو نووسەرانەی کە بابەتەکاتەکانیان وەرگێڕاون دەبینین، ئامرازەکانیان ڕاستەوخۆ نەلکاندووە بە وشەکان، بەڵکو لە وشەکانی جیاکردۆتەوە، کە ئەمەش هەڵەیە.

**ت ـ لکان و نەلکانی جێناوی لکاو**

جێناو بەشە لە بەشەکانی ئاخاوتن، جێگەی ناو لە ڕستەدا دەگرێتەوە، جێناو مۆرفیمێکە بۆ دووبارەنەبوونەوەی ناوێک بەکاردەهێنرێت، ژمارەی جێناوەکان سنووردارە، واتە کۆمەڵەی داخراون، بە هیچ شێوەیەک ئەندامیان بۆ زیاد ناکرێت، جێناو چەند جۆرێکی هەیە، ئەوەی مەبەستمانە باسی بکەین، جێناوی لکاوە، جێناوی لکاویش ئەو مۆرفیمە بەندانەن، کە لە زمانی کوردیدا لە دوو دەستەدا بەپێی کاریگەری کارەکان تێپەڕ و تێنەپەڕ دەگۆڕێن، یەکێک لە سیماکانی ئەو جێناوە لکاوانە لەوەدایە، کە توانای لکانیان هەیە بە (ناو، ئاوەڵناو، جێناوی سەربەخۆ، جێناوی خۆیی، جێناوی نیشانە، جێناوی پرس، ئاوەڵکار، جێناوی نەفی و ژمارە) .(بڕوانە یووسف شەریف سەعید، 2013، ل 33).

ئەگەر سەیری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بکەین، دەبینین ئەو جێناوانەی بە بەشەکانی ئاخاوتنە دەلکێن، توانای لکانیان هەیە و بە شێوەی سەربەخۆ نووسراون، بۆیە لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو:-

"بەهەڵکەوت لەم کاتەدا لینین لەولاوە دەهات و توشیان بوو، وەرزێرەکان **نەیان ناسی** چوونە پێش لێ ی و **لێ یان پرسی**" (سەرکردە، نووسەری کورد(گ)، ل36).

" لقی دارەکەم گرت و **رام کێشا**، راکیش.. راکیش گەرچی کاتیکی زوریشی خایاند ، بەڵام توانیم لقەکان لیک بترازینم و پاشووی دەربهینم".( جوانوویەکی رەش، گزنگ(گ)، ژ1، ل63).

"پەیرەو کردنی شیوەیەکی زانستی و بابەتی کە لەگەڵ گیانی واقعی یان بگونجی و باریکی لەبار بۆ مامۆستایان ساز بکات بۆ ئەوەی بتوانن بەسەر ئەو تەنگ و چەڵەمانەدا زال بن کە لە کاتی فێرکردن و پەروەردەدا دیتە **رێ یان**" (سەرپەرشتی پەروەردەیی، بۆ پێشەوە (گ)، ژ2، ل 39).

"مرۆڤ تەنیا بە زانینی زانستی بۆ جیهان قەناعەتی نەکردووە، بەلکو گەلێ شێوەی تری بەکارهێناوە تاکو لە دنیای دەوروپشتی بگات، ئەو شێوانەی کە روخساری سروشت دەرئەخات، بە شێوەیەکی زیندوو کە **پێ یان** ئەلێن هونەر"(هونەر و ئیستێتیکا، نووسەری کورد(گ)، ژ1، ل10).

" بۆ ئەوەی چێژ لە جوانی ئەو شتانە وەربگرین دەبێ شێوەی بیرکردنەوەی خۆمان لە گەلێ لاوە پشت گوێ بخەن ئینجا دەتوتنین لەو جیهانە سەیرە **رابێ ین** " (لێکۆلینەوەیەک لە بارەی مەهابەهاراتەوە، پەروەردەوزانست، ژ3، ل65).

" فەیلەسوفی ئینگلیزی جون لۆک لەو باوەرەدایە کە میشکی ئادەمیزاد راستەوخو توانای وەرگرتنی زانیاری ی نی یە، بەلکو ئەو زانینانەی کە مرۆڤ **دەی گاتی و وەری دەگری** ، بەهۆی هەست کردنەوەیە" (هۆیەکانی روون کردنەوە، دەنگی مامۆستا،ژ5، ل9)

"ووشتر رەزامەندی نیشاندا و بە رێوی یەکەی ووت: بۆچی براله...؟! تۆش مەله ئەزانیت... نا ... بەڵام چی تێ دایە، ئەگەر **بم خەیتە** سەر پشتی خۆت و پێکەوە بپەڕینەوە" (ووشتر و رێوی، بەیان(گ)، ژ 3، ل23).

"پاش ناردنی (رابەر)ی زەوی بۆ سەر ئەستێرەی - ڤینۆس - ی دراوسێمان مرۆڤ ئەو بیروڕایەی **لێ وەرگرن** ، ڤینۆس ئەستێرەیەکی داگیرساوی نەزۆکە " (چاوشارکی لەگەل ڤینۆس دا، بەیان(گ)، ژ4، ل25).

جێناوانەی توانای لکانیان هەیە و دەبێت بە وشەکەوە بلکێنرێن، کەچی وەرگێڕەکان جێناوەکانیان بە وشەکان نەلکاندووە، ئەمەش لەڕووی ڕێنووسەوە بە گرفت دادەنرێت، چونکە ئەو جێناوانە دەبێت بە وشەکانەوە بلکێنرێن، بۆیە دەبێت بنووسرێت (لێیان پرسیت، ڕامکێشا، ڕێیان، پێیان، ڕابێین، بمخەیتە، لێوەرگرن).

**2.2.4: کێشەی نووسینی وشەی بێگانە**

کورد بۆ گونجاندنی فۆنیمە وەرگیراوەکان، لە کۆنەوە دەستکاری هەندێ دەنگی کردووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ فۆنۆلۆجیی زمانەکەی بیگونجێنێت و لەهەمان کاتیشدا بۆ دەربڕین ئاسان بێت، گۆڕینەوەی فۆنیم دیاردەیەکی ئاساییە لە هەموو زمانانی جیهان، لە کاتێکدا ئەگەر وشە نامۆ بێتە ناویان، دەنگی نامۆ بە نزیک لە سازگەی دەنگەکە دەگۆڕنەوە، (عەبدولواحید موشیر دزەیی و ئەوانی تر، 2013، ل120)،

هەموو زمانە زیندووەکانی دنیا، یا ڕاستتر ئەوەیە بڵێین زمان نییە لە دنیا لە زمانەکەی دی وشە یان دەستەواژە وەرنەگرن، بەتایبەت لە زمانی دراوسێ و دەوروبەر،

هەر لەم بۆچوونەدا میللەتی کورد لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندییە دوور و درێژەی لەگەڵ میللەتانی دەوروبەر، چ لەڕووی باری سیاسی یان ڕۆشنبیری یان کلتوورییەوە هەیە، دەیان بگرە سەدان وشەی بێگانە هاتوونەتە ناو زمانەکەمان و ڕەگی خۆیان داکوتاوە، کەواتە ئەو وشانەشی، کە ئێمە وەریاندەگرین، دەبێت بەپێی فۆنەتیکی زمانەکەمان بنووسرێن، لێرەدا ئێمەش چەند نموونەیەکی بابەتە وەرگێڕدراوەکان دەهێنینەوە، تاوەکو بزانین تا چەند بایەخ بەم لایەنە دراوە:

"هیندیک لە **<u>نظری یەکانی بن دەیصان</u>** دەربارەی بەهەشت و جەهەندەم زۆر نیزیکە **<u>لە نظری یەکانی (ابن سینا) (خواجە ئەسیری تووسی) </u>کە لە <u>کتێبی ( اضحویە)</u>**و ( سەرەتا و ئەنجام باسیان کردوە" ( بردەسیان فەیلە سەفیکی کوردە، هاوکاری(ر)، ژ182 ، ل3).

"دوکتور **<u>مصدق</u>** روژی 3/ی پوشپەری 1952 لە (**<u>لاهە</u>**) را گەراوە تاران و زیاتر لە 70 هەزار کەس لە هەمو چینەکانی گەل هاتبوونە فروکەخانەی **<u>میهر اباد</u>** بو پیشوازی پیشەوای نیشتمانی خۆیان" (رۆژی سەرکەوتن بەسەر شا و کۆنەپەرستی دا، هاوکاری)ر)، ژ41، ل8).

"سەرمایەداریەت رۆشنبیران بۆ خزمەتی بەرژەوەندی خۆی مرزەم ئەکا و مامۆستا و زانایانی بورژوازی یەکان باوەڕ و ئایدیولوژیەتی سەرمایەداری **<u>ئێتێکێتی</u>** بورژوازی یەکان لەناو کۆمەڵدا بلاو ئەکەنەوە" (رەوشنبیران، هاوکاری، ژ34، ل 8).

"پزیشکی بەناوبانگ س.ب . بوتکین لە ساڵی 1870 زاینی دا چوە **<u>زانکۆی (سانت بطرسبورغ = لینینغراد)</u>** وە لە زانیاری سروشتدا بوو بە پسپۆر وە لە یەکەم خوێندنیدا فەسلەجەی گیان لەبەری هەلبژارد و کیمیای کرد بە **<u>موضوع </u>**یارمەتی دەر، ئەو کاتە زانکۆی **<u>(سانت بطرسبورغ)</u>** زۆر بەناوبانگ بوو لە فەسلەجەدا (ئیڤان پیترۆڤیج پاڤلۆڤ، دەنگی مامۆستا(گ)، ژ1، ساڵی 2، ل21).

ئەو وشانەی هێڵمان بەژێردا هێناون، لە ڕووی ڕێنووسەوە پێویستە (بگۆڕێن)، وەک چۆن کورد گوی دەکات، بە مەرجێک بنچینەی وشەکە نەگۆرێت، کەواتە دەبێت ئەو وشانەی لە نموونەکانی سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەم شێوەیە بنووسرێت:. (سان بترسبۆرگ، مەوزوع، لینینگراد، ئەتەکێیەت، میهرئاباد، نەزەرییات، لاهایی)، ئەگەر نەتوانرا وشەکە بە کوردی بنووسرێت، ئەوا پێویستە لە نێوان دوو کەوانەدا دابنرێت.(ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، 2009، ل19).

**3.2.4.: گرفتی وشەی لێکدراو**

وشەی لێکدراو، لە زمانی کوردیدا، دەبێتە هۆی فراوانبوون و گەشەکردنی زمانەکەمان و هێنانەکایەی وشەی نوێ بە واتای نوێ. دەبێ ئەو بوێرێت، کە لە پێگەیاندنی دوو وشەی سەربەخۆ، یان زۆرتر و، پێکهاتنی وشەیەکی نوێ لە ڕستەدا، ئەگەرچی وشە نوێیەکە، واتە وشە (لێکدراوەکە)، لە چەند وشەیەکیش پێکهاتبێت، مامەڵە و ڕەفتاری تەنیا وشەیەکی لەگەڵدا دەکەین و بەو وشە لێکدراوە نوێیانە دەوترێت (وشەی دروستکراو)،

لەڕووی پێکەوەلکانی وشەکان ئەگەر وشە لێکدراوەکە بە پیتی نەلکاو کۆتایی هاتبێت، ئەوا بەبێ یارمەتی دەدرێنە دەم یەکتر و هیچ گرفتێک لە نووسینیاندا نییە، بەڵام ئەگەر وشە لێکدراوەکە بە (پیتە لکاو) کۆتایی هاتبێت، وەک (دڵ پاک)، ئەوا ئەو جۆرە وشە لێکدراوە، هەندێ گیروگرفتی نووسینی تێدا دەبێت، چونکە دەشێت بە دوو شێوە بنووسرێت یان دوو وشەکە پێکەوە بنووسرێن. ئەگەر وشەی لێکدراو بەبۆنەی ئەم ئامرازانەوە درانە دەم یەکتر، دیسان هیچ گرفتێک لە نووسینیاندا نییە، بۆ نموونە ( بەردەباز، مێرگەپان). لێرەدا چەند نموونەیەکی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ئەم ماوەیە دەهێنینەوە، بزانین وشە لێکدراوەکان چۆن نووسراوە.

"بەشێکی زۆریش لە **__ڕەوشن بیران__** دەورێکی گرنگ ئەبینن لە کۆمەلدا بەشداربوون لە خەباتدا شان بە شانی جەماهیری میللی فراوان لە پێناوی سەربەخۆیی و رزگاریدا" (تۆمارێکی نوی گوناهبارکردنی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا، هاوکاری (ر) ژ2، ل5).

"لە بەناوبانگترین نیگارەکانی( جەنگ، مۆسیقا **__دوژمن داری__** زستان، سەگەکە ووشکە نان ناخوات. ئەکرۆپاتیسک لە سینەمادا. گۆرانی بێژ، پەناگەی نوێ)"(زاندۆف، (هاوکاری(ر)،ژ21، ل3).

"شیعر و نووسینەکانی سەمیر نیسکی تا ئەمررۆش بە هێز و **کاری گەرن** هیوا و ئاواتی نزیک و دووری گەل ئەخەنە روو، ئەویش لە بەر ئەوەی **__راست گۆیە__** و ئاوێنەی یاسای هەردەم گۆررانی ژیانی ئادەمی زادە. بەربەرەکانی لە نێوان کۆن و تازەدا، بناغەی **__پیش کەوتنی__** مرۆڤایەتی یە" (هیریستوسە میرینسکی، هاوکاری(ر)، ژ26، ل3).

"دەزگای **__سەرپەرشتی کردنی__** پەروەردەیی **__جێ گری__** وەزارەتی پەروەردە یە بەر پرسیارەی یەکەمە لە دەزگای **__سەرپەرشتی کردنی__** پەروەردەی لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی دا"(سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی، دەنگی مامۆستا(گ)، ژ2 ، س2، ل7) .

"هۆی روون کردنەوەی بیستن وەکو: تومار کەر قەوان و رادیوو گەورەکەری دەنگ کە بو روون کردنەوەی دەنگ بەکار دین، یاخود **<u>دووپات کردنەوەی</u>** ئەو دەنگە بە زوبانی خاوەنەکەی . **پی ی دەگوتری** بیستن" (هۆیەکانی روون کردنەوە، دەنگی مامۆستا(گ)، ژ5، ل9).

بابەتە وەرگێڕدراوەکان لەڕووی نووسینی وشە لێکدراوەکان، هەڵەی ڕێنووسی هەیە، پەیرەوی چۆنیەتی نووسینی وشەی لێکدراویان نەکردووە، لەڕووی ڕێنووسەوە بۆتە گرفت و خوێنەریش هەست بە بێزاربوون و لەدەستدانی ئارەزووی خوێندنەوەی ئەم جۆرە تێکستانە دەکات، کە لەڕووی ڕێنووسەوە هەڵە و کەموکووڕییان تێدایە.

## 4 .3: ڕستەسازی

ڕستەسازی زانستێکە لە ڕستە و فرێز و وشە دەکۆڵێتەوە. ڕستەسازی و وشەسازی بەیەکەوە ڕێزمان پێکدێنن، زاراوەیەی (ڕستەسازی) لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە دواتر گوازراوەتەوە نێو زمانی ئینگلیزی، کە بە واتای (دانان، ڕێکخستن)دێت.(نەریمان عەبدوڵلا کەریم،2012، ل10).

بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەوە بزانرێت، ئەگەر زمانێکی بەزیو، بە کاریگەریی زمانێکی زاڵ، ئاستی ڕستەسازیی بگۆڕێ و لەژێر ئەو کاریگەرییەدا بمێنێتەوە، ئەوە زۆری پێناچێ، ئەو زمانە بەزیوە بەرەو نەمان دەچێ. بۆیە گۆڕان لە ئاستی ڕستەسازی کردارێکی زۆر گرانە و بەئاسانی ڕوونادات، تاکو گۆڕانیش لە ئاستی ڕستەسازی ڕوونەدات، ئەو زمانە هەر پارێزراو دەبێ، ئەگەر زۆربەی وشەکانیش ببن بە وشەی زمانە زاڵەکە، کاتێک وشەیەکی بێگانە لە زمانە زاڵەکە دێتە ناو زمانە بەزیوەکە، لەناو قاڵبی ڕستەی زمانە بەزیوەکە جێی خۆی دەکاتەوە و لەکۆتاییدا یان دادەتاشرێ و گۆڕانی بەسەردا دێت، تاکو خۆی دەگونجێنێ، یان وشەی گونجاوتری خانەخوێ جێگەی دەگرێتەوە و وشە بێگانەکە دەردەکرێ. دوا قۆناغی گۆڕانی هەر زمانێک قۆناغی ڕستەسازییە، ئەگەر ڕستەسازی هەر زمانێک گۆڕا، ئەوە ئەو زمانە لەناو دەچێ، بۆیە یاساکانی ڕستەسازی هەر زمانێک پێوەری سەرەکیی ئەو زمانەن، ئینجا ئاستەکانی تری وشەسازی و دەنگسازی دێن. ئەوەی نەتەوەی کورد و زمانی کوردی بە زیندوویی هێشتۆتەوە زمانەکەیەتی بەگشتی و ئاستی ڕستەسازی بە تایبەتی.(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوول، 2015، ل250).

له ئاستی وشەسازیشدا چەندین وشە لە زمانەکانی ترەوە خوازراون و بەکارهێنراون، جا ئەو وشانە یان بەپێی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی نووسراون، واتە بەپێی ڕێنووسی کوردی نووسراون، یان بە شێوەی زمانە ڕەسەنەکە نووسراوە، بەڵام لە ئاستی ڕستەسازی بە شێوەیەکی گشتی مۆرکی ڕەسەنایەتی، زمانی کوردی پارێزراوە، هەر ئەمەش وایکردووە زمانی کوردی بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا، سەرەڕای کاریگەریی زمانە بێگانەکان لەسەر زمانی کوردی، بەڵام تاڕاددەیەکی زۆرباش خۆی لەبەردەم ئەو گۆرانکارییانە لە نووسین و گۆکردن لە ئاستی ڕستەدا ڕاگرتووە، ئەگەرچی هەندێ جار لەژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدان، لەبەر ئەوەی نووسەرانی کورد هەوڵیانداوە بەسوود وەرگرتن لە زمانانی تر، بە تایبەتی زمانی عەرەبی یاسا بۆ زمانی کوردیش دابنێت، کە ئەمەش کارێکی هەڵەیە، چونکە هەر زمانێک تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵێ دەتوانین سوود لە زمانانی تر وەربگرین، لەگەڵ هەڵکەوتەی یاسا زمانییەکانی خۆمان بیگونجێنین، بەڵام ناتوانین بەزۆر بیسەپێنین، ئێمە نامانەوێت لە کارە گرنگەکانی ڕێزماننووسە کوردەکان کەم بکەینەوە، کە جێ دەستیان لەم بوارەدا دیارە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە کووچەی حوجرە و مزگەوتەکان هەوڵیانداوە خزمەت بە زمانی کوردی بکەن. لەسەر ئەم ڕێچکەیە ڕێزماننووسەکانی تر هەڵە و کەموکوورپییەکان دەستنیشان بکەن و چاکی بکەنەوە، هەرچەندە تاوەکو ئێستاش هەندێک لە شارەزایانی زمانی کوردی هەر لەسەر ئەو کەموکوورپیانە دەڕۆن، بۆ نموونە: ئێمە لە زمانی کوردی ڕستەمان نییە بەبێ کاربێت، ئەگەر کارەکە لە ئاستی سەرەوەشدا دەرنەکەوێت، ئەوە لە ئاستی ژێرەوە بوونی هەیە، کەواتە ڕێزماننووسەکان بە کاریگەری (الجملە الاسمیة و الجملە الفعلیة)ی زمانی عەرەبی، هاتوون ڕستەی ناوی و ڕستەی کاریان بۆ زمانی کوردی داناوە، یان تاوەکو ئێستا هەندێک ڕێزماننووس لەو باوەڕەدان، کە کاری بەهێز و کاری بێهێز هەیە، بە کاریگەری هەمان ڕێزمان لەبری (مبتدأ و خبر) ناویان ناوە (نیهاد و گوزارە).(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل254)،پێویستە ئەو کەموکوورپییانە چارەسەر بکرێن و بخرێنە دەرەوەی زمانی کوردی یان بەشێوەیەکی زانستییانە و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک یاساکان ڕێکبخرێنەوە.

### 1.3.4: ئەرکەکانی ڕستەسازی

ئەرکەکانی ڕستەسازی بریتییە لە ڕێکحستنی وشە لە پێکهاتەی ڕستەدا، واتە دەستنیشانکردنی چۆنیەتی دروستکردنی ڕستە. لە زمانی کوردیدا یاساکانی دروستبوونی ڕستە بەم شێوەیەی خوارەوەن:-

1. لە کاری تێپەڕدا: بکەر + بەرکار + کاری تێنەپەڕ
2. لەکاری تێنەپەڕدا: بکەر + کاری تێنەپەڕ
3. لە کاری ناتەواودا: نیهاد+ گوزارە (وشە + کاری ناتەواو )

هەروەها دەستنیشانکردنی ڕستەی ڕێزمانی و جیاکردنەوەی لە ڕستەی ناڕێزمانی و دەستنیشانکردنی لێڵی ڕستە و چارەسەرکردن و جیاکردنەوەی کەرستەی ڕستەسازی لە کەرستەی وشەسازی.(نەریمان عەبدوڵلا کەریم، 2012، ل20).

ئەو بابەتانەی کە لەم ماوەیەدا وەرگێردراون، بەهۆی کاریگەری یاسا ڕستەسازییەکانی زمانی عەرەبی ڕستەکانی زمانی کوردیشیان وەکو زمانی عەرەبی دروست کردووە، بە جۆرێک لە زۆربەی نموونەکاندا (کار) هاتۆتە پێشەوە و لە شوێنی خۆی، کە کۆتایی ڕستەکەیە، نەهاتووە، ئێمە لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە:

"باشترین بەرهەمە هونەری یەکان کە گەیشتوونە پۆپەی بەرزی و جوانی پێوەندی یێکی توندیان **__هەیە__** لەگەڵ ژیانی میللەت و دەستکەوتە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵدا".(هونەر و ئیستێتیکا، نووسەری کورد، ژ1، ل11). دەبوایە وشەی (هەیە) لە کۆتایی ڕستەکەدا بهاتبایە.

"گرنگترین خەسیەتی هەموو گورجوگۆڵی یێکی ڕۆشنبیری یە هونەر ڕۆلێکی زۆر گرنگی **__هەیە__** لە کۆمەڵدا".( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل11). لێرەشدا (هەیە) دەبوایە لە کۆتایی ڕستەکەدا بهاتبایە.

"ئا ئەمەیە سەرپەرشتی پەروەردەیی کە گیانێکی زیندوو بە تەووژمی تیا **__ئەگەڕێ__** و بە ڕەگەزێکی پتەو دائەنرێ لە ڕەگەزەکانی سەرکەوتنی فێرکردن لە قوتابخانەکانی سەرەتایی" (سەرپەرشتی پەروەردەیی، بۆپێشەوە(گ)، ژ2، ل39). لێرەدا وشەی (دائەنرێ)، دەبوایە بنووسرایە (دادەنرێ) و لە کۆتاییدا بنووسرایە.

"پێویستە ئەو پەیوەندی یەی سەرپەرشت کار لەگەڵ مامۆستا دەی بەستێ لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی بیرورای مامۆستا و هاریکاری و خۆشەویستی دامەزرابێ دەبێ هەموو

لایەک وەکو برا **ڕەفتار بکەن** لەگەڵ یەکتری"(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل41). لێرەشدا وشەی (ڕەفتار بکەن) لەکۆتاییدا بهاتبایە.

"هەر لەمێژەوە تاوەکو ئیستاش خێزان بەهێزترین چەک **ئەژمێرێت** بە دەست کۆمەلەوە".(کاری خێزان بۆ سەر ژیانی منالٚ، ڕۆژی کوردستان، ژ1، ل54).

"ئەمە مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ بەدوای قۆناغی ساوایەتی توانینی فێربون و ڕاهاتنی نیە، بەڵکو مانای ئەوەیە، ئەو شتەی کە **جێگیر ئەبێ** لە دەرونمانا لە سەرەتای منالٚیا، کارێکی هەمیشەیی هەیە لەسەر شەخسیەتمان لە دوا رۆژا"(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل54). لەم نموونەیەشدا وشەی (جێگیر ئەبێ) دەبێ لەدوای (منالٚیا) بێت.

"هۆی روون کردنەوەی دیتن وەکو: وینە نیگار مومیا و نەخشەی پیێ ی دەگوتری دیتن چونکە هەستی دیتن، چاو **دەور ئەبینی** لە بەکارهینانیا"(هویەکانی روون کردنەوە، دەنگی مامۆستا(گ)، ژ5، ل9). لەم نموونەیەشدا وشەی (دەورئەبینی) دەبێ لەدوای (بەکارهینانیا) بێت.

"لە راستی دا تەنها مرۆڤ لەریزی هەموو گیانەوەرەکانی سەر زەوی دا توانای دواندنی هەیە، هەر ئەمەشە لە گیانەوەرەکانی تری جیاکردۆتەوە، زمان بەستەری پەیوەندی یە لە بەینی دواندن و بیرکردنەوەدا ئەویش لە ڕێگەی دەنگەوەیە کە پەیوەندی مرۆڤی توند **کردووە** بە گێتی یەوە"(زمان باشترین داهێنانی مرۆڤە، بەیان(گ)، ژ10، ل24) لێرەشدا وشەی (توند کردووە) دەبێ لەدوای (بەگێتی یەوە) بێت.

"سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی کارێ!کی گرنگ و سەرەکی **هەیە** بۆ چاک کردنی کاروباری پەروەردەیی لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی دا".(سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی، دەنگی مامۆستا(گ)، ژ2، ل 6). لێرەدا وشەی (هەیە) دەبێ لەدوای (دیموکراتی دا) بێت.

ئەو کارانەی هێڵمان بەژێردا هێناوە، لەڕووی تێگەیشتن لە واتای ڕستەکان گرفت نییە، بەڵام یاسای ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستەسازی لە زمانی کوردیدا هەمیشە کار دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، بەڵام نووسەران و وەرگێڕەکانی ئەو سەردەمە ماوەیە لەژێر کاریگەریی یاسا ڕستەسازییەکانی زمانی عەرەبییدا بوونە، بۆیە کارەکان نەکەوتوونەتە

کۆتایی ڕستەکانەوە، چونکە ئەو ڕستانە لەڕووی ڕێزمانەوە ڕستەیەکی تەواو ڕێزمانی نین، یان نزیکن لە ڕێزمانی، ڕستەی ناڕێزمانین، کەواتە هەموو ئەوکارانەی کە لەسەرەوەدا هێڵمان بەژێردا هێناوە، دەبێت بکەوێتە کۆتایی ڕستەکەوە.

هەروەها زۆرجار لە دەقی سالانی (1970 ـ 1974) و تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدابێ، دەبینین نووسەران و وەرگێڕان بەهەڵە وشەی (هەستا، هەڵدەستی) بەکاردێنن، چونکە (هەستا، هەڵدەستێ) هەڵەیە و تەعبیرێکی دیکەی ناکوردییە، کە وەرگێڕانی حەرفی (قام ب ...)ی عەرەبییە، وەکو بۆنموونە: (قام بکتابة رسالة....)، کە بە کوردیی کردوویانە بە ( هەستا بە نووسنی نامەیەک...) و دەبوو بیکەنە (نامەیەکی نووسی ....)، هەڵبەت ئەگەر کردارەکە بشکرێتە ڕانەبردوو، تەعبیرەکە هەر عەرەبییە، نەک کوردیی و کورد (هەڵدەستێ بە ....)ش هەر بەکارناهێنێ. (نەریمان عەبدوللا خۆشناو، 2016، ل144). ئێمە لێرەدا نموونەیەک دەهێنینەوە:

"ئاورنگ سەیرێکی دایکی کرد لە رووالەتا هەستی بە ژاکاوی و تێکچوون کرد، لەبەر ئەوە **<u>هەڵسا بە</u>** پەلاماردانی دایکی و دڵ نەوای کرد، هەتا پێی سەڵماند کە ئەبێ بەیانی بچێ بۆ لای پزیشک و تەداوی بکات".( باجی مەنیج، بەیان(گ)، ل48). کەواتە لێرەدا دەبووایە وشەی (هەڵسا بە) بەکارنەهاتبا، کە ئەمە لە زمانی کوردیدا بەکارناهێنرێت.

# ئەنجام و پێشنیاز

**یەکەم: ئەنجام**

**دووەم: پێشنیاز**

# ئەنجام

1. ڕێککەوتننامەی (11)ی ئاداری ساڵی 1970، بە وەرچەرخانێکی مێژوویی دادەنرێت، بەتایبەتی ئەو بڕگەیە، کە پەیوەندی بە خوێندنی کوردی و لایەنی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی وەرگێڕانی پەرتووکی قوتابخانەکان، هەرچەندە ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام نەدراوە، هەر لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەدا بەڕێوەبەرایەتیەک بۆ وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەیەک دامەزراوە.

2. مێژووی وەرگێڕان لە باشووری کوردستاندا، بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە.

3. بەرهەمێکی تری ئەم ڕێککەوتننامەی(11)ی ئاداری ساڵی 1970، دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد و چەندین کۆمەڵە و یەکێتی و دەرچوونی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێک بوو، هەڵبەتە ئەم کۆمەڵە و یەکێتییانە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان و بەرهەمی بیری بێگانە بۆ سەر زمانی کوردی، ئەویش لەڕێگەی گۆڤار و بڵاوکراوە، بابەتەکانیان بڵاوکردۆتەوە.

4. ئەو کتێبانەی، کە بۆ قوتابخانەکان وەرگێڕدرا بوون، بابەتەکان ڕەنگدانەوەی ژین و ژیانی قوتابییانی کورد نەبوون.

5. ئەو بابەتانەی لەو ماوەیەدا وەرگێڕدراون، بابەتی (ئەدەبی، سیاسیی، زانستی، هونەری، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی) بوون، بەڵام بابەتی ئەدەبی بەتایبەتی(شیعر، چیرۆک و ڕەخنە) بەشی زۆری بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان پێک دەهێنن.

6. ئەو بابەتانەشی کە وەرگێڕدراون، لەڕووی بابەتی زمانییەوە، بەتایبەتی (ڕێنووس، وشەسازی و ڕستەسازی) کەموکووڕییان تێدا دەردەکەوێت.

7. بابەتە وەرگێڕدراوەکان لەڕووی تەکنیکییەوە بەتایبەتی نووسینی ناوی نووسەر و سەرچاوەی بابەتەکە، کەموکووڕییان تێدا دەردەکەوێت.

8. ئەو کەسانەی بابەتەکانیان وەرگێڕاوە، کەسانی پسپۆڕی بواری وەرگێڕان نەبوون، زیاتر کەسانی شارەزای بواری ئەدەب و زمان چەند بوارێکی تر بوون.

## پێشنیاز

1. هەرچی زووە دەزگایەکی ئەکادیمی بۆ کردەی وەرگێڕان دابمەزرێت، چونکە تاوەکو ئێستا دەزگایەکی تایبەت بۆ کردەی وەرگێڕان نییە.
2. دەستنیشانکردنی ئەو بابەتانەی ئێمە پێویستمانن، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی لە ناوەندەکانی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکان دەخوێنرێن.
3. بەشی وەرگێڕان لە کۆلیژەکانی زمان و ئەدەبیات بکرێتەوە.
4. ئەو بابەتانەشی وەردەگێڕدرێن، دەکرێت کەسانی پسپۆڕ و شارەزا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات.
5. ئەو کەسانەی کاری وەرگێڕان دەگرنە ئەستۆ، کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بن، لەو بابەتەی وەریدەگێڕن.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**1. فەرهەنگ**

1. فازیل نیزامەدین(2015)، فەرهەنگی شیرین، چاپی دووەم، چ. سەردەم، سلێمانی.


**2. کتێب**

2. ئیسماعیل ئیبراهیم (2005)، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی کوردیی بەغدا 1970 ـ 1974، چ. ئیلاف، بەغدا.

3. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1987)، وشەڕۆنان، چاپی دووەم، چ. کۆری زانیاری کورد. بەغدا.

4. ئازاد بەرزنجی (2012)، وەرگێران لە گفتوگۆدا، چ. سەردەم، سلێمانی.

5. ئازاد عوبێد ساڵح (2007)، کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی 1961 ـ 1975، چاپی یەکەم، چ. ڕۆشنبیری، هەولێر.

6. ئەمین علی سعید، کامل حسن عزیز البصیر (1990)، وەرگێران، کوردی بۆ عەرەبی، عەرەبی بۆ کوردی، چ. خویندنی باڵا.

7. پەروین عوسمان مستەفا (2009)، واتا و وەرگێران، چاپی یەکەم، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.

8. تاڵیب حوسێن عەلی (2011) واتاسازی، چاپی یەکەم، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.

9. ________(2015)، دەنگسازی، چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپی یەکەم، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.

10. ________(2014)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.

11. جەمال خەزنەدار (1973)، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، بەغدا.

12. جەماڵ نەبەز (2008)، وەرگێران هونەرە، چاپی چوارەم، سلێمانی.

13. حسێن یەعقوبی (2007)، زمان و وەرگێران و پێوەندی کولتوورەکان، و. ئیسماعیل زارعی، چاپی یەکەم، چ. ئاراس، هەولێر.

14. حەسەن بارام (2012)، فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستان و عێراق 2000ـ1816، چاپی یەکەم، چ. ڕەهەند، سلێمانی.

15. حەمە ساڵح فەرهادی (2011)، لەبارەی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، چاپی یەکەم، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.

16. حەمە سەعید حەسەن (1994)، یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەرهات؟، چاپی دووەم، چ. ئاپێک، ستۆکهۆلم.
17. حەمە کەریم عارف (2010)، خیانەتی حەڵاڵ، چاپی یەکەم، چ. سایە، کەرکووک.
18. خالد سندۆری، ئەحمەد عەبدوڵلا زەرۆ(2006)، گۆڤارا هێڤی، چاپی یەکەم، چ. حاجی هاشم، هەولێر.
19. داریوش ئاشووری (2013)، چەمک و پێناسەی فەرهەنگ (کولتوور)، و. ئیبراهیم حەسەن پور، چاپی یەکەم، چ. موکریانی، هەولێر.
20. ڕۆژان نوری عەبدوڵلا(2007 )، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم، چ. چوارچرا، سلێمانی.
21. ڕەزا کەریم مجاوەر(2014)، بنەماکانی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چ. موکریانی، هەولێر.
22. لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی (2010)، ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، چاپی دووەم، چ. حاجی هاشم، هەولێر.
23. ڕەفیق شوانی(2001)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.
24. سەلام ناوخۆش (2016)، زمانەوانی لە (پانینی)یەوە بۆ (چۆمسکی)، چاپی یەکەم، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.
25. ــــــــ و نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (2010)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)، چاپی دووەم، چ.ڕۆژهەڵات، هەولێر.
26. شێرزاد سەبری، عەبدولسلام نەجمەدین عەبدوڵلا (2011)، زمانڤانییا کارەکی، چاپی یەکەم، چ. خانی، دهۆک.
27. شەهاب شێخ تەیب تاهیر (2012)، بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، چ.کەمال، سلێمانی.
28. ــــــــ (2014)، دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چ.نارین، هەولێر
29. عبدلواحید مشیر دزەیی (2010)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی یەکەم، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.
30. ــــــــ (2015)، لێکۆلینەوە پراگماتیکییەکان، چاپی یەکەم، چ. ئاوێر، هەولێر.
31. عیرفان قانعی فەرد (2005)، محەمەدی قازی و پەیامی وەرگێڕ، و. ئیسماعیل زارعی، چاپی یەکەم، چ. پەروەردە، هەولێر.

32. عەبدولڕەحمان فەرهادی (2013)، یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر لە دامەزراندنیەوە تا ئیستا، چ. حاجی هاشم، هەولێر.
33. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوول (2015)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چ. هێڤی، هەولێر.
34. عەبدوڵلا زەنگەنە(2010)، سەرجەمی بەرهەمە رۆژنامەنووسییەکانی جەبار جەباری، چ.هێڤی، هەولێر.
35. فەرهاد پیربال(2002)، مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەکۆنەوە تا 1932، چاپی یەکەم، چ.پەروەردە، هەولێر.
36. فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا (2008)، بارودۆخی سیاسی کوردستان - عێراق، چاپی یەکەم، چ. منارە، هەولێر.
37. کامیل حەسەن بەسیر (2013)، بەراوردکارییەک لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، چاپی دووەم چ. هێڤی، هەولێر .
38. کریم زەند (1987)، زمانی کوردی و هونەری وەرگێڕان، چ. کامەران، سلێمانی.
39. کوردستان موکریانی(2001)، روناکی، یەکەین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر، چاپی یەکەم، چ.پەروەردە، هەولێر.
40. کۆرش سەفەوی (2005)، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، و. رەفعت فورادی، چ.خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.
41. کۆمەڵێک نووسەر (2005)، بنچینەکانی وەرگێڕان، و. قادر وریا، چاپی یەکەم، چ.سەردەم، سلێمانی.
42. محەمەد بابۆلی(2013)، رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، چ.حاجی هاشم، هەولێر
43. محەمەد باقی سەعید (2013)، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، چاپی یەکەم، چ.پەروەردە، هەولێر.
44. محەمەد مەعروف فەتاح(2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو- شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چ. ڕۆژهەلات، هەولێر.
45. ـــــــــــــــــــ، سەباح ڕەشید(2006) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
46. محەمەد وەسمان(2004)، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، هەولێر.
47. مستەفا نەریمان (1981)، ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە، چ.حورییە، بەغدا.

48. مەسعود بارزانی (2004)، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چ.پەروەردە، هەولێر.
49. مەغدید سەپان ( 2012)، ئەوانەی رۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ، چ.شەهید ئازاد هەورامی، کەرکووک
50. مەسعوود محەمەد(2011)، زاراوەسازیی پێوانە، چاپی دووەم، چ. ئاراس، هەولێر.
51. محەمەد مەحوی(2010)، وەرگێران و میتۆد، خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، چ. گەنج، سلێمانی.
52. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو ( 2013)، زمانی ستانداردی کوردی، چاپی یەکەم، چ. هێڤی، هەولێر.
53. ــــــــــــــ (2012)، رستەسازی، چاپی یەکەم، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.
54. ــــــــــــــ (2016)، ڕێنووس و خاڵبەندی، چاپی یەکەم، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.
55. ــــــــــــــ (2007)، بکەرنادیار، چاپی یەکەم، چ. شەهاب، هەولێر.
56. نەوشیروان مستەفا ئەمین ( 2002)، ژیان بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی 1926ـ 1938، چاپی یەکەم، چ. رەنج، سلێمانی.
57. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن (2007)، چەشە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسییەکان و ڕەنگدانەوەی لە ژین و ژیاندا، چ. شڤان، سلێمانی.
58. وریا عومەر ئەمین (2009)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دووەم، چ. ئاراس، هەولێر.
59. ــــــــــــــ(2011)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چ. ئاراس، هەولێر
60. وشیار حەمەد حاجی (1998)، مێژووی سەرهەڵدان و تێکۆشان (1962 ـ 1998)، چاپی یەکەم، چ. پەروەردە، هەولێر.
61. یوسف شەریف سەعید (2013)، وشەسازی، چ. حاجی هاشم، هەولێر.
62. کاکەمەم بۆتانی (2011)، وێستگە سەرەکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.
63. یۆئێل یوسف عزیز،سەلمان داوود ئەلواستی، عەبدول وەهاب ئەلنەجم (1984)،
64. وەرگێرانی ئەدەبی، وەرگێڕانی غازی فتاح وەیس، چ. زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**3. نامەی ماستەر**

65. بێخاڵ عبدالله سعید (1989)، وشەسازی وشە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

66. پەیمان حسن محمد سلیم (2010)، کاریگەری کەلتوور لەسەر زماندا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
67. پەیمان عەبدولکەریم سەعید(2013)، وەرگێرانا ڕاڤەکرنێ د گوتنێت مەزناندا، فاکەلتی زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا زاخۆ.
68. ڕەمزیە سابیر محەمەد(2002)، دیاردەی ڕۆژنامەگەریی ئەدەبیی کوردی لە عێراق 1970-1974، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی ئاداب.
69. حەیدر حاجی خدر(2010)، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان.
70. محەمەد کەریم ئەحمەد(2000)، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا 1961 ، 1991، زانکۆی سلێمانی، سکولی زمان.

**4 - گۆڤار و ڕۆژنامە**

71. ئەورەحمانی حاجی مارف(1974)، لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی، کۆری زانیاری کورد(گ)، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم،1974.
72. ابراهیم امین باڵدار (1989)، هونەری وەرگێران، رۆشنبیری نوێ (گ)، ژ121.
73. بەهات قەرەداغی (1998)،باروودۆخی هونەری وەرگێران بۆ کوردی،کاروان(گ)، ژ8.
74. احسان فوئاد( 1983)، خوێندن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا، ڕۆشنبیری نوێ(گ)، ژ96.
75. ئەردەڵان عەبدوڵلا(2013)، پەیڤێک لەبارەی وەرگێرانەوە، گەلاوێژی نوێ(گ)، ژ59.
76. تاهیر سادق ئەحمەد(1982)، ڕێنووسی کوردی، کۆری زانیاری عێراق(گ)، چاپخانەی کۆری زانیاری، بەغدا.
77. تۆفیق وەهبی (1973)، ئەسلی پیتە قالبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی، کۆڕی زانیاری کورد (گ)، بەرگی یەکەم، 1973.
78. جەلیل کاکە وەیس(2013)، وەرگێران داهێنانێکی دیکە، گەلاوێژی نوێ (گ)، ژ59.
79. جەواد مستەفا ستوپەیی (1999)، وەرگێران، کاروان(گ)، ژ132.
80. حوسێن عەلی وەلی (1999)، گرنگیی وەرگێران و ئاستەنگەکانی، ڕامان(گ)، ژ37.
81. ـــــــــــــ (1999)، ئاستەکانی زمان و وەرگێران،زانکۆی دهۆک(گ)،27.
82. حەمە کەریم عارف (2013)، پاچڤە و ڕاپەرینی کولتووری، گەلاوێژی نوێ(گ)،ژ59.
83. حەمەکەریم عارف(1997)، چاوپێکەوتن، ڕامان(گ)، ژ9.

84. ع. ع. شەونم( 1974)، چۆنیەتی وشەسازی لە زمانی کوردی دا، بەیان(گ)، ژ19.
85. کامیل بەسیر (1974)، زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد(گ)، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم.
86. ڕۆژنامەی هاوکاری(1971)،یەکەم بنەماڵەی هاوکاری، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ52.
87. ڕەزا شوان(2011)، چۆن یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (گزنگ)مان دەرکرد، گزنگ(گ)، ژ96.
88. رەئوف بێگەرد (2013)، وەرگێران، گەلاوێژی نوێ(گ)، ژ59.
89. عەبدولقادر محەمەد ئەمین (1973)، کورتە باسێکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لقی هەولێر، ڕۆشنبیر(گ)، ژ1.
90. مارف خەزنەدار (1999)، گرنگی وەرگێران و ئاستەنگەکانی، ڕامان(گ)، ژ37.
91. محەمەدی مەلا کەریم( 1998)، چاوپێکەوتن، گۆڤاری ڕامان، ژ25.
92. مستەفا سەعید عەلی (2015)، بەبێ وەرگێران جیهان مێژوویەکی نییە، رامان(گ)، ژ216.
93. مەسعود محەمەد (1971)،کۆری زانیاری کورد چۆن ئەم ناوەی وەرگرتووە، زانیاری(گ)، ژ4.
94. ناهیدە ڕەفیق حیلمی (1993)، بنەماکانی وەرگێران، ڕۆشنبیری نوێ(گ)، ژ3.
95. هیمداد عبدولقەهار محەمەد (2008)، زمانەوانی کارەکی، رامان(گ)، ژ128.
96. هەژار (1973)، کتێبمان چۆن چاک دەبێ، گۆڤاری پەروەردە و زانست(گ)، ژ6.
97. هەندێک لەو کۆمەڵە ڕۆشنبیری و ئەدەبییانەی کە لە سەدەی بیستەمدا دروست بوون(1999)، رۆژنامەی برایەتی(ئەدەب و هونەر)، ژ159.
98. وریا عزالدین علی و ئازاد حمە شریف (1989)، گیروگرفتی وەرگێران، ڕۆشنبیری نوێ(گ)، ژ124.
